# ئاوایی تۆپزاوە

لە تەمەنی سەد ساڵەیدا
٢٠٠٣ - ١٩٠٣



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ئاوایی تۆپزاوە

ل تەمەنی سەد ساڵەیدا

١٩٠٣ - ٢٠٠٣

ئامادەکردنی

**هەردەوێڵ کاکەیی**



ناوی کتێب: ئاوایی تۆپزاوە - لە تەمەنی سەد ساڵەیدا ١٩٠٣ - ٢٠٠٣
ئامادەکردنی: هەردەوێڵ کاکەیی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٦٧٦
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١١٦٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# پێشەکی

ژیانی ئاوایی و لادێیی بە شێوەیەکی گشتی گەلێ خۆش و بێ قۆرت و سادەیە، دانیشتوانی گوند هەر هەموویان وەکو خوشک و برا هەڵسوکەوت دەکەن و لە خۆشی و ناخۆشی یەکتردا هاوبەشن وەکو پێشینان وتوویانە: (شین و شایی بە دەستەوایی)، ژن و پیاو بەرەبەیان لە خەو هەڵدەستن و لە پاش نوێژو بەرچایی کردن هەر یەکە بەرەو کارو پیشەی خۆی رێ دەگرێتە بەر، ژن و پیاو کوڕو کچ شان بە شانی یەک هەمیشە خەریکی کاری کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەرە ماڵییەکانن، بۆ ئەوەی بە ئەرەقی نێو توێڵی خۆیان بژێو پەیدا بکەن و ژیانێ خۆش و بەختەوەرتر بۆ خۆیان و نەوەکانیان دابین و مسۆگەر بکەن، جێی سەر بەرزییە کورد بە تایبەتی گوند نشینەکان ئەو ژیانەیان بەلاوە خۆش و پەسەندە.

ئەگەر بێت و لە وەرزی بەهاردا بەتایبەتی لە دەوروبەری نەورۆز لە شارەوە بەرەو ئاواییەکی کوردنشینی بڕۆی ئیتر ئارەزوو ناکەی بەرەو شار بگەڕێیتەوە، ئەو دەشتە لە لایە بەسەوزە گیا و بەدژ و درەخت و گوڵی ڕەنگامە، لە هەلاڵە و میلاقە و بەیبوون و وەنەوشە و هێرۆ ڕازاوەتەوە، لە لایە قاسپە قاسپی کەو و خوڕڕەی چەم و تاڤگەیە، لە لایە گۆمە ئاوی پڕ لە قاز و مراوییە، لە لایە هەڵبەز هەڵبەزی مامزی ئێسک سووک و لە لایە قونە قونکی کەروێشکە، لە لایەکی تر دەنگی شمشاڵی شوانە وێڵەیە و لە لایە چپە چپی



ئەویندارانە، جار بەجاریش هەردوو گوێت پڕ لە ئاواز و هەوای کوردی دەبێ، لە قەتار و خاوخۆش و ئەڵلاوەیسی، یا: لاوک و حەیران، یا: یارغەزال و سیاچەمانە و سەوزە سەوزە و هۆرە.. هەر گەیشتیتە ئاوایی لە لایە جریوە جریوەی چۆلەکە و جووکە جووکی جووجەڵەیە و لە لایە گارەگاری باڕۆکە و مریشکە، لە لایەکیش کەڵەشێر دەقوولێنێ و لە لایەکیش قیرە قیڕی قاز و مراوییە، لەو لایەشەوە پۆل پۆل ژنانی باڵا بەرزی نازفرۆش بەپۆشاکی ئالاو والاوە، بەچاوی پڕ لە کل و بەگەردنی پڕ لە مێخەکبەند و ملوانکەی زیو و زێڕەوە بەلەنجەولار گۆزەیان ها بەسەر شانەوە و هێدی هێدی بەرەو کانی ژنان و جۆگە ئاوەکان بۆ ئاوهێنان دەڕۆن، لەو لایەشەوە ئاودێرە گورج و گۆڵەکان هەریەکە بێڵ یا: خاکەنازی خۆی ها بەسەر شانەوە و بەرەو کێڵگە و مەزارەکانیان دەچن، شوانەکان کۆلەباڵیان لەبەرە و مێگەلەکانیان بەرەو لەوەڕگا دەبەن، گاوانیش گاڕامی ها بەدەستەوە و وەحەوەحە لە گاگەلەکەی دەخوڕێ و بەرەو سەوزەگیا و مێرگیان دەبا، ژنانیش یەکێ شلپەی مەشکە و زرڕەی بازنگی زێڕ و زیوی مەچەکی دێ و بەدەم سۆزەی گۆرانییەوە دەیژەنێ، ژنێکیش خەریکی ڕاژەندنی بێشکەیە و بەلایە لایە جگەرگۆشەکەی دەخەوێنێ، ئافرەتێکیش قیت و قنج لێی دانیشتووە هەویر دەشێلێ، خانمێ چاپووکیش تەندوورەکەی لە ئاگردا هێڵەی دێ و بەهەزار ناز و عیشوە گونکە هەویر دەبڕێ و نان بەتەندوورەوە دەنێ هەمیشە کۆمەڵێ ساوەری لە پێشدایە و بەدەستاڕ دەیهاڕێ، خانمی وایش هەیە کۆمەڵێ خوری لە پێشدایە و تەشی دەڕێسێ، یا: تەونکارە و بەڕە و مافوور دەچنێ، ژنی وایشمان هەیە لفکە و فانیلە و پویزەوانە و کلێتە و کڵاو و گۆرەوی و شۆرتک و

بەرهەمی سوودمەندی دیکە ئامادە دەکات، هەمیشە سەرقاڵی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵە، یا سەماوەرێکی زەردی لێ دامداوە و قوتووە شەکرەکەشی ناوەتە سەر ڕان و چای بەهێلی شیرین بۆ هاوسەرەکەی و منداڵەکانی یا میوانەکانی تێدەکات.

شەوانیش بەدەم شەوچەرە خواردنەوە بەگێڕانەوەی حیکایەت و چیرۆکی بەر ئاگردان و پەند و قسەی نەستەق و مەتەڵ شەوگار دەبەنە سەر. خۆزگە ئەو گوندنشینانەی کە ڕژێمی بەعس ئاوارە و دەربەدەریان کردوون و ئاواییەکانیان کاول کردوون هەر هەموویان خۆیان و گوند و لادێکانیان سەرلەنوێ ئاوەدان دەکردەوە و بۆ هەتا هەتایی لێی نیشتەجێ دەبوون.

شایانی وتنە هەرچەندە کوردستان خۆی بە سروشت جوان و شیرینە، بە ئاوایی و گوند نشینەکانەوە زیاتر ئاوەدان و نەخشین و رازاوەتر دەبێت. هەر گوندێکیش لە هەرێمی کوردستاندا سەرگوزەشتەو مێژووی پرشنگداری تایبەتی خۆی هەیە، جا خۆزگە مێژووی هەر هەموویان بە وردی تۆمار دەکراو بڵاو دەکرایەوە. دەمانەوێ پێکەوە بەرەو ئەوپەڕی باشووری کوردستان شۆڕبینەوە و لە ئاوایی تۆپزاوەی کاکەیی لە دەڤەری گەرمیاندا وچانێ بدەین و بچینە خزمەتی دیدەساڵەکان و پیاو ماقووڵانی ئەم گوندەو گوێ شل کەین بۆ رازو نیازیان تا بزانین دەربارەی باری گوزەرانی خۆیان و مێژووی سەد ساڵەی گوندەکەیان چیمان بۆ دەگێڕنەوە.

**هەردەوێڵ کاکەیی**

## چۆن وە کەی تۆپزاوە بینا کراوە؟

* ئاوایی تۆپزاوە لە رووی ئیدارییەوە پایتەختی کاکەییە لە سەرتاسەری وڵاتی ئێراقدا، دەکەوێتە خۆرنشینی شارۆچکەی (داقوق)ەوە[١] بە (٩) کیلۆمەترە، لەسەر سێگۆشەیەک بینا کراوە، ئەم سێگۆشەیە دەکەوێتە سەر سنووری ئەم سێ گوندە: (لاسین[٢]، مەتیق[٣]، عەلیسەرا)[٤]، لە شوێن و جێگایەکی خۆشدایە، باکووری دێی لاسین و برێ گومەزی پیاو چاکان و گۆڕستانێکی دێرینە، باشووری دێی (عەلوەتپاشا)یە[٥] خۆرهەڵاتی دێی (مەتیق)ە، خۆرنشینی دێی عەلیسەرایە، باشووری خۆرهەڵاتی دێی (عەرەبکۆیی)یە[٦].



زووتر دانیشتوانی تۆپزاوە لە ئاواییی لاسین دادەنیشتن، بە رۆژ دەهاتنە شوێن و جێگای دێیەکەو لەسەر رۆخی جۆگای (عەلیسەرا) گڵکاری و بیناسازییان دەکرد، بە شەوانیش هەر هەموویان دەگەڕانەوە لاسین و کەس لەوێ نەدەمایەوە، جا شێخەکانی تاڵەبانی و[٧] ئاغاکانی مەتیق و عەلیسەرا نارازی بوون لەسەر سنوورەکانیان ئەم گوندە (تۆپزاوە) لەدایک بێ و بچێتە ریزی گوندەکانی دەڤەری گەرمیان و تێکڕای کوردستانەوە، بۆیە لەگەڵیاندا کەوتنە ململانێ و ئاژاوە گێڕان، بەڵام بۆیان نەچووە سەر، ئینجا بیریان لە رووخاندنی کردەوە، بە شەوان بە نهێنی لە ژێر پەردەی تاریکیدا چەندین جار پیاویان دەنارد دیوارەکانیان دەڕووخاندو خشتە کاڵەکانیشیان دەشکاند، سەیید خەلیل ئاغا و[٨] دانیشتوانی سوور بوون لەسەر بیناکردنی بۆیە ناچار بوون بە شەوان چەند چەکدارێک لەوێ بهێڵنەوە بۆ ئەوەی بیناکانیان لە فەوتان بپارێزن، تا لە پاییزی ساڵی (١٩٠٣ی ز.)دا بە سەرۆکایەتی سەیید خەلیل ئاغا کۆتایی بە بینا کردنی (تۆپزاوە) هات و لە پاش هەڵگرتنی خەلەو خەرمان لە مانگی تشرینی یەکەمدا گوێزایانەوە نێوی.

## ناوی تۆپزاوە لە چییەوە هاتووە؟

پێکهاتەی ناوەکەی لە دوو وشە پێک هاتووە (تۆپز + ئاوا = تۆپزئاوا)، (تۆپزاوە)ش کورتکراوەی تۆپز ئاوایە، تۆپز: کوتەکی سەر بە بزمار، یا: سەر بە قیر دەگەیەنێ، واتە: بە زۆرە ملێی و بە هێزو زەبری کوتەک دامەزراوە، بۆیە ئەم ناوە کوردییە جوانەیان بۆ هەڵبژاردووە کە پڕ بە پێستییەتی، لە بەرهەمی شاعیران و هەڵبەستی فۆلکلۆریدا ناوی

بە (تۆپزئاوا) و (تۆپزاوا) و (تۆپزاوە) هاتووە کە هەر هەموویان هەمان مەبەست دەبەخشن.

* شێخ رەزای تاڵەبانی (١٨٣٥ – ١٩١٠ ی ز.)، لە پاش ململانێی نێوان کاکەیی و تاڵەبانی کە لە ساڵی ١٩٠٢ ی ز. رووی داوە، لە رێگای خەلیل منەووەری کاکەییەوە لە شیعرێکدا ناوی دێی (تۆپزاوە)و (لاسین)ی هێناوەو دەڵێ:

خۆ جەنگی مەیدان ئاواییی (لاسین)
لە یادمان ناچێ گشت دەست بە فاسین[٩]

تا دەڵێ:

گوندی سەی خەلیل تۆپزاوەی ناوە
خشتی ناهێڵین دەیکەین کەلاوە

* خەلیل منەووەری کاکەیی (١٨٧٨ – ١٩٢٣ ی ز.) لە سەرەتای سەدەی رابردوودا نزیکەی دوو ساڵێک لە دێی تۆپزاوە دانیشتووەو لە بەرهەمەکانیدا بە (تۆپزئاوا) ناوی هێناوەو دەڵێ:

ئێستا خەریکم چە (تۆپزئاوا)
سەرسامم چە بەین (سەیید) و[١٠] (باوا)[١١]

ئینجا دەڵێ:

چە بەین حزوور سەییدو باوا
ئیستینطاق ئەوین لە تۆپزئاوا[١٢]

لە شیعرێکی تردا دەڵێ:

خەلیل نی مەنزل ئانە کۆچش کەرد
پەی (تۆپز – ئاوا) بوخچەو پێخەف بەرد[١٣]



* شاعیر مەلا عەباس حیلمی کاکەیی (١٨٨٢ – ١٩٦٦ ی ز.) کە یەکێک بووە لە دانیشتوانی ئەم گوندە، لە بەرهەمەکانیدا زیاتر لە جارێک ناوی هێناوە لەوانە:

ساکن و سکووت هام لە ئی ماوا
یەعنی مەعرووفەن قەریەی (تۆپزاوا)

یان:

بەندەی بێ سەروەت نی مۆڵک (تۆپزاوە)
خەریک و خەرکاو ماوم لەم ناوە

تا دەڵێ:

قەریەی (تۆپزاوە) تەمامی یەکسەر
سەلامشان هەنەن کیبارو ئەسغەر[١٤]

* لە شیعری فۆلکلۆریدا گۆینده وتوویەتی:

(جینگڵاوە)[١٥] کاول کچ بۆرە بۆرە
(تۆپزاوە) خۆش بێ چاو رەشی زۆرە

***

یان:

رۆخانە هاتووە وە بەرزی دیوار
(تۆپزاوە) خۆش بێ جێگەی کڵاو لار

***

خۆ من نەمزانی (تۆپزاوە) شارە
قایمقام نشین جێی مشکی لارە

***

کــوت کــوتکم بکەن بمدەن بە ئـاوا
(تۆپزاوە) خـۆشــە خـۆم دێم بەدواوا[١٦]

***

(تۆپزاوە) خـــۆشـــە خـــاکی دڵگیـــرە
هەرکە لێی دەرچێ حەوت ساڵ یەخسیرە[١٧]

## ئەو خێزانانەی کە لە دامەزراندنی ئاواییەکەدا بەشدار بوون:

ئەمەش ناوی چەپکێ لەو کەسانەیە کە لە دامەزراندنی (تۆپزاوە)دا بەشدار بوونە و بۆ یەکەم جار لێی نیشتەجێ بوونە:

سەیید خەلیل محەمەد ئاغا – سەرەک هۆز، شاعیر مەلا سەیید عەباس حیلمی، یادگار مستەفا نەزەر خۆی و کوڕەکانی (رەمەزان، رۆستەم، رەشید، فارس)، جەژنی حوسێن کەرەم، نۆفڵ ئیسماعیل خدر، حوسێن حەسەن عەبدەلی – بە حوسک چاوەش ناسراوە، سەیید محەمەد فەتال، سەیید عەلی سەیید رەزا، زەینەڵ مەحموود سلێمان، ئەحمەد قۆچاغلی، فەرەج دەروێش موراد، ئەڵماس مام قەیسەر، بەرغەش وەلی دەندەل، مەلا حەیدەر، سەیید محەمەد کەتە، خدرو بەخشی و رەزا عەزیز فەیسەڵ، وەلی عەلی عەبدەلی، حەیدەر چۆلی).. هتد.

## بنەماڵەکانی ئاوایی:

دانیشتوانی ئاوایی لە چوار تیرەی رەسەنی کاکەیی پێکهاتوون کە ئەمانەن: (سەیید، باوە، مام[١٨]، ئۆمی[١٩])، سەییدو باوەو مام و بەشێ لە ئۆمییەکان بە دیالیکتی ماچۆ (گۆران) ئاخافتن دەکەن،



هەڵسوکەوت و ژیانیان بەرێکوپێکی دەسووڕێ و یەکتریان خۆش دەوێ، لە خۆشی و ناخۆشی، لە شایی و پرسەی یەکتردا بە شێوەیەکی هەرەوەزی بەشداری دەکەن، هەر یەکە پیاوەتی و چاکەی خۆی بەجێ دێنێ، هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمان پەروەرییان بە هێزە، حەزیان لە چاکەو پیاوەتی و میوانداریيە، دژ بە خراپەو شەڕو ئاژاوەن.

* دانیشتوانی ئاوایی کاکەیین و (١٥٠) خێزانێ دەبن، بە کاری کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەرەوە خەریکن و گوزەران دەکەن، خاکێ بە پیت و بەرەکەتی هەیە، هەر هەمووشی بەراوە، زووتر لە رێگای (جۆگابەرز)و (سەیلاو)ەوە لە چەمی رۆخانەوە ئاویان بۆ دەهات و کێڵگەو مەزراکانیان پێ ئاو دەدان، جۆگەی (عەلیسەرا)ش بە تەنشتیا بەلای باکووریەوە تێدەپەڕی و خەڵکی ئاوایی بۆ ئاو خواردنەوەو قاپ و قاچاخ و شمەک شۆشتن سوودیان لێ دەبینی، ئێستا ئەم سێ جۆگایە کوێر بوونەتەوە، تەنیا شوێنەوارەکانیان ماوەتەوە. لە ساڵانی هەشتای سەدەی پێشوو پرۆژەی ئاویان پێ گەیاندووەو دەغڵ و دانیان پێ ئاو دەدەن، بە زستانان گەنم و جۆو نیسک و پاقلەو توورو سلق و پیازو شێلم دەچێنن، بە هاوینانیش شووتی و کاڵەک و تەماتەو بامیەو باینجان و کوولەکەو بیبەرو خەیارو ترۆزی و گەنمە شامی و کونجی دەروێنن، لەبیرم دێ زووتر تا سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو مەرەزەشیان دەکرد، بەڵام لە پاشاندا لەبەر بێ ئاوی بۆ یەکجاری دەستیان لێ کێشایەوە، وەکو ئاماژەمان بۆ کرد لە تەک کشتوکاڵیدا ئاژەڵ و پەلەوەریش بەخێو دەکەن لەوانە:

ئاژەڵەکان: مەڕ، بزن، مانگا، ئەسپ، ماین، هێستر، بارگیر،

گوێدرێژ، ئێستا لەم ڕۆژگارەدا بەخێوکردنی ئەسپ و ماین و هێسترو بارگیر کەم بووەتەوە.

پەلەوەرەکان: قەل، قاز، سۆنە، جووجەڵەو مریشک، کۆتر..

**خانووەکانیان:**

تا ئەمڕۆ بە خشتی کاڵ و قوڕ بە یەک نهۆمی ئامادە کراوە، سەربانەکانیان بە دارو قامیش و پووش و قوڕ گرتووە، بەشێکیشیان لەجیاتی قامیش حەسیریان بۆ داناوە، زووتر لەبەر مارو مۆری رووەکی (مارگیر)یان لە جیاتی قامیشەکە بەکار دەهێنا، هەندێ ماڵ لەسەر خانووەکانیان دووبانیان دروست کردووە، ئەم دووبانییە ژوورێکی بچووکە هەر هەندەی کەپرێک دەبێ، لەم ئاخرو ئۆخرەدا هەندێ کاری بلۆک و چیمەنتۆ لە بیناکانیاندا بەرچاو دەکەوێت.

**فەتاح ئاغا و[٢٠] چالاکییەکانی لە بواری نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی و بیناسازیدا:**

**دیوەخان و کۆشک و تەلار:**

لە ساڵی (١٩٤٣ ی ز.)دا فەتاح ئاغای کوڕی سەیید خەلیل ئاغای کاکەیی دیوەخانێک و کۆشکێکی جوانی بۆ خۆی و میوانەکانی بە بەردی سپی و گەچ دروست کردووە، لەگەڵ باخچەیەکی جوانکیلەدا کە هەموو چەشنە گوڵ و درەختێکی تێدا چاندرابوو، برێ ئاسک و کەڵە کێویشی تێدا بەرەڵڵا کردبوو، هەروەها حەوز و فوارەو چەند پەیکەرێ شێریشی تێدا بوو، عیسا مەهدی مەندەلاوی باخەوانی بوو، سەد حەیف و مخابن ئەو باخچە رەنگینە تەنیا ئاسەوارەکەی ماوەتەوەو ئەو کۆشک و دیوەخانەش بێ ناز بە چۆڵ و هۆڵی ماونەتەوە.



**قوتابخانە:**

لە ساڵی (١٩٤٤ ی ز.)دا – ڕەزامەندی وەزارەتی پەروەردەی ئەو سەردەمە وەرگیراوە بۆ بیناکردنی قوتابخانەیەکی سەرەتایی بۆ کوڕان لە گوندەکەدا بە ناوی (تۆپزاوە)وە، جا فەتاح ئاغا مەردانە دیوەخانەکەی خۆی بۆ قوتابیان تەرخان کردووە تیایدا بخوێنن تا قوتابخانەکە بینا دەکرێ، لە ساڵی (١٩٤٨ ی ز.) قوتابخانەکە بە قوڕو خشتی کاڵ لەسەر ئەرکی فەتاح ئاغا بیناکراو ئامادە بوو بۆ وەرگرتنی قوتابیان و گوێزیانەوە ناوی. یەکەم مامۆستای ئەم قوتابخانەیە (عەزیز محەمەد)ەو دووەمیشیان (عەلی خورشید)ەو سێیەمشیان (سدیق محەمەد چیتە) بووە، یەکەم فەڕاشیشی (عەلی جووجە) بووە، لە پاش ئەمیش (عەلی حەیدەر)و (عیسا مەهدی مەندەلاوی) دامەزران، لە شەستەکانی سەدەی رابردوویش (مەحموی کاکەی قۆچاغلی) بوو بە پاسەوانی و بە شەوان لەوێ دەخەوت.

لە ڕۆژی ١٩٩٧/٣/٢٢ ی ز. بەعسییە خەیاڵ خاوەکان ناوی ئاواییەکە و قوتابخانەکەیان گۆڕی بە (ئیمام سادق) کە ئەم زاتە (خ. ل) لە ژیانیدا بە ڕێبواریش ڕێی نەکەوتۆتە ئەم ئاواییە و تێکڕای دەڤەرەکە، ئەمە تەنیا بۆ تەعریبکردنی گوندەکە بووە، چونکە بە دەیان خێزانی عەرەبی هاوردەیان لەوێ نیشتەجێ کردبوو، شایانی باسە لە پاش ئازاد بوونی کەرکوک لە ٢٠٠٣/٤/١٠ ی ز. دا مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەکە زۆر بە شانازییەوە ناوە رەسەنەکەی خۆیان بۆ گێڕایەوە.

ئەمەش ناوی برێ لەو قوتابیانەیە کەوا لە پایزی ساڵی (١٩٤٤ی

ز.)دا بۆ یەکەم جار لەم قوتابخانەیە ناونووس کران و لە پۆلی یەکی سەرەتاییدا دەستیان بە وانە وەرگرتن و خوێندن کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ نووسین و خوێندنەوە و زانیاریدا ئاشنا بن: (کەریم سەیید خەلیل ئاغا، حەسامەدین سەیید عەلی ئاغا، سەیید عەدنان فەتاح ئاغا، خاتوو حەسیبە فەتاح ئاغا، ئیبراهیم سەیید مستەفا ئاغا، نەجات سەیید نەجمەدین ئاغا، نازم سەیید نەجمەدین ئاغا، باوە محەمەد باوە تۆفیق، کامیل حوسێن، تالیب حوسێن، باوە هادی بارانی، فەتحوڵڵا غەیبوڵڵا سەلیم، حەمەخان زەینەڵ، حاتەم سەعید، داود ئەمین نەجار، سلێمان سەمین نەجار، وادی ئەمین جۆڵا، خەزعەل رەشید یادگار، مەدحەت مام عەبدوڵڵا، لەتیف مام مەدحەت و حەمیدی برای، یووسف رەشید یادگار، حەمید حەسنۆکی) و چەند قوتابییەکی تریش.

لە ساڵی (١٩٦٠ ی ز.)دا – میری قوتابخانەیەکی نوێی بە بەردو گەچ دروست کرد و ئەوی تر فەرامۆش کرا و خێزانێکی کاکەیی لێی نیشتەجێ بووە.

## قوتابخانەی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری:

فەتاح ئاغا زۆر خوازیار بوو گەورەو بچووکی کاکەیی لە دەردی نەخوێندەواری رزگاری ببێ، بۆیە هەمیشە دەیوت ئاخۆ دەبێ رۆژێ لە رۆژان پزیشک و مامۆستاو ئەفسەرو ئەندازیارو بەڕێوەبەری کاکەیی بە چاوی خۆم لە گوندەکەمدا ببینم؟

بۆیە لە ساڵی (١٩٤٥ ی ز.)دا فەرمانی دا لە هەمان قوتابخانەی تۆپزاوەدا مامۆستاکانی قوتابخانەکەی رازی کردبوو لەسەر ئەرکی





ئەو بە شەوان فێری مێرد منداڵ و لاو و پیاوە نەخوێندەوارەکان بکەن و بە دەیان کەسیان لە چنگی نەخوێندەواری رزگار کردووە.

## بنکەی تەندروستی:

لە ساڵی (١٩٤٤ ی ز.)دا فەتاح ئاغا لەسەر ئەرکی خۆی بە قوڕو خشتی کاڵ خانوویەکی خنجیلانەی بینا کرد و بۆ بنکەی تەندروستی تۆپزاوە تەرخانی کرد، برینپێچ (عەباس ئەفەنی) یەکەم برینپێچ بوو لەم بنکەیەدا دامەزرا، ئەم زاتە خۆم بینیبووم خەڵکی کەرکووک بوو، لە بواری تەندروستیدا زۆر زیرەک و وریاو شارەزا بوو، بە دڵ و بە گیان خزمەتی دەکرد، خەڵکی گوندەکەو گوندەکانی تری دەوروبەر فرە لێی رازی بوون، بە هەقیقەت کابرایەکی بە وەفاو دڵسۆز بوو، لە ساڵی (١٩٦٠ ی ز.)دا میری بە بەردو گەچ نوێی کردەوە، لە ساڵی (١٩٨٥ ی ز.) دا کە ئەو سەردەمە برینپێچەکەی کاک فاتیح جاسم کاکەیی بوو، هەر لەبەر ئەوەی دانیشتوانی ئاواییەکە و دەوروبەری کوردن بۆیە رژێمی گۆڕ بەگۆڕی گێرە شێوێن دایخست، لە پاش پرۆسەی ئازادی خۆشبەختانە هەمیسان کەوتەوە گەڕ.

## بیری ئاو:

لە ساڵی ١٩٤٨ ی ز. فەتاح ئاغا بیری ئاوی خواردنەوەی لە تۆپزاوە دروست کرد، ئامێرەکەی بە نەوتی رەش کاری دەکرد، وەستا ئەکبەر شەریف کە خەڵکی داقووق بوو سەرپەرشتی دەکردو دەیخستە گەڕ، فەتاح ئاغا ئاوی بۆ ماڵی خۆی و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و ماڵی مامۆستاکان و برینپێچەکە دابین کردبوو تا سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە کاردا بوو، لە پاشاندا بەرە بەرە

ئاوەکەی کەم بووەوە و پەکی کەوت.

له ساڵی (١٩٨١ ی ز.)دا – میری بیره ئاوێکی دی له ئاوابییەکەدا دامەزراندو جێگای ئەوی گرتەوە، ئافرەتان به جەڕەو گۆزەو تەنەکە بەسەرشان ئاویان بۆ خواردنەوە لێ دەبرد. بیره کۆنەکە تەنیا ئاسەوارەکەی ماوە. له ١٤/٥/١٩٨٣ ی ز. بۆ یەکەم جار له لایەن ئاوەڕۆوە بۆری ئاو بۆ هەر هەموو ماڵەکان راکێشراوە، ئافرەتانیش له ئاوکێشان رزگاریان بوو.

## خانووی برینپێچ و مامۆستاکان:

شایانی وتنه له ساڵی ١٩٤٤ ی ز. – دا فەتاح ئاغا (٦) خانووی یەک نهۆمی به قوڕو خشتی کاڵ له تۆپزاوەدا بۆ برینپێچەکە و مامۆستاکان بینا کردووە (٤) یان بۆ خێزاندارەکان، یەکێکیان بۆ سەڵتەکان (زوگرتوو)، ئەوی تریشیان بۆ خێزانی برینپێچەکە، بەشێ لەو خانووانە تا ئەمڕۆ ماون، بەڵام هی برینپێچەکە کە بەرامبەری ماڵی فەتاح ئاغا بوو تەنیا ئاسەوارەکەی ماوەتەوە.

## مزگەوت:

له ساڵی ١٩٤٨ی ز. فەتاح ئاغا مزگەوتێکی له گوندەکەدا لەسەر ئەرکی خۆی له قوڕو خشتی کاڵ دروست کردووە، نێوی بەگەچ سپی کردووەوە، مەلا ئەحمەد مەلا حامید به بانگدەر تیایدا دامەزراوە و بەرنوێژی بۆ موسڵمانان کردووە، بەڵام له پاش خۆی بەرە بەرە وێران بوو، ئێستا تەنیا ئاسەوارەکەی ماوە.



## دەزگای ئاش:

له ساڵی ١٩٠٣ ی ز. سەیید خەلیل ئاغای کاکەیی دەزگایەکی ئاسیاوی له (تەپە ئاسیاو)دا دامەزراندووە، ئەم ئاسیاوە (ئاش) تا ساڵی ١٩٣٥ کاری کردووە، ئاشەوانەکەشی (حەمە مەردان) ناوێک بووە، ئەوەتا خەلیل منەووەر له شیعرێکدا هەجووی دەکاو دەڵێ:

(سلام علیک) ئەی (حەمە مەردان)
کەیوانۆت بمرێ ببای سەرگەردان
داخل بای وە جەمع هەناسە سەردان
ئاورائیت وە نام ئایلم وەردان

ئنجا دەڵێ:

شەرت بۆ من یانەت بگێری وە نیل
داد بەرۆن وە لای (ئاغا سەی خەلیل)

تا دەڵێ:

چونکە تۆ مانع رزق (خەلیل)ی
ئاشەوان باش هەم ماڵ وەکیلی

ئێستاش ئاسەواری ئەو ئاشە لەوێدا ماوە، له ساڵی ١٩٣٥ ی ز. فەتاح ئاغای کوڕی سەیید خەلیل لەسەر ئەرکی خۆی دەزگایەکی ئاشی زۆر رێکوپێکی له ناو گوندەکەدا بەرامبەر به ماڵی خۆیان ئامادە کردووە، خەڵکی گوندو کەسانی تریش بۆ بارە ئاش هاڕین سوودیان لێ بینیوە، یەکەم ئاشەوانی وەستا عەبدوڵڵای هندی بووە، له دوای ئەم وەستا ئەکبەر شەریف جێگای گرتۆتەوە، ئەم دەزگایە تا

سالّی (١٩٧٥ ی ز.)دا لە گەڕدا بوو، لە پاشاندا پەکی کەوت و هەنووکە تەنیا ئاسەوارەکەی ماوەتەوە.

### تەلەفۆن:

لە ساڵی ١٩٤٩ ی ز. فەتاح ئاغا بۆ یەکەم جار تەلەفۆنی بۆ ماڵی خۆی و دیوەخانەکەی راکێشاوە.

### کارەبا:

* لە چلەکانی سەدەی رابردوو فەتاح ئاغا ئامێری (موەلیدە)ی کڕی و کارەبای بۆ ماڵ و دیوەخان و خێزانی مامۆستایان و برینپێچەکە دابین کردووە.
* لە ساڵی ١٩٦٧ ی ز. میری ئەو سەردەمە بۆ یەکەم جار کارەبای بۆ سەرجەم دانیشتوانی ئاواییەکە راکێشاوە.

### یەخچاڵ (سەلاجە)

لە چلەکانی سەدەی رابردوو فەتاح ئاغا بۆ یەکەم جار یەخچاڵی کڕی، بە نەوتی سپی کاری دەکرد.

### ئۆتۆمبیل:

لە ساڵی ١٩٣٥ ی ز. بۆ یەکەم جار فەتاح ئاغا لە گوندەکەدا بوو بە خاوەنی ئۆتۆمبیل.



### رادیۆ:

لە ساڵی ١٩٤٠ فەتاح ئاغا بۆ یەکەم جار ئامێری رادیۆی هێنایە ئاوایی.

### ئامێری جووتکردن (تراکتۆر)

لە ساڵی ١٩٣٩ ی ز. بۆ یەکەم جار فەتاح ئاغای کاکەیی ئامێری جووتکردنی کڕی و جووتیان پێکرد.

### تەلەڤزیۆن

لە ساڵی ١٩٦٧ ی ز. عەدنان ئاغای کوڕی فەتاح ئاغا بوو بە خاوەنی تەلەڤزیۆن، لە پاش ئەم خەلیف مام مەدحەت لە هەمان ساڵدا تەلەڤزیۆنی کڕی.

### گۆڕستانی دانیشتوانی تۆپزاوە:

خەڵکی ئاوایی تۆپزاوەو سەرجەم کاکەییەکانی شاری کەرکووک و قەزای داقووق و گوندەکانی دەوروبەری مردووەکانیان لە گۆڕستانی (حەواشەکان[٢١]) بە خاک دەسپێرن بەڵام زۆربەی زۆری ئاغاکان مردووەکانیان لە گۆڕستانی (ئیمام ئەحمەد[٢٢])ی باپیرە گەورەیان سپاردەی گڵ دەکەن، چەند خێزانێکیش لە بەرەی جەژنی مردووەکانیان دەبەنە گۆڕستانی (شێخ ئیبراهیم[٢٣]).

**رۆشنبیرو ناوداران و پیاو ماقووڵانی کۆنی تۆپزاوە:**

شایەنی وتنە هەندێ ناودار لەم گوندە هەڵکەوتووەو هەر یەکە لەوانە بە پێی توانا خزمەتی ئەدەب و کولتوورو ئاین و دانیشتوانی ئاوایی و میللەتەکەیان کردووەو چارەیان بۆ کێشەی ئەم و ئەو دۆزیوەتەوە ئەمەش بەشێکە لەوانە:

* شاعیرمان میرزا خەلیل منەووەری کاکەیی، لە ساڵی (١٨٧٨ ی ز.) لە شاری کەرکووک لە گەڕەکی چای لەدایک و باوکێکی کورد هاتۆتە جیهان. بە پێی نەریتی ئەو رۆژگارە لە شاری کەرکووک لە لای مەلا لە حوجرەدا خوێندوویەتی، پیاوێکی بە ئەمەک و هەق بێژو دۆست و یاوەری بێ نەوا و کەنارگیران، دژی زۆردار و چەوسێنەر بووە، شاعیرێکی بە تواناو زانا بووە، جگە لە شیعر ئارەزووی لە ئاواز و مۆسیقاش بووە، لە ئامێری تەمیرە ژەنیندا دەستێکی باڵای هەبووە، لە دیوەخانەکانی دەڤەری گەرمیاندا بە زۆری شیعرو شانامەی کوردی بۆ دانیشتوان خوێندۆتەوە و تەمیرەشی ژەندووە، بۆ ماوەی دوو ساڵێک لە ئاوایی تۆپزاوە دانیشتووە، خاوەنی دیوانە شیعرێکی کوردییە، بەرهەمەکانی لە ساڵی ٢٠٠٦ ی ز. لە لایەن نووسەری ئەم بابەتەوە بە قەوارەی (٥٨٣) لاپەڕەی گەورە بڵاو کراوەتەوە، بەڕێز مامۆستا فەلەکەدین کاکەییش پێشەکی بۆ نووسیوە.

شاعیرمان لە ساڵی (١٩٢٣ ی ز.) لە شارۆچکەی خانەقین لە تەمەنی (٤٥) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی پاشا کۆپری بە خاکیان سپاردووە.

* شاعیر مەلا سەیید عەباس حیلمی، ئەم زاتە جگە لەوەی شاعیر بووە، زانایەکی ئاین پەروەری کاکەیی بووە یەکێکە لە قوتابیانی میرزا خەلیل منەووەر، مرۆڤێکی بە ئارام و لەسەرخۆ بووە، یاوەری هەژارو لێقەوماوان بووە، رابەر و مامۆستای دەیەها فەقێ و دەروێش بووە، پیاوێکی وەجاخزادەو خاوەن تەکیە بووە، سمێڵ و ریش و پرچی درێژ بووە. لە ساڵی (١٨٨٢ ی ز.) لە شارەکەی باوە گوڕگوڕ (کەرکووک) لە دایک بووە، لە پاشاندا چوونەتە تۆپزاوەو لەوێ نیشتەجێ بوونە. لە ساڵی (١٩٦٦ ی ز.) فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە و لە گۆڕستانی (حەواشەکان) بە خاک سپێردراوە، کۆمەڵێ لە بەرهەمەکانی لە ساڵی (١٩٨٤ ی ز.)دا – لە لایەن نووسەری ئەم بابەتەوە بە قەوارەی (٤٥٩) لاپەڕەی گەورە لە چاپدراوەو بڵاو کراوەتەوە.

* سەیید سابیر حموود عەلی (١٩٠٧ – ١٩٨٨ ی ز.)، ئەم زاتە پیاوێکی لە خوا ترس و راستگۆ و چاو تێر بووە، هەمیشە حەزی لە ئاشتی و دۆستایەتی و چاکە بووە، مرۆڤێکی دڵ پاک و دەروون گەورەو بە ئارام بووە، یەکێکە لە قوتابیانی شاعیر مەلا عەباس حیلمی کاکەیی، خاوەنی ریش و سمێڵ و پرچێ درێژ بووە، یەکێک بووە لە زانا ئاینییە ناسراوەکانی ئەو رۆژگارەی کاکەیی، نەتەوەو وڵاتەکەی خۆش ویستووە زۆربەی رۆژەکانی هەر چوار وەرزەکانی ساڵ بە رۆژوو بووە، کاکەییەکان بە گەورەو بچووکەوە ژن و پیاو لە سەرتاسەری ئێراقدا خۆشیان دەویست و رێزیان لێ دەگرت و گوێ بیستی ئامۆژگارییەکانی دەبوون، لە ساڵی ١٩٧١ ی ز. دیدەنی باوکی رۆحیمان بارزانی نەمری کردووە، ئەویش بەو پەڕی رێزەوە پێشوازی لێ کردووە.

سەیید سابیر ڕێزی لە شاعیران و ڕۆشنبیران دەگرت و جێی شانازی ئەو بوون، لە بیرمە لە سەرەتای هەفتاکان ڕۆژ ژمێرێکی کوردی دەرچووبوو وێنەی زۆربەی شاعیرانی تێدا بوو، زۆر جار لە ناو دانیشتواندا لە گیرفانی دەری دەهێناو پیشانی ئامادە بووانی دەدا و دەیوت بڕوانن ئێمەی کورد لە بواری ڕۆشنبیرو شاعیراندا چەند دەوڵەمەندین، ئەمە وێنەی پیرە مێرد و ئەوەش قانیع و ئەویشیان گۆران... هتد. لە ساڵی ١٩٨٨ ی ز. لە تەمەنی (٨١) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (حەواشەکان) سپاردەی گڵ کراوە. سێ کوڕی لە پاش بەجێ ماوە: (فەلەکەدین، فەرزی، جەوزی).

* سەیید حەسەن سەیید عەلی ڕەزا (١٩٨٨ – ١٩٦٨ ی ز.)، بە هەقیقەت پیاوێکی پیاوانەو قسەزان و چاو تێرو میوان دۆست بووە، بە سەیید حەسەن مەرجان ناسراوە، دەمسپی و کوێخای ئاواییی تۆپزاوە بووە، لە چارەسەر کردنی هەر کێشە و بەرەیەکی هۆزەکەی ئامادە بووە بە تایبەتی بۆ دانیشتوانی تۆپزاوە، هەمیشە ئامۆژگاری دانیشتوانی ئاوایی دەکرد بۆ ئەوەی پشتی یەک بگرن و دەستی یارمەتی و بەزەیی بۆ یەکتر درێژ بکەن و لە خراپەو ڕەوشتی نالەبار بە دوور بن و نەتەوەو نیشتیمانیان خۆش بوێت. لە ساڵی ١٩٦٨ ی ز. لە تەمەنی (٨٠) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی حەواشەکان بە خاکیان سپاردووە. لە پاش خۆی چەند کوڕێکی لە پاش بەجێ ماوە: (گەنجۆ، فەتحوڵڵا، عەلی).

* مەقامبێژ مەلا حوسێن مەلا غولام (١٨٤٥ – ١٩٢٢ ی ز.) ئەم زاتە هونەرمەندێکی بەناوبانگی سەردەمی خۆیەتی، لە ئامێری



تەمیرەشدا ژەنیارێکی بلیمەت بووە، مەقامەکانی (ئەڵڵاوەیسی، قەتار، خاوکەر، خورشیدی، ئایئایی) زۆر بە چاکی ئەدا کردووە، دەنگێ زۆر خۆش و لەباری هەبووە، لەگەڵ هونەرمەند خدر بارامی چاوەشدا (١٨٧٥ – ١٩٢٩ ی ز.) دۆستایەتی هەبووەو پێکیشەوە لە دیوەخانە کوردەوارییەکانی دەڤەری گەرمیان مەقامیان خوێندووە، دەگێڕنەوە هەر کامیان مەقامی بچڕیایە ئەوی تریان تەمیرەی بۆ دەژەنی. بەڵام مخابن ئەم دوو کەڵە هونەرمەندە تا ئەمڕۆ شتیان لەسەر نەنووسراوە و ناویشیان لە لاپەڕەی مێژووی ناودارانی نەتەوەکەماندا نادیارن. مەلا حوسێن بە زۆری لە دیوەخانە کوردەوارییەکاندا بەدەم تەمیرە ژەنینەوە مەقامی خوێندووە، بە دەنگە خۆشەکەی دڵ و دەروونی ئامادەبووانی هێناوەتە جۆش و خرۆش. لە ساڵی ١٩٢٢ ی ز. لە تەمەنی (٧٧) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی حەواشەکان بە خاکیان سپاردووە، دوو کوڕی لە پاش بەجێماوە خورشید و عەبدوڵڵا (مام عەبی)، ئەم دوو زاتەش لە باوکیانەوە لە مەقامەکان ئاشناییان پەیدا کردووە و دەنگیشیان خۆش بووە، مام شەوکەتی کوڕەزایشی (١٩٣٦ ی ز. –) دەنگی خۆشە و لە بواری مەقامدا مامۆستایە، ئێستا لە کەرکووک دادەنیشێ.

* فەقێ سەیید حەمە حەیدەر (١٨٨٦ – ١٩٦١ ی ز.) ئەم زاتە نەوەی باوە یادگاری مەزنە، یەکێکە لە قوتابییەکانی مەلا سەیید عەباس حیلمی نەمر، مرۆڤێکی ڕۆشنبیرو ئەدەب دۆست بووە، ئارەزووی لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی ئەو سەردەمە بووە، بە تایبەتی ژین و هەتاو، پیاوێکی بە ئاین و هەق وێژو نەترس بووە، لە

ماڵەوە کتێبخانەیەکی تایبەتی هەبووە، بە زۆری ئارەزووی لە خوێندنەوەی شیعرەکانی سەعدی و حافزی شیرازی و مەولەوی بووە، بە یەکێ لە زانا ئاینییەکانی ئەو رۆژگارەی کاکەیی دەژمێردرێت. بەداخەوە لە ساڵی ١٩٦٣ ی ز. سەیید ئەڵماسی کوڕی هەموو کتێبخانەکەی لە ترس بەعسییەکان لە ژێر گڵ شاردۆتەوە و بۆ یەکجاری فەوتاوە. لە ساڵی ١٩٦١ ی ز. لە تەمەنی (٧٥) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووەو لە گۆرستانی حەواشەکان بەخاک سپێرراوە.

* مەقامبێژ مام عەبدوڵڵا (١٨٨٨ – ١٩٦٨ ی ز.) کوڕی مەلا حوسێن مەلا غولام، لە ناو خەڵکیدا بە مام عەبی ناسراوە، بە زۆری لە دیوەخانەکەی سەیید فەتاح خەلیل ئاغای کاکەیی و کۆڕی شەونشینیشدا مەقام و شانامە و داستانی کوردی خوێندووەتەوە و تەمیرەشی ژەندووە، خوالێخۆشبوو بۆ ماوەی (١٤) ساڵ دراوسێی ماڵی باپیرم بوو بە زۆری هامشۆی یەکمان دەکرد، کە دەچووینە خزمەتی بە گۆرانی و ئاوازی فۆلکلۆری کوردی مێشک و دەروونمانی مشت و ماڵ و زاخاو دەدا، بە هەقیقەت هونەرمەندێکی بە توانابوو، دەنگێ خۆش و لەباری هەبوو، مەقامەکانی دەڤەری گەرمیانی بەرێک و پێکی دەوتەوە، لە باوکیەوە ئاشنایی لە هونەری گۆرانی و تەمیرە بە دەست هێنابوو، ئەمان بە بنەماڵە هونەرمەند بوون و شەیدای مەقام و ئاوازی کوردی بوون و لەو بوارەدا خزمەتیان کردووە، مام عەبی جگە لەوەی هونەرمەندێکی بە توانا بووە، پیاوێکی پیاوانە و سەر راست، لە خوا ترس و بە ئیمان بووە، لە شانامەکانی حەوت لەشکر و شیرین و فەرهادی بە فۆتۆکۆپی لامان پارێزراوە، یەکەمیان دەستخەتی خەلیل منەووەرە و ئەوی تریشیان دەستخەتی رەشید ئاغای هەمەوەندییە.



* عەبدوڵڵا ئیبراهیم محەمەد (١٨٨١ – ١٩٦٣ ی ز.)، بە دەروێش عەبدوڵڵا ناسراوە، هەرچەندە مرۆڤێکی نەخوێندەوار بوو بەڵام پیاوێکی زیرەک و هۆشیارو یەک روو بوو، لە تۆپزاوەدا دووکانێکی بچکۆلانەی عەتاری هەبوو، جگە لە زمانی خۆی بە تورکیش دەدوا، ئارەزووی لە مەقامە کوردییەکانی گەرمیان و قۆریاتی تورکی هەبوو، هەندێ شیعری ئاینی بە زمانی تورکی داناوە، لە سەرەتای شەستەکاندا مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی بەشێکی لێ تۆمار کردووە، تا هەشتاکانی سەدەی رابردوو ئەو دەستنووسە لە ماڵی باوکیدا پارێزرابوو.

دەروێش عەبدوڵڵا بە درێژایی تەمەنی رەبەن بوو، لەسەر راسپاردەی خۆی لەسەر گۆڕەکەی گومەزێکی بچکۆلانەیان لە قوڕ و خشتی کاڵ بۆ دروست کردووە، ئارامگاکەی لە خوارووی (تۆپزاوە) دایە بە (٥٠٠) مەترە.

* سەیید محەمەد خورشید عەلی (١٨٨٠ – ١٩٦٨ ی ز.) ئەم زاتە بە سەیید (محەمەد کەتە) ناسراوە، سوارێکی جوامێرو نەترس بووە، هەمیشە تفەنگێکی برنەو و ئەسپێکی چالاکی هەبووە، دژ بە چەتەو رێگرو پیاو کوژ بووە، یەکێکە لە ریش سپی و پیاو ماقووڵانی ئەو رۆژگارەی کاکەیی.

* فەلامەرز نۆفل ئیسماعیل (١٨٩٥ – ١٩٥٧/٢/٢٧ ی ز.) پیاوێکی پیاوانەو ئازاو چاونەترس بووە، یەکێکە لەو ئەنجومەنەی کە فەتاح ئاغای کاکەیی دایمەزراندووە و راوێژی پێکردوون، لە ساڵی ١٩٣٢ ی ز. بە فەرمانی فەتاح ئاغا لە هاوشانی پێشمەرگەکانی شێخ مەحموودی نەمر لە جەنگی ئاوباریک دژ بە رژێمی پاشایەتی

جـەنگاوە، ئەویشـــمـــان لـەبیــر نەچێ کـەریم زاڵی ئامــۆزای کـە دانیشتووی شاری سلێمانی بوو پێشمەرگەیەکی هەمیشەیی شێخ مەحموود بوو.

* حەسەن فەتحی جەژنی (١٩١٧ – ١٩٩٦/٨/٥ ی ز.) کەسایەتییەکی ناسراوی کاکەییە، پیاوێکی چاوتێرو ئاشتی خوازو هەق پەروەر بوو، لە چارەسەر کردنی کێشەکانی تۆپزاوەو دەوروبەر لە هاوشانی ریش سپییەکاندا بەشداری دەکرد، لەگەڵ مام خەلیف مام مەدحەتدا دۆستایەتییەکی بە تینی هەبوو.
* سەیید زەینەڵ نەورۆز (١٩٢١ – ١٩٨٠/٨/٢٠ ی ز.) پیاوێکی قسەزان و کورد پەروەر بوو، لە ساڵەکانی پەنجاو شەستی سەدەی رابردوو ئەم و کۆمەڵێ لە خەڵکی تۆپزاوە لە رێگای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە خەریکی کوردایەتی بوون وەکو: مامۆستا خەزعەل رەشید، مامۆستا جوامێر فلامەرز، یادگار رەشید، تالیب رەشید، سەیید فەتحوڵلا حەسەن، فاتیح جاسم فلامەرز، مام ئیبراهیم مام عەلی حەسەن، مەدحەت مام عەبی، عوزێر ئەحمەدو بە دەیانی تریش، هەروەها لەسەر کوردایەتی دووجار گیراوەو لە بەندیخانەی کەرکووک بەند کراوە، یەکەمیان لە ساڵی (١٩٥٩ ی ز.) و دووەمیشیان لە ساڵی (١٩٦٢ ی ز.)دا. سەیید زەینەڵ مرۆڤێکی چاونەترس و لەناو دانیشتواندا بوێرانە بێ سڵکردنەوە دەدوا، حەزی لە پیاوەتی و چاکە کردن بوو.
* مام خەلیف مەدحەت مام ئەڵماس (١٩٣٢ – ١٩٩٧/٩/١٣ ی ز.) پیاوێکی پیاوانەو چاو تێرو کەڵەمێرد بووە، هەمیشە دیوەخانەکەی لە رووی میوان واڵا بووە، نیشتیمان و نەتەوەکەی خۆش دەویست،



لایەنگری شۆڕشەکانی کوردو چینی چەوساوە بووە، زۆربەی کێشە ئاڵۆزەکانی دانیشتووی ئاوایی و زۆربەی کاکەییەکان لە دیوەخانەکەی ئەم چارەسەر دەکرا، بە یەکێ لە پیاو ماقووڵانی ئەو سەردەمەی هۆزەکەی دەژمێردرا.

## رۆشنبیر و کەسایەتی و پیاو ماقووڵانی ئەمڕۆی تۆپزاوە:

* عەدنان سەیید فەتاح ئاغای کاکەیی، لە ساڵی ١٩٣٧ ی ز. لە ئاوایی تۆپزاوە هاتۆتە جیهان، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی هەمان گوند خوێندووە و ناوەندی و ئامادەییشی لە کەرکووک.

لە ساڵی ١٩٥٩ ی ز. – دا، شادڕەوان عەبدولکەریم قاسم کە سەر کۆماری ئێراقی ئەو سەردەمە بوو، بە بڕیارێک فەرمانی دا هەموو قوتابییەکانی سەرتاسەری ئێراق دەرچن و لە پۆلی خۆیاندا نەمێننەوە، واتە: ئەو ساڵە وشەی (راسب)ی هەڵگرت، جا زۆر کەس لەو بڕیارە سوود بەخش بوو، هەر لەو ساڵەدا سەیید عەدنان بوو بە مامۆستاو لە قوتابخانەی ئاوایی تۆپزاوە دامەزرا، دوو ساڵ لەو قوتابخانەیەدا وانەی بە خۆم وتووەتەوە، ئەوەی راستی بێ لەبەر ئەوەی کوڕی ئاغا و بەناز گەورە کرابوو، هەندە بایەخی بە وانە وتنەوە نەدەدا، جاری وابوو بە دوو هەفتە و سێ هەفتە قوتابخانەی نەدەدی. لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو خانەنشین کراوە.

لە ١٩٨١/٥/٢٩ ی ز. – دا لە پاش کۆچکردنی جەماڵ ئاغای مامی بە شێوەیەکی فەرمی بووەتە سەرەک هۆزی کاکەیی لە دەڤەری کەرکووکدا، ئاشنایی لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری ناودارانی کوردو عەرەب و تورکمان و مەسیحی کەرکووک و تێکڕای گەرمیاندا هەیە و ئەوانیش رێزی لێ دەگرن، لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی

رابردووەوە ماڵی گوێزاوەتەوە شاری کەرکووک و لەوێ نیشتەجێ بووە.

مخابن زۆربەی زۆری رۆشنبیران و کەسایەتییەکانی ئەمڕۆی کاکەیی لێی نیگەران و تەریکن، ئەمەش لە زیان بەو لاوە خزمەتی هیچ لایەکمان ناکات، جا خۆزگە سەیید عەدنان ئاغا کە دەوری برا گەورەی وەرگرتووە بوێرانە خۆی لەوان نزیک دەکردەوە و ئاشت دەبووەوە، چونکە کلیلی ئاشتەوایی و چارەسەری کێشەکان ها بە لای ئەوەوە، بۆ ئەوەی هەر هەموومان بتوانین لە بەربەرەکانی بە دوور بین و دڵسۆزانە خزمەتی کاکەیی و نەتەوە ستەمدیدەکەمان بکەین. برا گەورە دەبێ هەمیشە دڵی گەورە بێت.

* مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی: پێکەوە پەروەردەی یەک زێدو ئاو و هەوا و خاکین، بەلای هەمووانەوە ناسراوە، مرۆڤێکی سیاسەتمەدارو رۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی ئەمڕۆی کوردە، لە وتووێژدا لەسەرخۆیە، زیرەک و وریا، ئاشتی خوازو کورد پەروەرە، هەژارو بێ نەوایانی خۆش دەوێ، لەگەڵ دۆست و یاوەری خۆیدا بەئەمەک و یەک رووە، کاکەییەکان خۆشیان دەوێ، هەنووکە وەزیری رۆشنبیری هەرێمی کوردستانە و لە هاوینە هەواری سەلاحەدین نیشتەجێیە. شایانی وتنە بۆ یەکەم جار لە رێگای ئەمەوە ئاشنایم لە بواری ئەدەب و رۆشنبیریدا پەیدا کرد، بۆیە هەمیشە خۆم بە قەرزاری دەزانم.

* پرۆفیسۆر سەرتیپ فەتاح ئاغا (١٩٤٩ – ٢٠٠٢/٦/٢٣ ی ز.) مرۆڤێکی زاناو رۆشنبیرو کورد پەروەر بوو، ئارەزووی لە چاکەو پیاوەتی بوو، سەرەڕای ئەمانە کاکەیی خۆش دەویست و ئەوانیش



رێزیان لێ دەگرت، هەمیشە شانازی بە هۆزەکەیەوە دەکرد، سەر بە پارتی و بنەماڵەی بارزانی بوو.

* لیوا جوامێر عەتیە شاواز – نیشتیمان پەروەر و کورد دۆستە، ساڵەهای ساڵە شان بە شانی پێشمەرگەکانی کوردستان خەبات دەکات. ئێستا لە هەولێری پایتەخت نیشتەجێیە.

* فەتحوڵلا سەیید حەسەن عەلی (١٩٤٥–٢٠٠٤/٧/١٩) مرۆڤێکی نەتەوەیی و نیشتیمان پەروەر بوو، پێش پرۆسەی ئازادی بۆ ماوەی دوو ساڵێک جێگری پارێزگاری کەرکووک بووە لە هەولێری پایتەختدا. زۆر حەزی دەکرد گوێ لە دەنگی هونەرمەندان عەلی مەردان و حوسێن عەلی و سەلاح داودەو مام شەوکەتی کاکەیی بگرێت، زۆربەی ژیانی بە پێشمەرگایەتی بردە سەر، رۆژی ٢٠٠٤/٧/١٩ کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی کاکەییەکان لە عەلیسەرا سپاردەی خاک کرا.

* دکتۆر تالیب رەشید یادگار (١٩٤٧ ی ز. – )، لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی رابردوو لەسەر پارتی و کوردایەتی بەعسییەکان راویان نا، ناچار هەڵات و رووی کردە هەندەران، ئەوە چەند ساڵێکە گەڕاوەتەوە شاری هەولێری پایتەخت و لە کۆلێژی زانکۆی سەلاحەدین دامەزراوە و هەر لەوێیش نیشتەجێیە.

* عەمید یوونس رەشید یادگار – لە ساڵەکانی نەوەتی سەدەی پێشووەوە لە دەست زوڵم و ستەمی بەعس خۆی و منداڵەکانی ئاوارەی هەندەران بوون و تا ئەمڕۆ نەگەڕاونەتەوە باوەشی نیشتیمان.

* دکتۆر نازم محێدین ئەحمەد (١٩٤٨ – ١٩٨٦ ی ز.)، مرۆڤێکی

کورد پەروەر بووە، لە ساڵی (١٩٨٦ ی ز.)دا لە ترسی رژێمی بەعسی دیکتاتۆر بۆ نێو شۆڕش هەڵات و لە رێگاوبان کوژراو چووە ریزی کاروانی شەهیدانەوە.

* پرۆفیسۆر – فازڵ سەیید عەباس قەڵخانلوو: ئەمیشیان رەوشتی بەعسییەکانی بەدڵ نەبوو بۆیە لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو رووی کردە وڵاتی بەریتانیا و لەوێ گیرسایەوە، لە پاش پرۆسەی ئازادی گەڕایەوە وڵات و ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە و لە زانکۆی سەلاحەدین دامەزراوە.

* مامۆستا خەزعەل رەشید یادگار (١٩٣٤ی ز.– ) مرۆڤێکی رۆشنبیری سیاسی و زیرەک و وریایە، پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆیە، وڵات و نەتەوەکەی خۆش دەوێت، لە ساڵی ١٩٦١ ی ز. لەسەر (پ. د . ک) و کوردایەتی دوو جار گیراوە و بەند کراوە:

یەکەمیان – لە ١٩٦١/٣/١١ تا ١٩٦١/٧/١٥ لە گرتووخانەی کەرکووک بەند کراوە.

دووەمیان – لە ١٩٦١/١٠/٣ تا ١٩٦٥/٩/١٢ لە بەندیخانەکانی کەرکووک و بەغدا و مسیەب بەند کراوە، کە ئازاد کرا یەکسەر لە کەرکووک دووریان خستۆتەوەو گوێزاویانەتەوە بۆ قوتابخانەی دێی (تەللعید)ی سەرەتایی کە سەر بە حەویجەیە، تا ساڵی ١٩٧٠ ی ز. لەوێ مامۆستا بووە، لە ساڵی (١٩٧٤ ی ز.) چووەتە ریزی پێشمەرگە قارەمانەکانەوە و لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا بەشدار بوو. لە ساڵی ١٩٧٥ ی ز. لە پاش نەکسە شوومەکەی جەزائیر گەڕایەوە کەرکووک، لە پاشاندا بەعسییەکان خانووەکەیان داگیر کرد و رەهەندەی شاری کەربەلایان کرد کە دەکەوێتە باشووری



ئێراقەوە، لە دوای پرۆسەی ئازادی گەڕایەوە باوەشی شارە ئازیزەکەی کەرکووک و بۆ یەکجاری لەوێ نیشتەجێ بوو.

شایانی وتنە مامۆستا خەزعەل لە ساڵی ١٩٥٩ ی ز. لە قوتابخانەی تۆپزاوە بە مامۆستا دامەزرا، هەر لەو ساڵەوە بە هاریکاری مامۆستایان عەبدولوتەکەبر مستەفا و شێخ جەبار مستەفا و کامیل حوسێن و جوامێر فەلامەرز بنەمای پارتی دیموکراتی کوردستان و هەست و بیرو باوەڕی کوردایەتی و نیشتیمان پەروەرییان لە نێو قوتابییەکان و دانیشتوانی ئاواییەکەدا چەسپاند و بووە مەشخەڵانێکی پرشنگدار بۆ جوتیارەکان و نەوەکانی تری ئەو رۆژگارە و ئەم سەردەمە.

* رۆژنامەنووس سەیید محێدین سەیید رەشاد (١٩٤٤ی ز. – ــــ) مرۆڤێکی رۆشنبیرو نیشتیمان پەروەرە، پیاوێکی پیاوانەیە، چینی چەوساوەو هەژارانی خۆش دەوێت. ماوەیەکی زۆرە لە شاری بەغدا نیشتەجێیە و بە کاری رۆژنامەگەرییەوە خەریکە.

* رۆژنامەنووس رەزا واحید عەباس، کوڕێکی ڕووخۆش و ئێسک سووکە، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرە، لە سەردەمی رژێمدا بەعسییەکان راویاننا و چووە چیا، هەنووکە لە دەزگای شەفەق لە کەرکووک کار دەکات.

* نووسەر لوقمان لەتیف مەدحەت، مرۆڤێکی سیاسەتمەداری ڕۆشنبیرە، لە وتووێژدا هێمن و لەسەرخۆیە، لە ڕاپەڕینیە مەزنەکەی ساڵی (١٩٩١ی ز)دا پەیوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەست و لە پاشاندا چووە هەولێر. لە ساڵی (١٩٩٨ی ز)دا بوو بەجێگری سکرتێری یەکێتی لاوان، لە دوای پرۆسەی ئازادی ساڵی

(٢٠٠٢ی ز) بوو بەئەندامی لقی ٣ی (پ.د.ک)، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان – لقی کەرکووک. سەرنووسەری ڕۆژنامەی (پەیامی کەرکووک)ە، کە ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە لقی ٣ی (پ.د.ک) مانگی جارێک دەریدەکات، تا هەنووکە (٥٣) ژمارەی لێ دەرچووە.

* نووسەر سامی رفعەت یەخشی، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لەسەر کوردایەتی بەعسییەکان راویان ناو چووە چیا، بە بنەماڵە کوردپەروەرن، هەنووکە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (رۆخانە)یە کە ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە، سەنتەری ڕۆشنبیری خەلیل منەووەری لە (داقووق) مانگی جارێ دەریدەکات، تا نووسینەوەی ئەم نامیلکەیە (٧) ژمارەی لێ دەرچووە. لە ساڵی (١٩٩١ی ز)ینیشەوە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردستانە.

* نووسەر ڕزگار مەحموود محەمەد، کوڕێکی ڕۆشنبیری ئێسک سووک و رووخۆشە، بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی (رۆخانە) و بەڕێوەبەری نووسینگەی سەتەلایتی (نەورۆز)ە لە کەرکووک، لەم ئاخروئۆخرەدا نامیلکەیەکی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی (سازان و هەنگ)، بەرهەمێکی منداڵانەیە، وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان بۆی بڵاوکردۆتەوە.

* شاعیری میللی ستار ئیسماعیل ئەحمەد، جگە لە نووسینی شیعر لە ئاخروئۆخری نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە ناوە ناوە بابەتی جۆراوجۆریش بڵاودەکاتەوە، ئەندامی یەکێتی نووسەرانە.

* شاعیری میللی نیعمەت رفعەت مەدحەت، ئەوە چەند ساڵێکە شیعر و بابەتی جۆراوجۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو دەکاتەوە،



ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (پەیامی کەرکووک)ە.

* خانمە نووسەر ئەمەل محەمەد سەفەر، ئەندامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانە، ئەوە چەند ساڵێکە دەستی داوەتە قەڵەم و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەرهەم بڵاودەکاتەوە.

* ڕۆژنامەنووس بەهجەت عەزیز عەبدوڵڵا، لە ساڵی (٢٠٠٠ی ز)یەوە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کار دەکا و بەرهەمی جۆراوجۆر بەزمانی عەرەبی بڵاودەکاتەوە، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە – لقی کەرکووک.

* خانمە نووسەر ناز فەلەکەدین کاکەیی، ئەوە چەند ساڵێکە لە بواری ڕۆشنبیریدا کار دەکا و بەرهەمی ڕەنگامە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاودەکاتەوە.

* هونەرمەند سەیید جەهاد سەیید زەینەڵ (١٩٥٩ ی ز. – ) لە بواری خۆشنووسیدا کار دەکات و لە چەندین پێشانگای ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەشداری کردووە، چەندین بڕوانامەی ڕێزلێنانی بەدەست هێناوە و ئەندامی کۆمەڵەی خۆشنووسانی ئێراق و هەرێمی کوردستانە.

* رەشید سەفەر جەژنی (١٩٣١ ی ز. – ) کوێخای ئاواییەکەیە، پیاوێکی پیاوانە و نیشتیمان پەروەرە، یەکێکە لە ریش سپییەکانی ئەم سەردەمەی کاکەیی.

* بەیات کەریم مەحموود (١٩٢٧ ی ز. – ) پیاوێکی پیاوانەو کورد پەروەرە، راستگۆو هەق بێژو یەک رووە، دژ بە درۆزن و دزو تاڵانچی و ئاژاوە گێڕە، هەمیشە خەنجەرێکی دەبانی کوردەواری کردووە بە قەدی پشتێنەکەیدا، مخابن لە وتووێژدا لەسەر هەق زوو تووڕە

دەبێت و بە زوویش هێور دەبێتەوە.

* مام عوزێر مام ئەحمەد (١٩٣٨ی ز.–) مرۆڤێکی پیاوانەو کورد پەروەرە، لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بەشداری کردووە، بە کەسایەتییەکی ئەمرۆی کاکەیی دەژمێردرێت، حەزی لە مەقام و ئاوازە ڕەسەنەکانی کوردەوارییە، بە تایبەتی مەقامەکانی دەڤەری گەرمیان.
* مام عاسی مام ڕەمەزان (١٩٣٢ ی ز. – ) کەسایەتییەکی ئەمڕۆی کاکەییە، پیاوێکی پیاوانە و سەرڕاست و یەک ڕووە، بە بنەماڵە کوردیان خۆش دەوێ، لە وتووێژدا لەنێو دانیشتواندا بوێرانە دەدوێ، زۆری حەز لە گەپ و قسەی خۆشە، بە خۆیشی نوکتەبازە.
* سەلیم ئەمین خەلیل (١٩١٧ ی ز. – ) یەکێکە لەو پیاو ماقووڵانەی کە لە ئاواییدا راوێژی پێ دەکرێ، پیاوێکی چاو تێرو میوان دۆستە، ئارەزووی لە چاکەو پیاوەتییە، کوردو کوردستانی خۆش دەوێت.
* مام ئیبراهیم عەلی حەسەن (١٩٣٧ ی ز. – ) یەکێکە لە ریش سپیەکانی ئەمڕۆی گوندەکە، لە یادمە لە شەستەکانی سەدەی رابردوو لەتەک مەدحەت مام عەبی بە شێوەیەکی چالاکانە کوردایەتییان دەکرد.
* عەباس مەهدی زەینەڵ (١٩٣٢ی ز. – )، ئەم پیاو ماقووڵە لە هۆزی بەیاتە و لە ماڵەوە بە تورکمانی دەدوێن، خۆی و باو و باپیری لەگەڵ کاکەییدا ژیاون، مرۆڤێکی روو خۆش و زیرەک و قسە زانە لە شەستەکانی سەدەی رابردوو لە تۆپزاوەدا عەرەبانەی دروست دەکرد و جووتیارەکان بۆ کا و قرچە (قرشە) کێشان لێیان دەکرێ. هەروەها دووکانێکیشی هەبوو بۆ چاککردنەوەی ئەسپەچۆینە (پایسکل).



## پزیشک و برینپێچەکان:

ئەم پزیشک و برینپێچانە دانیشتووی تۆپزاوەن:

دکتۆر تاریق عەبدولحەمید مەدحەت، برینپێچ فاتیح جاسم فلامەرز، عەبدولئەمیر محەمەد عەلی، حوسێن عەلی ئەحمەد، لەتیف زۆراب موترزا، سوبحی زۆراب موترزا، جەماڵ جاسم فلامەرز، ساڵح حەیدەر خورشید، ئیبراهیم رەشید سەفەر، کەمال حوسێن فەتحی، عەلی لەتیف مەدحەت، عزەدین عەباس مەهدی.

## مامۆستاکان:

ئەمەش ناوی ئەو مامۆستایانەیە کە خەڵکی تۆپزاوەن و لە ماوەی (١٩٠٣ – ٢٠٠٣ ی ز.) بە مامۆستا دامەزراون:

مامۆستا عەدنان فەتاح ئاغا، مامۆستا خەزعەل رەشید یادگار، مامۆستا جوامێر فلامەرز نۆفل، مامۆستا فوئاد تۆفیق سەیید فەتحوڵلا، مامۆستا غالب رەشید یادگار، مامۆستا سامی رەفعەت بەخشی، مامۆستا موشیر ئەحمەد رەمەزان، مامۆستا ئەکرەم عیسا مەهدی، مامۆستا بەهجەت عارف حمود، مامۆستا ئەلیاس رەمەزان محەمەد، مامۆستا جواد زەینەڵ نەورۆز، مامۆستا عەبدوڵلا هەیاس رەمەزان، مامۆستا ئەیاد ئەکرەم عیسا، مامۆستا یووسف غائب غەفوور، مامۆستا ئەیوب غائب غەفوور، مامۆستا ئەیسەر رەشید خورشید، مامۆستا هیام فاتیح جاسم، مامۆستا ویسام فاتیح جاسم، مامۆستا فەندی حەمە غەریب، مامۆستا فازڵ عاسی مەحموود، مامۆستا سوعاد سەیید فەتحوڵلا، مامۆستا موراد سەیید فەتحوڵلا، مامۆستا غالب عەزیز بابا، مامۆستا ئازاد زایەر عەلی، مامۆستا

رەعد زایەر عەلی، مامۆستا دیاری بەهجەت عارف، مامۆستا سورەیا ئەکرەم عیسا، مامۆستا محەمەد ئەمین، مامۆستا لەیلا واحێد عەباس، مامۆستا مستەفا محەمەد ئەمین، مامۆستا وەفا فاتیح موترزا، مامۆستا نەوزاد واحید عەباس، مامۆستا کەریم دەرویش رەمەزان، مامۆستا نەسرین سەیید قودرەت، مامۆستا عەجیب غائب غەفوور.

## حیکایەتخوان و قسە خۆشەکان:

لە تۆپزاوەدا چەند کەسێک هەبوون لە حیکایەت و سەرگوزەشتە گێڕانەوە و پەند و قسەی نەستەق و ئەستێرە ناسی و خۆش مەشرەبی و گەپدا دەستێکی باڵایان هەبوو لەوانە:

* دەروێش ئیسماعیل ئەحمەد بە (سمایلە کوێر) ناسرابوو (١٨٩٠ – ١٩٦٥ ی ز)، ئەم زاتە پیاوێکی ژیر و وریا و قسەزان بوو، گەلێ چیرۆک و حیکایەتی بەرئاگردانی کوردەواری دەزانی و بە شەوانی زستان لە گوێی ئاگردان و نێو دیوەخاندا بۆ دانیشتوانی دەگێڕایەوە، داخی گرانم لە کاتی خۆیدا بنووسێک نەبوو تا خەمی تۆمار کردنیان بخوا و ئەو گەنجینە پرشنگدارە لە مەرگ رزگار بکات.

* ئەحمەد رەزا عەزیز (١٩١٧ – ٢٠٠٢/١٢/٩ ی ز.)، بە دەروێش ئەحلان ناسرابوو، لە چیرۆک و سەرگوزەشتە گێڕانەوە دەستێکی باڵای هەبوو، مرۆڤێکی قسەزان و هێمن و لەسەرخۆ بوو لە هەر مەجلیسێکدا دانیشتایە بە پەندو حیکایەتی جۆراو جۆر ئەو دەورو بەرەی دەڕازاندەوە، لە بواری شکستەیشدا تا رادەیەک شارەزایی هەبوو، خۆی بە پیاوی خوا و دەروێش دەزانی.



* مام حەسەن مام عەلی (١٩٠٧ – ١٩٨٢ ی ز.) ئەمیان شارەزایی لە بواری ئەستێرەناسی و حیساب ژمێریدا هەبوو، پیاوێکی پیاوانەو دڵ پاک، لە وتووێژدا لەسەرخۆ بوو، حەزی لە ئاشتی و دۆستایەتی و برایەتی هەبوو، جوتیارەکانی ئاوایی لە بواری حیساب ژمێریدا پرس و ڕاوێژیان پێ دەکرد و سوودیان لێ دەبینی.
* رەشید خدر عەزیز فەیسەڵ (١٨٨٧ – ١٩٧٦ ی ز.)، ئەم زاتە لەناو کاکەییەکاندا بە (رەشەی خییر) ناسراوە، پیاوێکی زیرەک و وریا بوو، نێوی حەوت پشتەی زۆربەی تیرەو بەرەباب و بنەماڵەکانی کاکەییەکانی گەرمیانی دەزانی، حەزی لە شیعر و ئاوازی کوردی هەبوو، گەلێ شیعر و سەرگوزەشتەی جۆراو جۆری فۆلکلۆری لەبەر بوو. هەروەها ئاشناییەکی زۆر چاکیشی لەحیساب ژمێریدا هەبوو.
* عەتیە شاواز ئەحمەد محەمەد (١٩١٧ – ١٩٨٢ ی ز.) حیکایەت خوان و قسەزان بوو، لە وتووێژدا بە زۆری پەند و قسەی نەستەقی بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی وتارەکەی لەسەر زەمینەیەکی پوخت و بەراو گرێ بدات، بە زۆری ئامۆژگاری مێرد مندالانی ئاوایی دەکرد تا رێز لە دایک و باوک و مامۆستا و دراوسێ و گەورەی خۆیان بگرن و هەمیشە لەسەر خوێندن سوور بن و دەست لە قوتابخانە هەڵنەگرن.
* مام عەزیز رەمەزان (١٩٢٢ – ١٩٩٢ ی ز.) زۆر حەزی لە گەپ بوو، قسەکانی نوکتە بوون و بە خۆیشی نوکتەباز بوو، بە دروستی لەهەر کوێدا بهاتایە ئاخافتن سەر بە قوڕی دەهێنایە پێکەنین و خۆیشی بە هیچ جۆرێک تێک نەدەدا، قسە قافی بهاتایە دەیکرد و لە کەسیش شەرمی نەدەکرد.
* مام دەروێش مام رەمەزان (١٩١٧ – ١٩٩٢ ی ز.) ئەم زاتە هەمیشە

بۆ گەپ و گەمە کردن سەری دەخورا، بە شەوانی زستان حیکایەتخوان خاڵە سمایلە کوێری بۆ حیکایەت گێڕانەوە دەهێنایە ماڵی خۆیان لە تەک چەند دیدە ساڵێکی دراوسێدا، تا نیوەشەو بەدەم شەوچەرەو چا خواردنەوەوە لەبەر گوێی ئاگرداندا بە خۆشی و شەوقەوە گوێیان لە حیکایەت و سەرگوزەشتە دەگرت.

* مەحموود کاکەی قۆچاغلی(١٩١١ – ٢٠٠٣ ی ز.) زۆربەی قسەکانی لە بواری گەپدا دەخولایەوە، حەزی لە یاری دامەو سێ رسکان بوو.

* رەشید شاواز ئەحمەد (١٩١٧ – ١٩٧٢ ی ز.) ئارەزووی لە گەپ گێڕانەوە و قسەی خۆش بوو، زۆربەی گەپەکانی هی خۆی بوون، هەندێ جار ئەم لەگەڵ ئەوانی تردا یەکیان دەگرت و بە گەپ و پێکەنین چوار دەوری خۆیان دەڕازاندەوە.

* دەروێش فەرەج دەروێش (١٩١٣ – ١٩٩٢)، لە ناو خەڵکیدا بە دەروێشە رووتە ناسراوە، بە کاری ئاشەوانی گوزەرانی دەکرد، لە قسە کردندا هونەرمەندانە جموجوولی دەکرد و نوکتە و مەتەڵی دەگێڕایەوە، لە شێلینی قۆڵنج و ناوک گرتنەوە شارەزاییەکی زۆر چاکی هەبوو، جا نەک تەنیا لە گوندی تۆپزاوەوە بەڵکو لە ئاواییەکانی دەورو بەریشەوە بۆ ئەم مەبەستە دەهاتنە لای و چاک دەبوونەوە، فەتاح ئاغا زۆر خۆشی دەویست.

## مۆسیقا ژەن و دەنگ خۆشەکان:

* لەم دێیەدا گەلێ هونەرمەندی ژەنیار و دەنگخۆشی میللی تێدا هەڵکەوتووە لەوانە:

* حوسێن حەسەن عەبدەلی (١٨٨٥ – ١٩٦٠ ی ز.) دەهۆڵکوتێکی



لێهاتوو بووە، مرۆڤێکی پیاوانە و روو خۆش بووە، ئارەزووی لە گەپ گێڕانەوە و بە خۆشی نوکتەباز بووە، لە ناو خەڵکیدا بە (حوسک چاوەش) ناسراوە.

* میرزا وەلی عەلی (١٩١٧ – ٢٠٠٢ ی ز.) هونەرمەندێکی میللی دەنگ خۆش بوو، گەلێ پەند و قسەی نەستەق و شیعری فۆلکلۆری و حیکایەتی بەرئاگردانی لەبەر بوو، کاتی خۆی لەم بارەیەوە سوودمان لێ بینیوە، بەڵام مخابن ئاوازەکانی تۆمار نەکراوە و لەگەڵ خۆیدا بردوویەتیە ژێر خاکەوە.

* مام شەوکەت خورشید مەلا حوسێن (١٩٣٦ – ) ئەم هونەرمەندە خاوەن دەنگێکی بە سۆز و لەبارە، مەقامەکانی دەڤەری کەرکووک زۆر بە چاکی و رەوانی دەزانێ، هەندێکیشیانی لە ئێزگەی رادیۆی کوردی بەغدا و تەلەفزیۆنی کەرکووک تۆمار کردووە، جگە لە هونەری گۆرانی ئاشنایی لە ژەنینی ئامێرەکانی شمشاڵ و دووزەلەش هەیە، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی کەرکووک و کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی لقی کەرکووکە، کۆمەڵێ شیعری کلاسیکی دە بڕگەیی بە شێوەزاری ماچۆ و کرمانجی خواروو هۆنیوەتەوە.

* زایەر عەلی خدر (١٩٣٧ ی ز. – ) دووزەلە ژەنە، لە یادمە لە شەستەکانی سەدەی رابردوو لە شایی و زەماوەندەکانی گوندەکەدا بە جۆشەوە دووزەلەی دەژەنی و شایی دەگێڕا.

* شوکر سەفەر جەژنی (١٩٤٣ ی ز. – ) لە بواری شمشاڵ ژەنیندا دەستێکی باڵای هەیە، لە بیرمە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو شوان بوو، هەمیشە شمشاڵێکی خنجیلانەی پێبوو کە

بەیانییان مێگەلەکەی بەرەو لەوەڕگا و مێرگ لە گوند دەردەهێنا، بەدەم ڕێگاوە چەند ئاوازێکی فۆلکلۆری خۆشی بە شمشاڵ پێشکەش دەکرد، خەڵکی بە تاسەوە گوێیان بۆ شل دەکرد.

* سەیید قودرەت مەلا عەباس (١٩٤٧ ی ز. – ) لە تەمیرە ژەنیندا شارەزایی هەیە و دیوانە شیعرێکیشی بە شێوەزاری گۆران ئامادەیە بۆ چاپ، بەڵام تا ئەمڕۆ هیچی لێیان بڵاو نەکردۆتەوە، هەروەها لە ئامێری ڕەبابەیشدا ژەنیارێکی شارەزایە، حەزی لە ئاواز و مەقامی کوردی هەیە.
* تەیب غەفوور جەژنی (١٩٥٢ ی ز. – ) ئەم هونەرمەندە دەنگێ خۆشی هەیە، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان – لقی کەرکووکە، لە ساڵەکانی نەوەتی سەدەی ڕابردوو لە ڕێگای بەرنامەی کەلەپووری کوردەوارییەوە لە تەلەفزیۆنی کەرکووک چەند دیمانەیەکمان لەگەڵدا سازدا.
* تاهیر نەجم حەیدەر (١٩٤٩ ی ز. – ) لە ساڵەکانی پەنجاو شەستی سەدەی ڕابردوو هەمیشە دووزەلەیەکی قامیشی لە باخەڵدا بوو، لە کۆڕی شەونشینی و سەر خەرمان هەر بۆ خۆشی و زەوق دووزەلەی دەژەنی و ئەو دەورو بەرەی بە ئاوازی کوردەواری دڵڕفێن دەڕازاندەوە.
* محەمەد نەجم حەیدەر (١٩٥٠ ی ز. – ) لە ئامێری زوڕنادا ژەنیارێکی شارەزایە، لە زەماوەندەکانی ئاوایی و دەوروبەر بە زوڕناوە بەشداری دەکات، هەروەها لە ژەنینی ئامێری شمشاڵ و دووزەلەشدا شارەزایی هەیە.
* تالیب جاسم فلامەرز (١٩٥٧ ی ز. – )، ئەم هونەرمەندە لە ئامێری



زوڕنادا شارەزاییەکی زۆر چاکی هەیە، لە گەلێ شایی و ئاهەنگدا بەشداری کردووە.

* خەلیل ئیبراهیم نەجم (١٩٦٩ ی ز. – ) هونەرمەندێکی میللی دەهۆڵکوتە، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ئەمڕۆ لە زۆربەی زەماوەندەکانی ئاوایی تۆپزاوە و گوندەکانی دەوروبەر بەشداری کردووە.
* تاهیر عوزێر مام ئەحمەد (١٩٧٣ ی ز. – ) هونەرمەندێکی میللییە، لە تەمیرە ژەنیندا ئاشنایی هەیە.
* تاریق عوزێر مام ئەحمەد (١٩٧٧ ی ز. – ) لە تەمیرە ژەنیندا شارەزایی هەیە، تەنیا لە ماڵەوە بۆ خۆی و خێزانەکەی و کۆڕە تایبەتمەندەکاندا تەمیرە دەژەنێت.
* ئومێد حوسێن عەبدوڵڵا (١٩٧٦ ی ز. – ) لە بواری تەمیرەدا ژەنیارە، تەنیا لە ماڵەوە یا کۆڕە تایبەتییەکاندا تەمیرە دەژەنێت. هەروەها گەلێ تەمیرە ژەنی تریشمان هەن بەڵام لە سەر ئارەزووی خۆیان نێویانمان یاد نەکرد.

## ئەو ناودارانەی تەشریفیان هێناوەتە تۆپزاوە:

شایانی وتنە لەو ڕۆژەوەی ئەم ئاواییە ئاوەدان کراوەتەوە تا ساڵی ٢٠٠٣ ی ز. بە دەیان پیاوی گەلەمێرد و ناوداری بەناوبانگ تەشریفیان هێناوەتە تۆپزاوە لەوانە:

* مامۆستا سەعید قەزاز – ڕۆشنبیرێکی کورد بووە، لەگەڵ میری کاکەییەکاندا سەیید فەتاح سەیید خەلیل ئاغا دۆستایەتی هەبووە، لە ساڵەکانی چلی سەدەی پێشوو کە پارێزگاری کەرکووک بووە

چەندین جار تەشریفی هێناوەتە تۆپزاوە و بووەتە میوانی سەیید فەتاح ئاغا و دانیشتوانی ئاوایی.

* لە ساڵی ١٩٥٣ ی ز مامۆستا خەلیل کەننە کە وەزیری پەروەردە بووە لەگەڵ مامۆستا سەعید قەزازا هاتنە تۆپزاوە شایانی باسە فەتاح ئاغا و خەڵکی ئاوایی زۆر بە گەرمییەوە پێشوازییان لێ کردوون. لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتیدا وەک ڕێزلێنانێک ئاژەڵێکی زۆریان لە پێش ئۆتۆمبیلەکەیاندا سەربڕیوە، هەروەها هەر هەموو دانیشتوانی ئاواییەکانی ئەو دەوروبەرەی کاکەیی بۆ ئەو ڕێوڕەسمە داوەت کرابوون.

بە هەقیقەت فەتاح ئاغا ئەم ناودارانەی بۆ ئەوە داوەت دەکرد تا خۆی و هۆزەکەی بە ناودارانی ئەو ڕۆژگارە بناسێت و بسەلمێنێ کەوا گەلی کورد بە سەدان پیاوی کەڵەمێرد و چاوتێری وای تێدا هەڵکەوتووە.

* شێخ لەتیف شێخ مەحموودی حەفید بە خۆی و چەند سوارێکەوە، لە مانگی ڕەشەمێی ١٩٥٤ ی ز. – دا بۆ سەرەخۆشی لە پرسەی فەتاح ئاغا لە تۆپزاوەدا بەشداریان کرد.

* مامۆستا یاسین هاشمی – کە لە سەردەمی پاشایەتیدا وەزیری دارایی بووە، لە ساڵی ١٩٣٣ ی ز. بە میوانی تەشریفی هێناوەتە تۆپزاوەو بووەتە میوانی فەتاح ئاغا.

* مامۆستا جەمیل مەدفەعی – زووتر کە وەزیری ناوخۆ بووە، لە سەردەمی پاشایەتیدا لە مانگی شوباتی ١٩٤٨ ی ز. تەشریفی هێناوەتە تۆپزاوەو بووەتە میوانی سەیید فەتاح ئاغاو دانیشتوانی ئاوایی.



* مامۆستا شاکر وادی – زووتر وەزیری بەرگری بووە، ئەم ناودارەیش لە ساڵی ١٩٤٩ ی ز. تەشریفی هێناوەتە گوندەکە.

* مێژوونووسی بەناوبانگی کورد شادڕەوان مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی (١٩١٣ – ٢٠٠١/٣/٢٦)، زیاتر لە جارێک هاتۆتە تۆپزاوەو بووەتە میوانی فەتاح ئاغاو مەلا عەباس حیلمی.

* مێژوونووسی بەریتانی – سی، جی، ئەدموندز، ئەمیان زۆر دۆستی فەتاح ئاغا بووە و بە دەیان جاریش هاتۆتە خزمەتی و شەویش لەوێ ماوەتەوە.

* مێژوونووسی ئێراقی – پارێزەر عەباس عەزاوی.

* بنووسی بەناوبانگی کورد موکەڕەم تاڵەبانی – لە نەورۆزی ١٩٥٩ ی ز. لە میهرەجانێکدا کە لە ئاواییی تۆپزاوە سازدرا بەشداری کرد و وتاریشی خوێندەوە.

* شاعیری بەناوبانگ هیجری دەدەی کاکەیی (١٨٧٧ – ١٩٥٢ ی ز.) ئەم شاعیرە بە ناودارێکی کاکەیی کەرکووک دەژمێردرێت، کوردی و تورکی و فارسی زۆر بە چاکی زانیوەو شیعریشی بەو سێ زمانە نووسیوە، وەکو زانراوە دیوانە شیعرێکی بە کوردی لە پاش بەجێ ماوەو لە لای مامۆستا فایقی کوڕی پێچراوەتەوە، ئەوە نزیکەی (٢٠) ساڵە لەگەڵیدا هەوڵ دەدەم بۆ ئەوەی بماندانێ تا بڵاوی بکەینەوە هەر پەیمانمان دەداتێ و بەجێی ناهێنێت، بەڵام ئێمە هێشتان بەو هیوایەوەین ڕۆژێ لە ڕۆژان کاک فایق دڵی نەرم بێت و ئەو گەنجینەیەی باوکی بخاتە بەر دەستمان تا بتوانین لە پاش لێکۆڵینەوە بڵاویان بکەینەوە.

* سۆفی بەناوبانگی ئەهلی هەق حاجی نیعمەت جەیحوون ئاوایی،

ئەم زاتە گەلێ سروودی هەمەڕەنگی ئاینی بە دیالیکتی ماچۆ (گۆران) لە پاش بەجێماوە، سەرجەم بەرهەمەکانی لە لایەن بەندەوە لە ساڵەکانی شەستی سەدەی رابردوو کۆکراوەتەوە و لامان پێچراوەتەوە.

* نووسەری بەناوبانگی ئەهلی هەق حاجی نوور عەلی جەیحوون ئاوایی، ئەم زاتە رۆشنبیرێکی قەڵەم بەدەست و زانایەکی ناسراوی ئەهلی هەقە، گەلێ سروودی ئاینیشی هۆنیوەتەوە، لە ساڵەکانی بیستی سەدەی رابردوو تەشریفی هێناوەتە ئاوایی تۆپزاوە و بۆ ماوەی دوو هەفتە لە ناو کاکەییەکانی گەرمیاندا ماوەتەوە، لە کتێبەکەیدا (ئەهلی هەق) ئاماژە بۆ ئەم گەشتەی دەکات.
* سۆفی کەریم جاف، ئەم زاتە خەڵکی قەزای قەسر شیرینی کرماشانە، سۆفییەکی بەناوبانگی ئەهلی هەقە، گەلێ سروودی سۆفیگەری هۆنیوەتەوە، لە ساڵەکانی سی و چلەکانی سەدەی رابردوو بە زۆری ئامۆشۆی ئاوایی تۆپزاوە و تێکڕای گوندەکانی کاکەیی دەکرد لە دەڤەری گەرمیانی کەرکووکدا، لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو چەپکێ لە سروودەکانیم کۆ کردەوە و تا هەنووکە لامان پارێزراوە، زۆر دۆستی سەیید سابوور حەموود بووە.
* داود بەگی جاف – یەکێکە لە بەگزادەکانی هۆزی جاف، ئەم زاتە دۆستی فەتاح ئاغا بووە و ناوە ناوەش ئامۆشۆی یەکیان کردووە.
* ئەمین رەشید ئاغای هەمەوەندی – یەکێکە لە سەرەک هۆزەکانی هەمەوەند لە دەڤەری چەمچەماڵدا.
* شێخ عەلی شێخ عەبدوڵڵای قەرەداغی – بەڕێوەبەری شارۆچکەی داقووق بووە، فەتاح ئاغا کچی ئەم زاتەی خواستووە.



* دارا بەگی داودە – سەرەک هۆزی داودەی خواروو بووە، بە یەکێ لە ناودارانی داودەو تێکڕای کورد دەژمێردرێت لە دەڤەری گەرمیانی کەرکووکدا، لە ئاوایی حەوتەغاری دارا نیشتەجێ بووە.
* حەمە ئاغا (١٨٧٢ – ١٩٥٩) کوڕی ئیبراهیم ئاغای خوبیلەی کاکەییە، لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی سەرشەقام دادەنیشت، لە ساڵێکدا جارێک یا دوو جار بۆ دیدەنی تەشریفی دەهێنایە تۆپزاوەو بە زۆریش دەبووە میوانی مەلا عەباس حیلمی کاکەیی، بە ناودارێکی ئەو رۆژگارەی کاکەیی حسێب دەکرێت، شاعیر عەبدوڵڵا زێوەر لە کتێبەکەیدا گەنجینەی مەردان و یاداشتی رۆژانەی دەربەدەریدا ناوی ئەم زاتەی هێناوە و سوودی لێ بینیوە.
* محەمەد جان وەیسی بەگ (١٨٨٥ – ١٩٦٠ ی ز.)، ئەم زاتە سەرەک هۆزی گل بووە لە ناوچەی گەرمیاندا، باپیرەی شەهید نیزامەدین گلییە، لە ئاوایی (کۆرمۆر) دادەنیشت، ئەم زاتە پیاوێکی سەرڕاست و چاوتێر بووە، دژ بە رژێمی عوسمانی بووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٠٧ ی ز. گرتوویانەو بۆ ماوەیەک لە بەندیخانەی کەرکووک بەندکراوە.
* سەیید محەمەد جەباری (١٨٧٨ – ١٩٣٦ ی ز.) کوڕی سەمەد کوڕی قادرە، سەرەک هۆزی جەباری بووە، خەڵکی دەڤەری گەرمیانی کەرکووکە، پیاوێکی پیاوانە و مرۆڤێکی رۆشنبیرو شاعیر بووە، بەرهەمەکانی بە چاپ گەیشتوون.
* سەیید ئەحمەد خانەقا (١٨٦٧ – ١٩٥٢ ی ز.) کوڕی شێخ حوسێن خانەقای ئال سەردارە، لە بنەماڵەی سەیدەکانی بەرزنجییە، لە شاری کەرکووک دادەنیشت، پیاوێکی وریاو ژیرو ئازاو چاوتێرو نیشتیمانپەروەر بووە، لە خواترس و بەئاین بووە، هەر لە کەرکووکدا

خانەقای هەبووە کە تا ئەمڕۆ ئەو خانەقایە هەرماوە، لەناو خەڵکیدا بە سەیید ئەحمەد خانەقا ناوبانگی دەرکردووە، لە هاوشانی شێخ مەحموودی نەمر دا لە ساڵی ١٩١٥ ی ز لە شەڕی شعەیبە دژ بە ئینگلیزی داگیرکەر بەشداری کردووە.

* شێخ عەبدولکەریم شێخ حوسێن بەرزنجی – قادر کەرەمی، پیاوێکی بە ئاین و مرۆڤێکی رۆشنبیر بووە، زۆر حەزی لە ئاوازو مەقامی کوردی بووە، دەستی شیعر نووسینیشی هەبووە، کۆمەڵێ بەرهەمی جۆراو جۆری لە پاش بەجێ ماوە.

* مەلا حەکیم کەرکووکی، زانایەکی بەناوبانگی ئاین پەروەری ئەو رۆژگارەی شاری کەرکووک بووە.

* مەلا مەجید قوتب: مرۆڤێکی زاناو رۆشنبیرێکی کورد بووە، لە بواری ئەدەبدا دەستی نووسینی هەبووەو چەند کتێبێکی جۆراو جۆری داناوە، لە کەرکووک دادەنیشت، کتێبێکی بڵاونەکراوەی هەیە لەسەر گوندەکانی دەڤەری کەرکووک، ژمارەیە لەو کتێبە فۆتۆکۆپی کراوەو لای بەڕێز مامۆستا ئەحمەد تاقانە پارێزراوە.

* شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی لە ساڵی ١٩٥٤ ی ز. دا بە خۆی و تاقمێ لە دەروێشەکانی تەشریفیان هێنایە تۆپزاوە، شەو کوڕێکی زکریان بەست، ئەم زاتە پیاوێکی سۆفی بوو خاوەنی تەکیە و هەزاران دەروێش بوو ئێستا شێخ محەمەدی کوڕی لە شوێنی نیشتەجێیە.

* دەروێش ئەمیر حەیاتی – دەروێش و تەمیرە ژنێکی بەناوبانگی ئەهلی هەقی کوردستانی رۆژهەڵاتە، لە ساڵەکانی چل و پەنجاکانی سەدەی رابردوو زۆر ئاموشۆی ئاوایی تۆپزاوەو گوندەکانی کاکەیی



دەڤەری گەرمیانی دەکرد، وەکو بیستم لەم ساڵانەی دواییدا کۆچی دوایی کردووە.

* دەروێش حەبیبەڵڵا – سۆفییەکی ئەهلی هەقە، ئەو خواردنەی لە گیاندار بوایە وەک گۆشت، شیر، ماست، رۆن، هێلکە نەیدەخوارد، خەڵکی قەزای (کرن)ی، سەر بە شاری کرماشانی کوردنشین بوو، ماوەیەکیش لە سەهنە دانیشتووە. لە پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو لە ساڵێکدا یەک دوو جار بۆ دیدەنی و دەروێشی دەهاتە تۆپزاوە، ئاموشۆی مەلا سەیید عەباس حیلمی و سەیید سابوورو دەروێش غەیبوڵڵا سەلیم و سەیید عەباس چۆسەوزی دەکرد، مرۆڤێکی روو خۆش و وریاو ژیر بوو، لە بواری پزیشکیشدا شارەزایی هەبوو، بەندەش چەند جارێک گەیشتوومەتە خزمەتی.

لە ساڵی (١٩٦٢ ی ز.) لە بەغدا لە نێو گومەزەکەی (شا ئیبراهیم)[٢٤]ی کاکەییدا شەوی جەژنی قوربان بەدەست چەند بکوژێکی ناپاک تیرۆرکرا و بوو بە قوربانی، هەر لەوێیش سپاردەی خاک کراوە، ئەمە تەنیا لەبەر ئەوەی کوردێکی کاکەییە.

* فارس بەگ بەیاتی: لە بەگزادەکانی هۆزی بەیاتە لە دەڤەری سلێمان بەگ و خورماتوودا، سەیید خەلیل ئاغای کاکەیی کە دانیشتووی تۆپزاوە بووە کچی ئەم زاتەی خواستووە، بۆیە زۆر هامشۆی تۆپزاوەی کردووە.

* شێخ حەبیب خەیزەران – ناودارێکی پایە بەرزو سەرەک هۆزی ئەلعەزە بووە.

* شێخ عەبدولڕەزاق عەلی سلێمان و شێخ جەباری برای – گەورەی

شێخەکانی هۆزی دلێم لە دەڤەری شاری رەمادی.

* شێخ عاسی عەلی ئەلعوبێدی – سەرەک هۆزی ئەلعوبێد لە ناوچەی قەزای حەویجە، وەکو دەگێڕنەوە پیاوێکی پیاوانەو قسەزان بووە، جیاوازی لە نێوان کوردو عەرەب نەکردووەو کاکەیی خۆش ویستووە، مەزهەری کوڕیشی پیاوێکی پیاوانە و نەترس بوو، هەق بێژ و ڕاستگۆ بوو لەسەر ڕێبازی باوکی دەڕۆیی بۆیە کاکەیی و تێکڕای کوردی زۆر خۆش دەویست و کوردیش ڕێزی لێ دەگرت.. خوازیارین نەوەکانیشیان لەسەر ئەو ڕێبازە پیرۆزە دەڕۆیشتن بۆ ئەوەی بسەلمێنن کورد و عەرەبی دەڤەری کەرکووک برا بوونە و تا دنیا دنیایە بە برایەتی دەمێننەوە.
* فەیزوڵڵا بەگی تاڵەبانی و شێخ تالیبی کوڕی – سەرەک هۆزی تاڵەبانی بوون لە دەڤەری داقووقدا.
* شێخ محەمەد یوونس – ناودارێکە لە سەییدەکانی تەلەعفەر، بە ڕەگەز کاکەیین و نەوەی شا ئیبراهیمی بەغدادین، بەڵام لە بیستەکانی سەدەی پێشووەوە لە ڕێبازی کاکەیی لایانداوە و بە زمانی تورکیش دەدوێن، زۆربەی ئامۆزاو خزم و کەس و کاریان لە کەرکووک و شاری کرماشان نیشتەجێن و خۆیانیش بە کورد و کاکەیی ڕەسەن دەزانن.

## ئەو چۆرتم و کێشانەی کە تووشی دانشتوانی تۆپزاوە بوون:

– مێژوو نەخشەی شەڕو ڕووداوو و سەرگوزەشتەو وتاری جۆراو جۆری کۆنمان بۆ دەگێڕێتەوە، جا ئەو ڕووداوانە خۆش بن، یان دڵتەزێن دەبێ ئەو کولتوورانەی کە فەرامۆش کراون بە هەموو لق و



پۆپەکانیەوە زندوو بکرێنەوەو لە لاپەڕە بێگەردەکانی مێژووی نەتەوەکەماندا تۆمار بکرێن، تا نەوەی ئەمڕۆ و دوارۆژمان کەڵک لە لایەنە پوختو پرشنگدارەکانی وەربگرن، ئەمەش ئەو کێشە و ڕووداوە ناخۆشانەیە کە لە ماوەی (١٠٠) ساڵدا بەرۆکی دانشتوانی دێی تۆپزاوەی گرتووە:

* لە ساڵی (١٩٠٢ ی ز.) ڕژێمی عوسمانی دانشتوانی ئاواییی (لاسین)ی لەسەر ئاو و زەوی و زار داوە بە گژ یەکا، کە بریتی بوون لە هۆزی کاکەیی و تاڵەبانی بۆ ئەوەی برا کوژی و ڕقەبەری و بەربەرەکانی لە نێوانی ئەوان و هۆزە کوردەکانی ئەو دەڤەرەدا بڵاو بکەنەوە، ئەمە بووەتە هۆی بەجێ هێشتنی ئاواییەکە، برا تاڵەبانییەکان بە سەرۆکایەتی شێخ عزەدین چوونەتە دێی (عەبدوڵڵا غانم)[٢٥]، کاکەیییەکانیش بە سەرۆکایەتی سەیید خەلیل ئاغا لە ساڵی ١٩٠٣ ی ز دا دێی تۆپزاوەیان بینا کرد و بۆ یەکجاری لێی نیشتەجێ بوون، تاڵەبانییەکانیش لە ساڵی (١٩٠٤ ی ز.)دا ئاواییی (سنوور)یان دروست کرد و گوێزایانەوە نێوی، ئەم جەنگە ناوە لێرەو لەوێ بەردەوام بووە تا ساڵی (١٩٠٥ ی ز.) لە ئەنجامدا چەند سەرەک هۆزێکی کوردی ئەو ناوچەیە کەوتوونەتە نێوانیانەوە و ئاشتیان کردوونەتەوە.
* لە ساڵی (١٩١٣ ی ز.) لەسەر ئاو و زەوی و زار جەنگ لە نێوانی تاقمێ لە برا عەرەبەکانی ئاواییی (شبێچە)[٢٦] و کاکەیی لە خوار ئاواییی (زەنقەڕ)[٢٧] لە دەوروبەری (تەپەی عوزێر)[٢٨] بەرپا بووە، لەو جەنگەدا عەرەبە هێرشکەرەکان زیاتر لە (١٧) کەس و (٢٠) وشتریان کوژراوە، کاکەیییەکان بێ زەرەرو زیان بوون، چونکە

ئەوان بە نیازی داگیرکردنی کێڵگەو زەویو زار هێرشیان کردووەو ئەمانیش لە سەنگەر و لە شوێنی خۆیاندا بوون، شایانی باسە (عوزێر ئەحمەد قەیتاسی کاکەیی و حەمید)ی کوڕی لەم جەنگەدا دەورێکی پرشنگداریان بینیوە، ئێستاش کاکەیی و عەرەبەکان باسی لێوە دەکەن، دانشتوانی (تۆپزاوە)ش بە سەرۆکایەتی سەیید خەلیل ئاغا لەو جەنگەدا بەشدارییان کردووە و ئازایەتییان نواندووە. جا عەرەبەکان کە بەسەرشۆڕی گەڕاونەتەوە بەدەم ڕێگاوە ئەم دروشمەیان وتووە: (هذا الخنزیر سواها.. دم العزیر دواها)، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ عوزێر قەیتاسی کاکەیی دەرسێکی باشی داونەتێ.

* لە ٢ی ئابی ساڵی (١٩١٤ ی ز.)دا ئاگری جەنگی جیهانی یەکەم گڕی سەند، لە ساڵی (١٩١٥ ی ز.)دا کۆمەڵێ لە دانشتوانی ئەم دێیە بە سەرۆکایەتی سەیید خەلیل ئاغا چوونەتە جیهادەوە و لە شەڕی شعێبەدا کە لە خوارووی شاری (بەسرە) لەگەڵ ئینگلیزدا رۆژی ١٥ی نیسانی ساڵی ١٩١٥ ی ز. روویداوە بەشدار بوون، جا بە هۆی ئەو جەنگەوە دانشتوانی تۆپزاوە و تێکڕای دەڤەرەکە تووشی کێشە و دەردەسەری و قاتی و نەهاتی بوونە، چونکە سەربازەکانی عوسمانی لەو جەنگەدا دۆڕان و لە کاتی کشانەوەیاندا ئازووقەیان لێ بڕاوە، ناچار وەکو گورگی هار کەوتوونەتە ناو خەڵکی، گوند و شار و شارۆچکەیان پشکنیوە و هەرچی زەخیرە و دانەوێڵەی خەڵکی هەیە پاک گزکیان لێداوە و بۆ خۆیانیان بردووە، جا ئەمە بووەتە هۆی مردنی بە دەیان کەس لە دێی تۆپزاوەدا لەوانە هەر سێ جگەر گۆشەکانی شاعیری چەوساوەکان خەلیل منەووەریشی بەرکەوتووە، هەروەها بە هەزاران



کەس لە ناوچەی گەرمیان و سەرجەم کوردستاندا لە برسانا گیانیان لە دەس داوە، دیدە ساڵەکان وا دەگێڕنەوە خەڵکەکە لە پێناوی مانەوەیان بە ناچاری گۆشتی هێستر و بارگیر و ئەسپ و گوێ درێژیان خواردووە، بۆیە ناوی ئەو ساڵەیان ناوە (ساڵی گرانی)، یان: (سەفەر بەر)، یان: (سەفەر بەلک)، یان: (سەفەر بەرلک)، وەکو شاعیر مەلا زەینەڵ حەوێش کاکەیی (١٨٦٦ – ١٩٢٢ ی ز.) دانشتووی شاری کەرکووک داستانە شیعرێکی بە ناوی (داستانی ساڵ ئاورایی)یەوە داناوەو بە جوانی نیگاری ئەو گرانی و کوێرەوەرییەی تێدا کێشاوەو دەڵێ:

یاران یاوەران، یاران یاوەران[٢٩]
گۆش دەن وەڕازم یاران یاوەران
چی شیعرو داستان بساندێ خەبەر
بژنەودێ بەحس ئاورایی و خەتەر
زەبیتەی عەسکەر پەرێ تەعەدا
ئەمر سادر کەرد تا مولک بەغدا
چە گەنم چە یەو زەخیرە یەکسەر
چە خەڵکی سەندن بە قوەی عەسکەر
چە ماش و چە نیسک چە خورماو زوڕات
پەی کەس نەهاستن چە یانە قنیات
بە قوەی سیلاح گشت فەرهوود کەردن
هەر چێش خێرش بی پەی وێشان بەردن
عالەم کەفت وە سوواڵ گەدا فراوان
موحتاج وارده بین توجاڕ تا گاوان

برِین سەر قاتر هەر چەنی بارگیر
مەواردن گۆشتش خەیلێ وە دڵگیر
ئی کار گوشندە غەدر نارِەوا
بە عالەم کەردن بی وە ساڵ ئاورا
چە شارو بازارِ بی وە واوەیلا
ساڵ گرانی وە نامش نریا
بە دیدەی وێم دیم زیاتر چە هەزار
چە ئاورایی مەرد بەردشان پەی مەزار
دیم لاشەی ئایل چەنی دایەکەش
کەفتەوی نە دەشت لەش چە بان لەش
پەی لوقمە نانێک بە هەفت و بە هەشت
شێتو شەیدا بی رووشان کەرد وە دەشت
بە دیدەی وێم دیم پەی یەک رێزە نان
وێشدا وە کوشت تەسلیم کەردش گیان

تا دەڵێ:

یە (زەینەڵ) واتەن ئی فەردو داستان
بمانۆ تاریخ پەی قەوم و دۆستان

***

* میرزا خەلیل منەووەری شاعیریش (١٨٧٨ – ١٩٢٣ ی ز.) لەو ساڵەدا دوو داستانە شیعری داناوە و تیایاندا بە وردی باسی ئەو چۆرتم و کێشانە دەکا کە بە هۆی جەنگی جیهانی یەکەمەوە تووشی خەڵکەکە بووە لە یەکێ لەو داستانانەدا دەفەرمێ:



هەڤدەی رەمەزان (أشرف الشهور)[٣٠]
خێزا چە (تاوغ) زەلزەلەی (في الصور)
ئێرادەی سوڵتان ساحێب سەریر
پەیدا بی گوڵبانگ سەدای رەشبگیر
ئیعدام عیراق بەرشی بەر قەرار
پەی سەوق و دەردەست پەی قەتل و کوشتار
مەئموور میللەت (عیسا ئەفەندی)
ساحێب مەفرەزەی دەوڵەت پەسەندی
وەکیل دەردەست عەشرەتان بێداد
نە مولک کەرکووک تا قەشقەی بەغداد
هەر شەو نا غافڵ پەی بەخت نەگبەت
شەبەیخوون مەدا وە سەر یەک عەشرەت
چوار دەور قەریە مەداشان حەسار
مەکەردشان زوڵم فەقیر و هەژار

***

لە جەنگنامەی سەفەر بەریشدا دەفەرمێ:

بە ئەمر فەرمان پادشای جەببار[٣١]
جیهاد ئەکبەر چە عام بی ئیزهار
وە (سەفەر بەرلک) جیهان گرفتار
بی وە رەشبگیر سیغار و کیبار
غیرەت غایب بی چە غیرەتداران
مەرگ موفاجات خێزا چە شاران

هیممەت هەوا بەست پەی ئەوج ئەفلاک
مەردان بێ هیممەت زەنان سەر نەخاک

تا دەڵێ:

هەر کەس پەرێ وێش کەفتە چارەسەر
بێزار چە حەیات وەتەن دەربەدەر
فەقیر فیرار بی لووا پەی هەردان
شەریک شیوەن هەناسە سەردان
فەللاح فەنا بی کاروانچی بێکار
بەرپا بی نەهات فەقیر و هەژار
گوشاد بی دەرگای زوڵم و زەلالەت
نیهان بی نومرەی عەدل و عەدالەت
سەراسەر عالەم کەفت وە زاری و شین
بی وە(یوم الحشر) نە رووی سەر زەمین

تا دەڵێ:

توجاران تالآن دوکانان دەربەس
بی وە شاگەردان کەس نەبی وە کەس
ئەسەردا چە عام جەبرو زوڵم و زوور
خانەی فەقیران تەمام بی خاپوور
فەرهود و یەغما سەراسەر مالآن
بە وێنەی چەپاو بەردشان وە تالآن
زایەڵەی زاری فەقیر و مسکین
یاوا بە گەردوون چەرخ هەفتەمین

***



* لە ساڵی (١٩٤٧ ی ز.)دا – دانشتوانی ئاواییی تۆپزاوە دوو ڕووداوی ناخۆشی بە نسیب بووە:

یەکەم – لە بەهاری ئەم ساڵەدا کوللەیەکی زۆر لە ناوچەکەدا پەیدا بووە، بووەتە هۆی نەهێشتنی هەموو دەغڵ و دانێک و بەرپا بوونی گرانی و کوێرەوەری، جا ئەو ساڵە بە ساڵی کوللەکە ناسراوە، شایانی باسە سەیید فەتاح ئاغا لە (شاری بەغدا و خاڵسەوە گەلێ گەنم و جۆ و خورمای بە شەمەنەفەر هێنایە ئاوایی و بەسەر خەڵکیدا دابەشی کرد)[٣٢].

دووەم – جەنگ لە نێوانی کاکەیی و چەند بنەماڵەیەکی کۆچەری لە هۆزی (تەی) لە خوارووی ئاواییی (دەللسی بچووک)[٣١] بەرپابوو، بێگومان ئەو عەرەبانە نیازیان داگیرکردنی زەوی و زاری جوتیارەکان بووە، بە پیلانی رژێمی ئەو رۆژگارە بووە، جا دانشتوانی تۆپزاوەش شان بەشانی کاکەییەکانی ئەو دەورو بەرە لەو جەنگەدا بەشدار بوون، لە ئەنجامدا ئەو خێزانە عەرەبانە بەرەو دێی (دەگمات) هەڵاتن کە ئاواییەکی عەرەب نشینە و دەکەوێتە خوارووی کەرکووکەوە بە (٢٥) کیلۆ مەتر، لەو جەنگەدا ئەم جەنگاوەرانەی کاکەیی شەهید بوون:

* سەیید فەخرەدین عەلی ئاغای کاکەیی – دێی عەرەبکۆیی (رۆستەمئاوا).
* مارف عەلی خەمانی کاکەیی – دێی دەللسی بچووک.
* ئیبراهیم زێدان
* حەمید ئەحمەد لتەیف
* رومەیز توعمە گەتڵ

ئەم سێ سوارەی دوایی بە نەتەوە عەرەبن و لە هۆزی ئەلعەزەن هەر لە مێژا سەر بە کاکەیی بوونە و ئێستاش نەوەکانیان لەگەڵماندا دەژین.

* لە ساڵی (١٩٤٨ ی ز.) لە سەردەمی پاشایەتیدا شەڕی برا کوژی لە نێوانی برایانی تاڵەبانی و کاکەییدا لەسەر ئاو و زەوی و زار دووپات کرایەوە، لەو جەنگەدا کاکەییەکان ئەم زەرەرو زیانەیان لێ کەوت: (جاسم سەیید محەمەد کەتە کوژرا و مام زۆراب ئیساف و سەیید محەمەد کەتە و مەهدی زەینەڵ مەحموودی بەیاتیش بریندار بوون، ئەسپەکەی سەیید محەمەد کەتەش گیانی لەدەس دا)، لە ئەنجامدا بۆ یەکجاری ئاشت بوونەوە و بوونە برای گیان بە گیانی.. با ئەوەشمان لەبیر نەچێ ئەم جۆرە شەڕ و رقەبەرییە لە ناو هۆز و بنەماڵەکانی کورد زمانا بە زۆری دەستی بێگانە و ناحەزانی کورد و رژێمی ئەو سەردەمەی تێدا بووە.. شوکر لە ئەمڕۆدا ئەو جۆرە ناکۆکی و بەربەرەکانییە لەناو کوردا بنبڕ کراوە و کورد هۆشیار بووەتەوە و ئیتر بە قسەو پیلانی بەدکاران فریو ناخوا.
* خەڵکی ئەم گوندەش وەکو دانشتوانی هەر گوندێکی کوردنشین لە کوردستاندا بەدەس بەعسی دیکتاتۆرەوە چەوساونەتەوە و تووشی گەلێ دەردەسەری و گاشەو کێشەو بەرەی ناخۆش و دڵتەزێن هاتوون لەوانە: دەربەدەری و ئاوارەیی و کوشتن و بەند کردنی چەندین لاوی بێ تاوان هەروەها لە ساڵی (١٩٧٠ ی ز.)یەوە رژێمی بەعسی هەڵوەشاوی گۆڕ بەگۆڕ بە نیازی تەعریبکردنی ئەو ئاوایییە کوردنشینە برێ خێزانی عەرەبی بەعسییان هێنایە دەورو بەری ئاواییی (مەتیق)، رۆژی ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٧٠ی ز.)دا لە کاتی جووت کردندا جەنگ لە نێوانی دانشتوانی تۆپزاوە و



ئەو عەرەبە داگیرکەرانە بەرپا بوو، لە ئەنجامدا بووە هۆی هەڵاتنی عەرەبەکان و شەهید بوونی دوو رۆڵەی نەبەزی کاکەیی مام هەیاس موترزاو خورشید خوسرەو، ئەمە لە لایەک لە لایەکی تریشەوە لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی رابردووەوە هەمیسان بە نیازی تەعریب کردنی ناوچەکە و ئەم ئاوایییە کورد نشینە برێ خێزانی عەرەبی بەعسییان لە تۆپزاوەدا نیشتەجێ کرد و زۆربەی زۆری زەوی و زاری جوتیارە بێ چارەو رەجاڵەکانیان بە ختوخۆڕایی بەوان بەخشی ئەمانیش لەو دوورە زرکەی چاویان دەهات و کەسیش نەدەوێرا بڵێ لەل، ئەگەر بهاتایە یەکێ فزەی بکردایە بە قەیچی زبانیان لە بندا دەبڕی، یان: وەکو ئەنفالە بەد بەختەکانمان زندە بە چاڵ دەکرا، یان: هیچ نەبێ بە ناوی تەرحیلەوە دەربەدەر و ئاوارە دەکرا بەرەو باکوور یان: بەرەو زەل و زوولاوەکانی باشووری ئێراق، شوکر بۆ یەزدان لە پاش رزگار بوونی ناوچەکە لە رۆژی ١٠ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ ی ز. دا ئەو خێزانە بەعسییە ترسنۆکانە بە بیستنی تەق و پۆقی چەکی رۆڵە نەبەردەکانی گوندەکە و هەڵهەڵە و چەپڵە رێزانی ژنە کاکەییە جگەر سووتاوەکان بە خێرایی هەندەی چاو تروکانێک کلکیان پێچایەوە ناو گەڵ و بە روو زەردی و شەرمەزاری بەرەو شوێن و جێگای خۆیان هەڵاتن.

جا ئەم ئاوایییە چۆن لە ساڵی (١٩٠٣ ی ز.) لە ژێر ئازار و زەرب و زەنگ و ململانێ بە زۆری تۆپز بینا کرا و لەدایک بوو، لە ساڵی (٢٠٠٣ ی ز.)یشدا لە تەمەنی (١٠٠) ساڵەییدا لە ژێر زەرب و زەنگ و لە سەرە مەرگدا بە دەستی ئازادی خوازان رزگار کرا و ئاڵای کوردستان، ئاڵای ئازادی و سەربەستی لەسەر قوتابخانەکەیدا بەرپا کرا و بە ئازادی شەکایەوە.. سوپاس بۆ یەزدان.. بۆ دەستەی ئازادی

خوازان، سوپاس بۆ ئەو کەسانەی چاکە دەکەن و سەربەستی و دیموکراتییان خۆش دەوێ – نەفرەتی خوا و پێغەمبەریش لە بەعس و دیکتاتۆر و خوێن مژان و ستەمکاران.

## شەهیدەکان:

ئەمەش ناوی ئەو شەهیدە نەمرانەی تۆپزاوەیە کەوا لە ماوەی سەد ساڵدا لە پێناوی کوردو کوردستان گیانی خۆیان بەخت کرد و بوون بە قوربانی:

١– جاسم سەیید محەمەد کەتە – ١٩٤٨ی ز.
٢– مام هەیاس موترزای عەبدەلی (١٩٢٢ – ١٩٧٠/١١/١٥ ی ز.)
٣– خورشید خوسرەو لەفتە (١٩٢٩ – ١٩٧٠/١١/١٥ ی ز.)
٤– وەلی ئیبراهیم محێدین (١٩٣٦ – ١٩٧٣/٨/٢٠ ی ز.) لەسەر پارتی و کوردایەتی رژێمی بەعس لە سێدارەی دا.
٥– نازم عەتیە شاواز (١٩٦٣ – ١٩٨٤ ی ز.)، بەعسییەکان گوللەبارانیان کرد.
٦– دکتۆر – نازم محێدین ئەحمەد (١٩٤٨ – ١٩٨٦ ی ز.)
٧– رۆستەم محەمەد عەلی (١٩٣٧ – ١٩٩١ ی ز.) لەسەر کوردایەتی بەعسییەکان لە پێش دەرگای ماڵی خۆیاندا گوللە بارانیان کرد.
٨– جەبار رۆستەم محەمەد (١٩٦٣ – ١٩٨٨ ی ز.)، ئەنفال کرا.
٩– سەلام جمعە جاسم (١٩٦٣ – ١٩٨٥ ی ز.)، بە نەتەوە عەرەبە، لەبەر ئەوەی ئەندامی پارتی بوو رژێمی بەعس گوللە بارانی کرد.

* ئەمانەش لە ساڵەکانی هەشتای سەدەی رابردوو لە جەنگە درێژ خایەنە پڕ خوێناوییەکەی نێوان ئێراق و ئێران بوون بە قوربانی ئەو جەنگە.



١– جەبار رۆستەم زۆراب
٢– جەهاد واحێد عەباس
٣– جەمال عەزیز محەمەد
٤– ئەسغەر عەباس مەهدی
٥– سەمین مەهدی زەینەڵ
٦– غالب حوسێن رەمەزان
٧– قابیل رفعەت مەدحەت
٨– غازی حەسەن عەلی
٩– بیلال عەبدوڵلا رەمەزان
١٠– سوعاد عەبدوڵلا رەمەزان
١١– حەسەن سەیید عەلی سلێمان
١٢– ئەحمەد حەسەن سەفەر
١٣– محەمەد ئەحمەد مەحمود
١٤– شامل هەواس بابا

* لە دوای پرۆسەی ئازادیش لە ساڵی ٢٠٠٣ ی ز. بەدواوە ئەم رۆڵە کورد پەروەرانەی کاکەیی کە خەڵکی ئاواییی تۆپزاوەن تیرۆر کراون و چوونەتە ریزی سەروەرانی کوردستانەوە:

١– ملکۆ بەیات کەریم (١٩٧٧ – ٢٠٠٤/٢/٢ ی ز.)
٢– سەرکەوت تەیب غەفوور (١٩٧٥ – ١/١٦/ ٢٠٠٥ ی ز.)
٣– مازن شەوکەت خورشید (١٩٧٩ – ٢٠٠٥/٦/١٤)
٤– سیروان رۆکان رەمەزان (١٩٧٦ – ٢٠٠٥/٧/١٤ ی ز.)
٥– سەعید عەزیز رەمەزان (١٩٥٦ – ٢٠٠٦/١/٢٢ ی ز.)
٦– جایر عەزیز فەتحی (١٩٧٦ – ٢٠٠٦/٦/٢٠ ی ز.)
٧– ئەدیب غائیب غەفوور (١٩٦٨ – ٢٠٠٦/٧/٤ ی ز.)

٨- غالب جاسم فلاّمەرز (١٩٧١ - ٢٠٠٦/٧/٤ ی ز.)
٩- رەمزیە ئیبراهیم نەجم (١٩٧٢ - ٢٠٠٧/٧/٢٨ ی ز.)
١٠- موحسن عەلی هەیاس (١٩٧٦ - ٢٠٠٧/٨/١٢)، هاوسەرەکەشی لەیلا رەزا محەمەد لەدایکبووی (١٩٧٦ ی ز) لەهەمان ڕۆژدا کە گوێی لە هەواڵی کوشتنی مێردەکەی بوو بە کلاشینکۆف خۆی دەکوژێت و هەردووکیان پێکەوە سپاردەی خاک کران.
١١- ستار زۆراب مورتزا (١٩٧٢ - ٢٠٠٧/١٠/٤)

**جلوبەرگ:**

- جاران تا سەرەتای هەفتاکانی سەدەی رابردوو پیاوەکان کراس و شرواڵی درێژی سپی و چاکەتیان دەپۆشی و پشتێنی قەفەداریشیان دەبەست، کلاّو و مشکی، یان: جەمانەیان دەبەست بە سەرەوە، هەیش بوو کەواو سەڵتەو فەقیانەی دەکرد، یان: کەواو چاکەتی دەپۆشی، پێلاّوەکانیشیان بە زۆری کەلاّش بوو، خۆیان لە بەن دەیانچنی، جێی سەیرە بە هیچ جۆرێک جلکی کوردی وەکو رانک و چۆخە، ستارخانی، مرادخانییان نەدەکرد. من وەک هەموو دانیشتوانی دەڤەرەکە پێم وایە ئەمە لەبەر ئەوەی لەگەڵ عەرەبەکاندا هاوسنوورن و ئەوان لەم رووەوە کاریان تێ کردوون. زۆر بە چاکی لە یادمە لە ساڵی ١٩٦٢ لە هەڕەتی لاوێتیدا بووم، لەگەڵ دوو یاوەری هاوزامدا (فەرزی سەیید سابوور و خوالێخۆشبوو کاک سعود محێدین) کە دانشتووی تۆپزاوە بووین بڕیارمان دا هەرسێکمان بەرگی کوردی بکەین، هەر چۆنێک بوو بەندە بڕیاری خۆم هێنایە دی و بەو بەرگە پیرۆزەوە کە بۆ یەکەم جارە دەیپۆشم بەناو کۆڵانە بەرین و تەنگەبەرەکانی ئاواییەکەمدا هەندێ گەڕام، کە خەڵکی چاویان پێ کەوتم ژن و پیاو کوڕو کچ بەلایانەوە



گەلێ سەیر بوو، جا بە تەوسەوە دەیانوت: ئا ئەمە کێیە..؟
ئەرێ ئەمە فیسارە کەس نییە..؟!
ئاخۆ بۆ ئەو جلکە سەیرەی پۆشیوە..؟
لەمەش سەیرتر یەکێ دەیوت: لاچن، لاچن کەوچک فرۆش هات..!!
ئەوی تر دەیوت: وەرن کۆببنەوە پەڕۆ بێنن بنێشت فرۆش هات..!!
بە هەقیقەت منی هەرزەکاری شەرمن لەو تەمەنەدا تا رادەیەکی زۆر شەرم دایگرتم.. ئارەقەی زەردو سوور زەنگۆڵ زەنگۆڵ بەسەر روومەتە زەردەکانمدا شۆڕ دەبووەوە.. قسەکانیان بەلامەوە لە جنێو تیژتر و کاریگەرتر بوو.. لە رۆیشتندا پێم رێی نەدەگرت.. هەر چۆنێک بوو خۆم گەیاندە ئەو دوو ئاوەڵەم کە بڕیارمان دابوو لە شوێنێکی دیاریکراودا لە سێبەری دیواری نەخۆشخانەی دێکەدا بەو بەرگەوە یەک بگرینەوە، روانیم ئەوانیش بە قاقای پێکەنینەوە پێشوازییان لێ کردم و بەڵێنەکەشیان فەرامۆش کردووە.. جا بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمە ئەو رۆژگارە وابوو بەلاّم ئێستا دەزانم و بۆم روونە ئەو خەڵکە تا رادەیەک مافی خۆیان بوو چونکە ئەو بەرگە لەو سەردەمەدا کە بە هۆی منەوە لەپڕ بە دیار کەوت بەلای دانشتوانی گوندەکەوە نامۆ بوو، تەنیا لەبەری برا هەورامانییەکاندا دەیانبینی کە بە هاوینان بەو بەرگەوە دەهاتنە ئەو ئاواییە و دەورو بەر بۆ کڕینی پەڕۆ و پیتاڵ و فرۆشتنی بنێشت و قاپ و قاچاخی دارین و سەرەن و بێژنگ، لە پاش بەندەش لە ساڵی ١٩٦٥ ی ز. دا عوزێر مام ئەحمەد لە هەمان دێدا کە هەستی کوردایەتی ناخی هەژاندبوو دەسێ رانک و چۆخەی شەککەری جوانی کرد و لە جەژنەکان و شاییەکاندا بێ پەروا دەیپۆشی بە تایبەتی لە جەژنی نەورۆزدا، شوکر لە پاش بەیاننامەی

١١ی ئازاری ساڵی / ١٩٧٠ زۆربەی زۆری لاوە کورد پەروەر و خوێن گەرمەکانی ئاوایی بە سەربەستی پۆشاکی کوردی خۆماڵی دەپۆشن و شانازی پێوە دەکەن، بەندەش ئەوە ساڵەهای ساڵە بەبێ پەروا بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەبەرمدایە و گەرمیان و کوێستانی پێ دەکەم. بەرگی ژنانیش بریتی بوو لە کراس و کەوا و سوخمە و سەرپۆش و چارۆکە و پاپۆشی درێژ.. بەڵام لە ئەمڕۆدا ژنان چەشنی دەستە خوشکانی شارییان تەنیا کراسی شۆڕی رەنگاو رەنگ دەپۆشن، جلکی کوردی کەمتر بووەتەوە و خەریکە وا بەرە بەرە لێی دەتۆرێن، تەنیا لە جەژنی نەورۆز و ئاهەنگ و شاییەکان و سەیرانگاکاندا لەبەری دەکەن.

## ئایا لە کوردستاندا ئاوایی تر بەم ناوەوە هەیە..؟[٣٣]

– بەڵێ جگە لەم تۆپزاوەیە چەندین ئاوایی تر لە کوردستاندا بەم ناوەوە هەیە وەکو:

(١) تۆپزاوە – سەر بە شارۆچکەی بەعشیقە لە شاری مووسڵ، دانیشتوانی شەبەکن.
(٢) تۆپزاوە – سەر بە شارۆچکەی عەشایەر سەبعە لە شاری مووسڵ.
(٣) تۆپزاوە – سەر بە شارۆچکەی (سمێڵ) لە شاری دهۆک.
(٤) تۆپزاوە – سەر بە شارۆچکەی عێنکاوە – هەولێر.
(٥) تۆپزاوە – سەر بە شارۆچکەی برادۆست – هەولێر.
(٦) تۆپزاوە – سەر بە شارۆچکەی کۆیە – هەولێر.
(٧) تۆپزاوە – سەر بە شارۆچکەی سوورداش – سلێمانی.
(٨) تۆپزاوە – سەر بە شارۆچکەی ناودەشت – سلێمانی.





(٩) تۆپزاوە – لەسەر رێگای کەرکووک و تکریت – کەرکووک.
(١٠) تۆپزاوە – سەر بە شارۆچکەی شوان – کەرکووک.

## دەروێشەکان:

– لە ئاواییدا چەند دەروێشێک هەبوون خاوەنی سمێڵ و ریش و پرچی درێژ بوون، هەمیشە خەریکی خوا پەرستی و زیکرو ویرد بوون لەوانە:

(١) سەیید عەباس نەسرەدین (١٩١٠–١٩٩٤/١٢/١٧ی ز.) بە سەیید عەباس چۆسەوز ناسرابوو، دووکانێکی ئاسنگەری هەبوو، بە زۆری چەقۆ و داس و داسوولکە و شویش مەڵۆی دروست دەکرد.
(٢) دەروێش غەیبوڵڵای کوێخا سەلیم قۆچاغلی (١٨٩٥ – ١٩٧١ ی ز.) شارەزایی لە حیکایەت گێڕانەوە و مەتەڵ و پەندی پێشینان و دەرمانگەری کوردەواری و ناوک گرتنەوە هەبوو.
(٣) دەروێش نەجم حەیدەر (١٩١٠ – ١٩٨٠ ی ز.) پیاوێکی سادەی هەژار بوو.

## جەژنی نەورۆز و خەڵکی ئاوایی تۆپزاوە:

– بە کورتی و بە شێوەیەکی گشتی بەلای کاکەییەوە جەژنی نەورۆز گەلێ پیرۆز و مەزنە چونکە موبارەک شای لوڕستانی (١٠٢١ – ١٠٩١ ی ز.) کە بە شاخۆشین ناسراوە ناودارێکی پایەبەرزی کاکەییە لەم رۆژە پیرۆزەدا لەدایک بووە، شایانی وتنە ئەم زاتە یەکەم شۆڕە سوارە کەوا بناخەی کاکەیی بە ناوی یارسانەوە دامەزراندووە.

(زۆر بە چاکی لە یادمە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٩ ی ز. ئاگری نەورۆز بە ئازادی لەسەر کۆشکەکەی فەتاح ئاغا لە تۆپزاوەدا لەلایەن

مامۆستایان خەزعەل رەشید یادگارو عەبدولموتەکەبرو جوامێر فلامەرز نۆفڵ و یادگار رەشیدو تالیبی برای و بەندە و برێ لە لاوانی ئاوایی کرایەوە و بڵێسەی چوو بە ئاسمانا، جا لەو ساڵەوە خەڵکی تۆپزاوەو سەرجەم کاکەیییەکانی ئەو دەڤەرە شەوی نەورۆز لە سەربان و جێگا بەرزاییەکاندا ئاگری خۆشی، ئاگری رۆژی نوێ، ئاگری جەژنێکی کۆنی کورد دەکەنەوە کە موژدەی سەربەستی و ئازادی بۆ گەلی کوردی چەوساوە هێنا. خەڵکی تۆپزاوەش وەکو هەر کوردێکی بە ئەمەک و دڵسۆز بە شەوقەوە پێشوازی لە رۆژی نەورۆز دەکەن ئەو رۆژە رووناکە کەوا جەرگی شەوەزەنگی درِی و رۆشنایی بەرپاکرد، بەڵێ لەم رۆژەدا کاوەی ئاسنگەر ئەم رۆڵە نەبەردەی کورد بە تۆپزی سەر ئاسنین کەللەی زوحاکی تەقاند و هەواڵەی دۆزەخی کرد و سەرتاسەری وڵاتی کردە مەشخەڵان، بۆیە هەر هەموو دانشتوانی ئاوایی بەو جەژنە دڵخۆشن و جەژنە پیرۆزەش لەگەڵ یەکدا دەکەن و هەموو ساڵێکیش لەم رۆژەدا بۆ سەیران دەچنە دەورو بەری گومەزەکەی (ئیمام زەینەلعابەدین[٣٤]) کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی داقووقەوە بە چەند کیلۆ مەترێک، لەوێ نانی نیوەڕۆ دەخۆن و بۆ چەند جارێکیش چایی لێ دەنێن – ئەو رۆژە تا عەسرێکی درەنگ لەوێ بە خۆشی دەمێننەوە، شایانی وتنە ئەوە چەند ساڵێکە ئەو شوێنە بووەتە جێگاو مەڵبەندی سەیرانگای سەدان خێزانی کورد لە هەر ساڵێکدا، لە هەموو ئاواییەکانی دەوروبەری داقووق و خورماتوو رووی تێ دەکەن، هەروەها لە کەرکووک و دووبز و پردێ و سلێمان بەگ و بێجیشەوە بۆ سەیران دێنە ئەوێ، لە زۆر شوێندا تاقم تاقم ژن و پیاو دەس دەگرن و گۆرانی دەڵێن و شایی دەکەن و ئەو رۆژە بە خۆشی و کامەرانی دەبەنە سەر، خوا لە هەموو لایەکمانی ئاڵۆز نەکات..



ئەمەش چامە هەڵبەستێکی فۆلکلۆرییە گۆیندە تیایدا باسی جەژنی نەورۆز و ئاگر و کاوەی ئاسنگەر دەکا و دەڵێ:

شەوێ چوومە ماڵەوە[٣٥]
فانۆسم لێ کوژایەوە
ژنە عەزیزەکەی من
دارو پەرِۆی هێناوە
لەگەڵ بوتڵێکی نەوتا
ئاگری تێ بەرداوە
کاکە جەژنتان پیرۆز
خودا بە ئێمەی داوە
سالان سالانی زوو
زوحاک گەلێ بەدخوو بوو
کاکە کاوەی ئاسنگەر
بە گورز ئەوی کوشتبوو
کوردانی لەو بەدکارە
بە خۆی رزگار کردبوو
ئافەرین سەد ئافەرین
بەو دایکەی تۆی هێنابوو
عەشرەت جەژنی نەورۆزتان
لە زوو بۆ کوردان مابوو
کاکە جەژنتان پیرۆز
لە هەموو عەشرەت و هۆز

**راوچییەکان:**

– ئەم راوچییانەش جێنشینیان دێی تۆپزاوەیە، هەمیشە خاوەنی تاژی و تووڵە بوون و بە پایزان و زستانان راوە کەروێشک دەکەن:

١– مام تەیب مام رەمەزان (١٩٢٨ ی ز. – )، ئەم راوچییە لە تافی لاوێتییەوە خەریکی راوکردنە و لە رادەبەدەر ئارەزووی لێیە.

٢– شوکر سەعدوڵڵا شەهاب (١٩٣٢ – ١٩٩١/٣/١٧ ی ز)، لەناو خەڵکیدا بە شوکر سۆنە ناسراوە، مەلا عەباس حیلمی لە شیعرێکدا ناوی هێناوەو دەڵێ:

سەلامم هەنەن چە شوکر سۆنە
خاوەن تانجی رەش پاسکیلە کۆنە[٣٦]

٣– ئیبراهیم دەروێش نەجم (١٩٤٧ – ١٩٩٣ ی ز).

٤– باوە حوسێن باوە هەیاس (١٩٤٧ – ٢٠٠٤ ی ز).

**تەونکارەکان:**

– لە کوردەواریدا گەلێ پیشەی جۆراو جۆری فۆلکلۆری باو و باپیران، داو و داپیرانمان هەن کە مۆرکی رەسەنایەتی نەتەوەکەمانی پێوە لکاوە، یەکێ لەوانە پیشەی تەونکارییە کە تایبەتە بە ژنان و ئەم بەرهەمانە دەچن (مافوور، بەڕە،بەرماڵ، سفرە)، ئەمەش ناوی هەندێ لەو ژنە تەونکارە دەس رەنگینانەیە کە نیشتەجێی ئەم ئاواییەن:

١– خاتوو گوڵەی مەلا عەباس حیلمی (١٩٣١ – ١٩٧١ ی ز).

٢– سەعدە خانمی حەمەی عەبدەلی (١٩٢٧ – ).

٣– خاتوو گوجەی سەیید محەمەد فەتاح (١٩٣٧ – ).

٤– خاتوو غەزالی زەینەڵ خدر (١٩٣٠ – ١٩٨٥ ی ز).



٥– خاتوو شیرین عەلی حەسەن (١٨٩٥ – ١٩٧٤ ی ز).

٦– خاتوو نەجمەی فەتحی جەژنی (١٩٣٧ – ).

٧– خاتوو خێریە خوادا خوسرەو (١٩٣٢ – ٢٠٠١ ی ز).

**جەڕاحەکان:**

١– مام مەدحەت مام ئەڵماس مام قەیسەر (١٨٩٥ – ١٩٧٠/٧/١٤ ی ز)، ئەم مرۆڤە پیاوێکی پیاوانەو میوان دۆست و سەر راست بووە، لە بواری شکستەدا شارەزاییەکی چاکی هەبووە، ئەوەی لە گوندەکە و دەوروبەردا دەستی یان لاقی بشکایە بە خێرایی خۆی دەگەیاندە لای ئەم زاتە، ئەمیش بەبێ پاداشت لە پێناوی مرۆڤایەتی و خزمەتی کۆمەڵ بۆی دەگرتەوە و دەیهێنایە جێگای خۆی و بۆ ماوەی چەند رۆژێک چاک دەبووەوە. بەندە لە ساڵی ١٩٦٢ی زدا لە یاریکرندا دەستێکم شکا، بەزوویی خۆم گەیاندە لای ئەم زاتە و بۆی گرتمەوە و لە ماوەیەکی کەمیشدا چاک بوومەوە، خوا لە گوناهی خۆش بێ.

٢– دەروێش ئەحمەد رەزا (١٩١٧ – ٢٠٠٢ ی ز) ئەمیشیان لە بواری شکستەو لەجێچوون تا رادەیەک ئاشنایی هەبووە و لەم بوارەدا خزمەتی کردووە.

**لە بواری بیناسازیدا:**

١– قەمەر نەفەر ئەحمەد (١٩٢٧ – ١٩٧٤ ی ز) لە بواری بیناسازیدا دەستێکی رەنگینی هەبوو، مرۆڤێکی کورتە بالای گورج و گۆڵ و خێرابوو، رۆژانە هەر بە ئاسانی ١٠٠٠دانە خشتی کاڵی دەبرییەوە.

٢– شەوکەت خورشید حوسێن (١٩٣٦– ) ئەمەش بیناسازێکی چاکە.

## یارییە فۆلکلۆرییەکان:

– وەکو دیدە ساڵەکانی تۆپزاوە دەگێڕنەوە زووتر خەڵکی ئاوایی بە تایبەتی لاوەکان و مێرد منالەکان وەکو وەرزش بە خۆشی و کامەرانی بەم یارییانە و بە دەیان یاری تریش هەڵدەستان و کاتی خۆیانیان پێ دەبردە سەر: (یاری قولان، هەلوکان، شەقێن، مشتوکوشت، کلاوێن، چاڵەوێن، گورز بن مێخکێ، چاوشارکێ، قەرەقەرە، کلاو رفکێنە، قاپان، یەکباز، سێباز، تیقمانە جووت، مورجخێن، دامە، قوتەران، سێڕسکان، نۆڕسکان، گولان، بابی بابی، مزراحێن، یەکلوحەیزەران، کلاو لە ژێر داوانکێ، یاری بەغاو بەسرە، مەلا داد، سێوەر سێوەرکێ، تەڵە و رێوی، نانە رەقە.. پشتە تەقە، تەق تەق، هۆ رێوی رێوی.. رێوی بێ ئیمان، تەندوورە قوێمە، کاوڕە لەڕێ، دار کێشکێ، هۆ شوان هۆو..).

## سەیرانگا:

– زووتر تا ساڵی (١٩٦٣) رۆژانی جەژن و بەهاران بە دەیان خێزان بە گەورەو بچووکەوە بە پۆشاکی نوێوە لە ئاوایی تۆپزاوەو گوندەکانی دەورو بەرەوە لە (شێخ ئیبراهیم) کۆ دەبوونەوە و دەستیان بە شایی و هەڵپەڕکێ دەکرد، یەکێک گۆرانی بۆ دەوتن، یان لە پڕ هونەرمەندێکی میللی پەیدا دەبوو بە ئامێری دووزەلە یان شمشاڵ سەیرانگاکەی دەڕازاندەوە.. ئەمە ئەو رۆژە تا دەمەو ئێوارە وابوو.. لە بیرمە لە ساڵەکانی پەنجاو شەستەکانی سەدەی رابردوو بە بەهاران بە خاو خێزانەوە ژن و پیاو گەورەو بچووک روومان دەکردە ئەوێ، زۆرجار نانی نیوەڕۆمان لەناو گوڵ و مێرگدا دەخوارد و چاییشمان نۆش



دەکرد، ئنجا بەزمی گۆرانی و هەڵپەڕکێ دەستی پێ دەکرد، بەڵام لە پاشاندا کە حیزبی بەعسی هەڵوەشاو بە ناخێری گیانیان لە ناوچەکەدا وەکو ئەهریمەن پەیدا بوون ئەم سەیرانە خۆشەیان لێ تێکداین، دەک خوا ماڵیان کاول بکات و تۆویان لەسەر ئەرز ببڕێ.

## پەندی پێشینان:

– ئەمە چەند پەندێکی کۆنی کوردەوارییە کەوا لە دیدە ساڵەکانی ئاواییەکە بە دەستمان هێناون:

### أ. بە شێوەزاری کرمانجی خواروو:

١– ئەگەر تۆ یەک مەنی من دوو مەنم.. جگە لە کێش و تەمەنم.

– واتە: ئەگەر تۆ زانای من دانام و لە تۆیش زۆرتر دەزانم و بە تەمەنیش لە تۆ گەورەترو دنیا دیدەترم، لە ناو کۆمەڵیشدا لە تۆ سەنگین و رێزدارترم.

٢– ئەوەی بەرز بفڕێ نزم ئەنیشێتەوە.

– ئەم پەندە بە یەکێک دەوترێ کە زۆر لووت بەرز بێ و بە خۆی بنازێ و هەمیشە خۆی بە زل بژمێرێت.

٣– ئاگاداری ماڵی خۆت بە و دراوسێ مەکە بە دز.

– ئەمە بە یەکێکی بێ دەسەڵاتی دەڵێن کەوا کەم تەرخەمی کردبێ لە پاراستنی ماڵ و سامانەکەی و دزرابێ، لە ئاکامدا بەرۆکی دراوسێیەکانی گرتووبێ، یا یەکێک بە منالەکانی دەیڵێ بۆ ئەوەی ئاگاداری ماڵی خۆیان بن و لە دز و تالانچی بیپارێزن.

٤– ئەگەر هۆڕت پڕ بێ.. با پێڵاوت شڕ بێ.

– واتە: ئەگەر دەستڕۆ بیت و گیرفانت پڕ بێ، با پێڵاوەکانیشت شڕ بن، دەتوانی بەو پارەو پوولەی کە هەیتە هێ نوێ بکڕی، بەڵام ئەگەر گیرفانت بەتاڵ و سارد و سڕ بن ئەوە هیچ.

٥– ئەو خوانەی دوعای ئەدەی بەردی تێ مەخە.

– واتە: بە هۆی هەر کەسێکەوە بە روو سووری بۆ خۆت و منداڵەکانت نانت بە چنگ کەوت، تیرو توانجی تێ مەگرە و بە خراپی ناوی مەهێنە.

٦– بڕۆرە شارێ کەس نەتناسێ

خۆت هەڵکێشە پڕ بە کراسێ.

– ئەمە بە یەکێکی فیشاڵکەر و درۆزن دەوترێ، واتە: لای یەکێک درۆ بکە کە نەتناسێت.

**ب. ئەمەش چەند پەندێکە بە شێوەزاری ماچۆ (گۆران):**

٧– ئەوەڵ مەپەرسا هامسا وەژەنی

دووەم مەپەرسا دایەو فەرزەنی

– واتە: ئازاری دراوسێکانت مەدە چونکە لەو دنیا یەکەم پرسیاری دراوسێکانت لێ دەکەن، ئنجا دایک و باوک و منداڵ.

٨– ئاو چە دمای بێلم نمەیەو..!

– ئەمە یەکێکی ژیر دەیلێ کە مناڵەکانی، یا خەڵکی بە گوێی نەکەن.

٩– خزم وێمانەن بۆیە قورپش نییەن.

– واتە: خزمی خۆمانە بۆیە ڕێزی لێ ناگریت.

١٠– خنەش رەنگ نمەگێرۆ.



– واتە: قسەی رەواجی نییە.

١١– دەلیل هاوردم کاران کەرۆ جەم

نەزانام دەلیل بارم کەرد چە خەم.

– یەکێک دەیڵێ کە پەنای بۆ یەکێ بردبێ ئیشەکەی بە چاکی بۆ ئەنجام بدات کەچی خراپتری کردبێت.

١٢– سەد حۆقە رۆن سمێڵش چەور نمەکەرۆ.

– بە یەکێکی فیز زل دەوترێت.

١٣– گ گردەکانێ خڕەن، بەڵام گ خڕێ گردەکان نییەن.

– بە یەکێکی نەزانی دیمەن پەرست دەوترێت.

١٤– ئەگەر وەچەم دیت وە دەم مەواچە،

مەلۆ وە ملت تەوق دوهاچە.

– واتە: ئەگەر نەنگی یەکێکت بە چاو بینی هاشاری بدەو بۆ خەڵکی مەیگێڕەوە ئەگینا تەوقی دۆزەخت لە گەردن دەکەن، ئەم پەندە بە یەکێک دەوترێ کە دەربارەی نەنگی ئەم و ئەو بدوێت.

## مەتەڵی فۆلکلۆری:

* ئەمەش چەند مەتەڵێکی کوردەوارییە، لە دانیشتوانی تۆپزاوە بە دەستمان هێناون:

١– نە وەرمش هەنەن نە خۆراک

چە دۆست و دوژمن بێ باک – مەبەست لە ئاوە.

٢– نە گیاندارەن نە خویندارەن

بێ دەس و پا شەبقەدارەن – مەبەست لە قارچکە.

٣– ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت چەویرەن

چە نام مەلەکان کامشان وە شیرەن.

وەڵام:

ئەقڵدارەنا ئەقڵم وە فامەن

ئا مەل توو ماچی شەمشەمش نامەن – مەبەست لە شەمشەمە کوێرەیە.

٤– ئێژم، ئێژم (تەور) ئێژم

ناوی ئەوەم پێت ناوێژم – مەبەست لە تەورە.

٥– ئاخۆ ئەمانە چین؟

داری بێ گوڵ، خواردنی بێ دڵ، میوەی بێ توێکڵ – مەبەست لە هەنجیرو ماسی و گۆگجەیە.

٦– سەگی هار لە بان دار

کلۆ کلۆ بەفر ئەخاتە خوار – مەبەست لە تیخی سەرتاشینە.

٧– قەڵایەکم هەیە گەچگەچینە

نە پای هەیە نە پارچینە – مەبەست لە هێلکەیە.

**دابونەریت:**

– ئەمەش چەند نموونەیەکە لەو دابونەریتانەی کە لە ئاواییی تۆپزاوەدا باوی هەیە:

* خەنە: ئەگەر خەنە لە نزیکی منداڵی تازە لەدایکبوو بگیرێتەوە وا



دەزانن ئەو منداڵە تووشی رەنگ زەردی دەبێت.

* ددان: ئەگەر منداڵێکی نێرینە ددانی بکەوتایە، ژنان، یان دایکی منداڵەکە ئەو ددانەی دەخستە ناو پارچە پەڕۆیەکی بچووکەوەو بە نهێنی دەیانخستە ناو سەنوقی عەتار، یان دێوەرە، یان گەڕیدەوە، وایان دەزانی بەم کارەیان ئەو کوڕە چاو نەترس و ئازا، ژیرو وریا و قسەزان دەبێ، چونکە عەتار و دێوەرە و بەقاڵ لەبەر ئەوەی زۆر دەگەڕێن هەڵبەتە زۆریش دەزانن، بەڵام بۆ کچ ددانەکەیان فڕێ دەدایە سەربان و دەیانوت: پیسەکە برۆ.. پاکەکە وەرە.

* منداڵ: منداڵی ساوا لە پاش ئەوەی پێ دەگرێ بە گاگۆڵکێ بڕوات وا دەزانن میوانیان دێ.

* زمان: ئەگەر یەکێ زمانی خورا وا دەزانن بە دیداری دۆستێکی دوور وڵاتی شاد دەبێ و وتو وێژێکی خۆش ئەنجام دەدەن.

* ئاو: بە شەوان ناهێڵن کووپی ئاو یان (کوندە) بێ جام بێ وا دەزانن بە شەوان جنۆکەکان و فریشتەکان دێن ئاو دەخۆنەوە، جا ئەگەر هاتو بێ جام بێ ئەوە فریشتەکان و جنۆکەکان دوعای شەڕو نەفرەتیان دەکەن و دەبنە هۆی بێ بەرەکەتی ماڵیان و خۆیانیش تووشی زیان و نەخۆشی دەبن.

* بۆن: ئەو منداڵەی تووشی نەخۆشی بۆن بێت وا دەزانن بە هۆی بۆنێکی تیژەوە تووشی بووە، جا ئەو بۆنە خۆش بێ یان ناخۆش.. بەهەر جۆرێک بێ دەرۆن عەتر، یا هەر بۆنێکی خۆش پەیدا دەکەن و دەیهێنن و لە شوێنێکدا دایدەنێن، ئنجا خواردنێک بە شیرەمەنی دێنن وەکو: نوقڵ، خورما، شەکرۆکە، مێوژ، یان هەر خواردنێکی دی لەو جۆرە خواردنانە لە نزیکیەوە دادەنێن، بۆ ئەوەی بۆنەکەی

وەرگرێ، لە ئەنجامدا ئەو خواردنە دەرخواردی تووشبووەکەی دەدەن، باوەڕیان وایە بەمە چاک دەبێتەوە.

* بولبول: ئەو منداڵەی کە درەنگ زمان بگرێت ئاوی بەر پەلەوەری بولبولی دەدەنێ، یان هێلکەی کۆتری بە کوڵاوی دەدەنێ گوایە بە مانە بە زوویی زمان دەگرێ.

* تیراوێ: بۆ چارەسەرکردنی ئەم دەردە پەلەوەری سەرگەڕیان دەسووتاندو بۆ چەند جارێک خۆڵەمێشەکەیان لێ دەدا.

### شایی و زەماوەند:

* ئەم بابەتە زۆر دوورو درێژە بەڵام من لێرەدا بە کورتی باسی لێوە دەکەم.

دانیشتوانی ئاوایی (تۆپزاوە) و تێکڕای دەڤەرەکە زووتر بە زۆری لە وەرزی بەهاران و پایزاندا شاییان دەگێڕا، چونکە لەم دوو وەرزەدا دانیشتوانی گوند کاریان نییە و دەستیان بەتاڵەو ئاو و هەوایش خۆشە، رۆژانی پێنج شەممە و هەینی بووک دەگوێزرایەوە، جاران دەوڵەمەندەکان بۆ ماوەی حەوت رۆژ و حەوت شەو بە دەهۆڵ و زوڕناوە شاییان ساز دەکرد، خزمەکانی خۆیان و خەڵکی ئاوایی و دەوروبەر بۆ زەماوەند داوەت دەکران، ئامادەبووان ژن و پیاو پۆشاکی خاوێن و نوێیان دەپۆشی، خاوەن شایی بە گەرمییەوە پێشوازییان لێ دەکردن، رۆژێ پێش ئەوسا شوێن و جێگای دانیشتن و هەڵپەرکێیان ئامادە دەکرد، رەشماڵیشیان هەڵدەدا، بۆ نان خواردن چەند ئاژەڵێکیان سەر دەبڕی، خاوەن شایی و خزم و کەس و کاری و خەڵکی ئاوایی هەر هەموویان بازووی خۆیان لێ هەڵدەماڵی و کاریان دەکردو خزمەتی



میوانەکانیان دەکرد، لە شاییەکەدا پیاو و ژن، کچ و کوڕ دەستیان دەگرت و خۆشترین هەڵپەڕکێی رەشبەڵەکی کوردەوارییان ساز دەدا، جاری واش بووە بە ئامێری دووزەلە یا شمشاڵ شایی کراوە، رۆژێ پێش گوێزانەوەی بووک ژنێ قەیرەیان دەنارده ماڵی بووک، تا بووکەکە بە جوانترین شێوە برازێنێتەوە، ماڵی بووکەکەش ژنێکی باوەڕپێکراویان تەرخان کردووە تا لەگەڵ بووکەکەدا بڕواتە ماڵی زاوا، ئەم ئافرەتە پێی دەوترا (پێخەسوو)، کە لە هەندێ شوێندا (بەربووک)ی پێ دەڵێن، لەسەر ئەم بەروبووکە زۆر شیعری فۆلکلۆری وتراوە یەکێ لەوانە: (هە جوانترە، هە جوانترە، بەربووک لە بووک زۆر جوانترە) بووک بە زۆری بە ماین دەگوێزرایەوە، ماینی بووک زۆر بە جوانی دەڕازایەوە، ئەگەر ماڵی بووکەکە لە گوندێکی تر بوایە ئەوە خەڵکی بە خۆشی و زەوقەوە بە سواری وڵاخ دەچوون بۆ بووک هێنان، لە پێش ماڵی بووکدا دەبووە هەلهەلە لێدان و شایی و هەڵپەڕکێ تا بەربووک و پێخەسوو بووکیان دەردەهێناو بە چەپڵە ڕێزان و گۆرانییەوە بووکیان سواری ماین دەکرد.. لە گەڕانەوەدا چەند سوار چاکێک بە مەشق و سوار سوارانێ و رەمبازی و تەقەکردن بە ئاسماندا لە پێش بووک دەهاتن و دەچوون، تا دەگەیشتنە بەر ماڵی زاوا، لەوێیش دەبووە هەرا، دەنگی هەڵهەڵەو گیزەی گوللە و نەغمەی گۆرانی و شڵپەی چەپڵە تێکەڵ دەبوون و دەبووە ئاوازێکی خۆشی دڵڕفێن، شایی و لۆغان دەگێڕدرا، گۆرانی بووکانە.. بووکانە دەوترا.. هەر کەس بەسەر یاری خۆیدا هەڵیدەدا، ژنانی خانومان و کچانی نەشمیلانە و خرپن بە ئاوێنەی ئاگر بارانە و تارای رەنگامە و ئەسکوێوە لە پێشی بووکدا سەمایان دەکرد، بووک تارای زەردو سووریان داوە بە سەردا، زاوا لە سەربان قامیشێکی ها بەدەستەوە،

کە بووکەکەیان دەبردە ژوورەوە زاوا قامیشەکەی دەدا بەسەر بووکە نەشمیلانەکەیدا، برا زاوایش کە لەگەڵ زاوادا لە سەربان وەستاوە پڕ دەستەسڕێ پارەی وردەو نوقڵی رەنگاو رەنگ و چوکلێتی دەکرد بەسەر بووکەکەدا، منداڵان بۆ خۆیان کۆیان دەکردەوە. لە دوای گواستنەوەی بووک خەڵکی خواحافیزی و ماڵئاواییان دەکرد، هەر یەکە لە ئامادە بووان بە پێی توانا یارمەتی خاوەن شاییان دەدا وەکو: (ئاژەڵ، رۆن، برنج، شەکر).. هتد.

ماڵی زاوایش هەر یەکە دەستەسڕێکیان بەدیاری پێشکەش دەکردن لەگەڵ چنگێ نوقڵ و چوکلێتدا ئەمەش پارچە شیعرێکی فۆلکلۆرییە بە ناونیشانی بووکانە بووکانە بووکێ، لە کاتی خۆی لە خوشکە وازیح رەحیم خانە وەرگیراوە کە دانیشتووی تۆپزاوەیە:

بووکانە بووکانە بووکێ
بووک ئێمە چەند جوانە بووکێ
بووک ئێمە بووک نییە بووکێ
سەر تا پێی قوتنییە بووکێ
بووکمان هاورد لە دوورەوە
وە تورمەی زەردو سوورەوە
ماینێ بێنن نالکەن بووکێ
بووکێ بێنن سوارکەن بووکێ
بووکێ ئێژێ نابم سوار
هەتا زاوا نەبێ دیار
ئەو جێ بووک لێی شوشتن بووکێ
ساوین بە جێ هێشتن بووکێ



دایک بووک خۆی کوشتبوو بووکێ
هە دەر نایە هە دەر نایە
هەرچەند ئەکەین بووک دەرنایە
بە سەرو ماڵ بۆمان دەرنایە
بووکانە بووکانە بووکێ
بووک ئێمە چەند جوانە بووکێ

## پرسە و شیوەن:

* زووتر هەر کەسێک بمردایە بۆ ماوەی (٧) رۆژ پرسەیان بۆ دەگرتەوەو خەڵکی ئاوایی و گوندەکانی دەوروبەر بۆ سەرە خۆشی دەهاتنە لایان، خاوەن پرسە رەشماڵی هەڵدەدا، پیاو بۆ لای پیاو دەڕۆیی، ژنیش بۆ لای ژن، خێری شەو شام و هەفتەو چلەو سەرساڵییان بۆ دەکرد، لەو رێورەسمانەدا چەند ئاژەڵێکیان سەر دەبڕی و خەڵکی ئاوایی لەوێ نانیان دەخوارد.. ئەو کاتەی مردووەکانیان دەربکردایە سێ جار مردووەکەیان بە دارە تەرمەکەوە دادەنا و هەر جارەی نانێکیشیان لە پێشیدا دادەنا، بۆ ئەوەی دراوسێکان گەردنی ئازاد بکەن و نانەکەش لەبەر ئەوە بوو گوایە لەو کاتەدا سێ سەگی هەوشاری لە غەیبەوە دێن و دەیانەوێ هەڵمەتی مردووەکە بدەن، جا لەبەر خاتری ئەو نانانە لێی دوور دەکەونەوە، پێش ئەوەی تەرمەکە بگاتە سەر قەبر حەلوا یا خورمای خەستەوییان دەبردە سەر قەبران و لەوێ دابەشیان دەکردە سەر ئامادە بوواندا، ئێستا ئەو نەریتە نەماوەو بە ناڕەوای دەزانن، ماوەی پرسەش بووەتە سێ رۆژ. زووتر تا پەنجاکانی سەدەی رابردوو بۆ هەندێ مردوو

کۆتەڵیان دەبەست و چەمەرییان بۆ دەگێڕا بە تایبەتی بۆ گەنج و زاوا و بووک و پیاوە ئازا و جوامێرەکان، کۆتەڵکۆ ئەوەیە دوو داریان دەهێنا چەپ و راست دەیانبەست و پۆشاکی مردووەکەیان دەکرد بەسەرداو بە شیوەن و گریان و دەهۆڵ و زوڕناوە بە نێو ئاواییدا دەیانسووڕاند، دەهۆڵکوت و زوڕنا ژەنەکە ئاوازێکی حەزینیان دەژەنی تایبەت بوو بۆ مردوو، پێیان دەوت: (چەمەری)، ئەگەر مردووەکە خاوەن ئەسپ بوایە، ئەو کۆتەڵەیان دەخستە سەر ئەسپەکە و تفەنگەکەشیان لە پێشیدا دادەنا، یان ئەو کۆتەڵەیان لە نێو حەوشەدا دادەناو بە دەوریدا شیوەنیان دەگێڕا، ئێستا لەم رۆژگارەدا ئەم نەریتە بۆ یەکجاری نەماوە.

ژنێک سەر شیوەن دادێنێ و هەر جارەی ناوی کەسێک لە مردووەکانی ئەو ژنانە دێنێ بۆ ئەوەی زیاتر جۆش بدات بە شیوەنەکە و ژنەکانیش بە کوڵ بگرین، ژنان وەکو کۆرس رستەی (هەیوەی شێرە) بۆی دەسێننەوە هەر ژنێکیش لەو کاتەدا بێت سەری خۆی پەتی دەکاو بە دەم ویقەو هاوار کردنەوە پرچی خۆی رادەکێشێ و جار بە جاریش بە هەردوو دەس دەدا بە تەپڵی سەری خۆیدا، چەند ئافرەتێکیش لە خزمی مردووەکە بە ویقە کردن دەچن بە پیرییەوەو پێشوازی لێ دەکەن و ناوی مردووەکانیشیان دەهێنن.

ئەمەش نموونەیەکە لە گۆرانی شیوەن کە لە ئامۆژن (سەعدییە عەلی مەلا وەهاب) وەرگیراوە:

وای لەو شێرە شێری قەوی – هەیوەی شێرە
دای لە زەوی نرکەی نەوی – هەیوەی شێرە
چەو دەشت سەحرا تۆزێ ورێزا – هەیوەی شێرە



وای لەو شێرە کەفت ورنێزا – هەیوەی شێرە
خۆتان بکوژن هەر ئیمڕۆیە – هەیوەی شێرە
رۆڵە رۆیە، رۆڵە رۆیە – هەیوەی شێرە

ژنان لە دوای ئەوەی تاوێ شیوەن دەکەن و هەست بە هەندێ ماندوو بوون دەکەن، ئنجا لە شیوەن دەبنەوەو هەموویان بە شێوەیەکی بازنە بە کۆمەڵ دادەنیشن، ئافرەتێکی دەنگخۆشیش بە ئاوازێکی خۆش و حەزین دەلاوێنێتەوەو شیعریش لەبەر بۆیان دەخوێنێتەوە، ژنانی دەورو بەریشی لەگەڵیدا دەست بە نووکە نووک دەکەن و دەگرین..

ئەمەش چەند نموونەیەکە لەو شیعرانە:

ئەگەر ئەپرسی لە حاڵ دەردم
گریانت مەیەو پەی رەنگ زەردم
ئەڵێن لەو ژویرە بگیر بگیرە
چینێ کوژیایە چینێ یەخسیرە
*
برێ یەتیم دیم وێڵ و سەرگەردان
لە تاو بێ دایکی دەس لە یەک وەردان
*
برایەکم گەرەک لە دایکی خۆم بێ
شیر دایکم بخوا دا رەحمی بۆم بێ
*
یانەی براکەم وەرانوەرم بۆ
چراش بگرێۆ سۆمای چەمم بۆ
*

برا بێرەوە لە کێ ترستە؟
عەشرەت وە جارێ هەواڵ پرستە
*
باریکە تەرمێ دای وەم بەردەمدا
هەر چییە خێشەن بدان وە سەردا
*
کافر مەمکوژە خۆ من کوژیامە
دوو برا وە جارێ شەهید کریامە

لە تۆپزاوەدا ئەم ژنانە لە بواری سەر شیوەن دادان و لاواندنەوەدا شارەزاو دەنگیشیان خۆشە: (مەلەک زەینەڵ خدر، شوکریە مەدحەت، پوورێ مینا وارانی، نەجمە مورتەزا عەبدەلی، رەسمیە حوسێن فەتحی).

## جۆری چێشت و خواردەمەنییە فۆلکلۆرییەکانی تۆپزاوە:

– ئەمەش برێ لە ناوی ئەو خواردنە فۆلکلۆرییە کۆنانەیە کە ژنانی گورج و گۆڵی تۆپزاوە بە جۆرێ چاک، بەتام و چێژ ئامادەی دەکەن:

«ساوەر، ترخێنە (دۆینە)، هەڕشتە، یاپراخ، گەنمەکوتاو، نیسکێنە، ماش، قەرەخەرمان، سەروپێ، قاورمە، کاروان ئاشی، ترشاو، قنگر، تۆڵەکە، پەڵپینە، پاقلە، هاز (کاردوو)، چنگاڵ، سڵقەوا، قەیسی، خورما بە کونجی، دۆشاو و رۆن، خورما بە رۆن، حەلوا، مرخاو، تەماتە و بامیە» و هی تریش.



## گوڵە رەنگاو رەنگەکانی بەهار:

– ئەم گوڵە رەنگاو رەنگانە لە وەرزی بەهار لە دەوروبەری تۆپزاوەدا دەڕوێن و ئەو ناوچەیە بە بۆن و بەرامە و رەنگ دەڕازێننەوە: «گوڵە نێرگز، بەیبوون، گوڵە زەردە، گوڵە سوورەی نیسان، کەلاو سوورە (شەواڵە سوورە)، بزن ترێنە، لاولاو، گوڵە خاتوونە، گوڵە تەرعۆزیلە، شەوبۆ، هێرۆ، کنێرە، وێنجە، بۆتسکە، هەروەها گوڵە پایزەشمان هەیە» و بە دەیانی تریش.

## تەمەن درێژەکان:

* ئەم دوو دیدە ساڵە لە ئاواییەکەدا تەمەنی هەریەکەیان (١٣٣ – ١٤٠) ساڵ بوو.

١– دەرویش ئەحمەد قۆچاغلی (١٨٣٧ – ١٩٧٠ ی ز.) ئەم زاتە پیاوێکی زۆر لەسەرخۆ و هێمن بوو بۆیە لەناو خەڵکیدا بە ئەحەی دەنگنەکەر ناسرابوو.

٢– مەحموود عەلی (١٨٤٦ – ١٩٨٦ ی ز.)، لەبەر بچووکی و کورتە بالایی بە مەحموودە گەنە ناسرابوو، پیاوێکی گورج و گۆڵ و ئازا بوو، هەمیشە خەنجەرێکی دەبانی بە قەدەوە بوو.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

١- داقووق – ئەم شارۆچکەیە دەکەوێتە سەر ڕێگای کەرکووک و بەغدا، لە کەرکووکەوە (٤٥) کیلۆ مەتر دوورە، ناوی بە (دەقوقا)و (تاوغ) هاتووە، منارەیەکی لێیە بەرزاییەکەی (٧) مەترە، بە بەردی سوور بۆ بانگدان دروست کراوە، هی سەردەمی عەباسییەکانە، بە فرمانی سوڵتان موزەفەرەدین بینا کراوە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە گۆڤاری کۆڕی زانیاری ئێراق دەستەی کورد بەرگی / ١٠ – ساڵی ١٩٨٣ ی ز. ل ٣٦٩ (داقوق – دقوقاء في التاريخ) لە نووسینی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی.

٢- لاسین: شوێنەوارێکی کۆنی مەسیحییەکانە بە ناوی (لاشوم)، دەکەوێتە خۆرئاوای داقووقەوە بە (٨) کیلۆ مەترێک، لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەهەم کاکەییەکان بە سەرۆکایەتی سەیید خەلیل ئاغا ئاوەدانیان کردووەتەوە، لە ساڵی (١٩٠٣ ی ز) بۆ جارێکی تر چۆڵ کرا، ئێستا ئەو شارە دێرینە تەنیا ئاسەوارەکەی ماوە. بۆ بەدەس هێنانی زیاتر زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە سەرچاوەی پێشوو – جەمیل ڕۆژبەیانی. لە شیعرێکی فۆلکلۆریشدا بەم جۆرە ناوی هاتووە: (تەپەکەی سەلیم مۆڵ ئەخواتەوە.. یارم لە لاسین پێچ ئەکاتەوە) یان: (ڕێگەکەی لاسین هەر وردە بەردە.. یارێکم هەیە وەک ئاسکی هەردە).

٣- مەتیق: گوندێکی کاکەیی نشینە، دەکەوێتە ڕۆژئاوای داقووقەوە بە (٧) کیلۆ مەترێک بەعسییە ئەفلەقییەکان لە ساڵەکانی هەشتای سەدەی رابردوو کاولیان کردو بە نیازی تەعریبکردن بڕێ خێزانی عەرەبیان لێ نیشتەجێ کرد، لە پاش پرۆسەی ئازادی دانشتوانی پیاوانە ئاوەدانیان کردەوە.

٤- عەلیسەرا: دێیەکی جوانکیلەی کاکەیی نشینە، دەکەوێتە خۆرنشینی داقووقەوە بە (١٢) کیلۆ مەترێک، زووتر وێستگای شەمەنەفەری لێ بوو، مخابن لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی رابردووەوە بەعسییە گێرە شێوێنەکان زۆربەی زەوی و زاری جووتیارەکانیان دا بە عەرەبەکان، بۆیە زۆربەی جووتیارەکانی ئەم ئاواییە ئاوارە بوون و ڕوویان کردە کەرکووک و شوێنی تر.

٥- عەلوەتپاشا: گوندێکی بچکۆلانەیە (لهێب)یشی پێ دەڵێن، دەکەوێتە خۆرئاوای داقووقەوە بە (١٤) کیلۆ مەترێک، تەنیا کوڕو برازاکانی سەیید وەڵەد عەباس



قەڵخانلوی لێی نیشتەجێن، بەعسییەکان بە نیازی تەعریبکردنی چوار دەوریان بە عەرەب تەنیوە.

٦- عەرەبکۆیی: گوندێکی خۆش و دڵگیری کاکەیی نشینە، لە ساڵی ١٨٨٥ ی ز. سەیید ڕۆستەم ئاغا (١٨٥٧ – ١٩١٩) کوڕی سەیید محەمەد کوڕی سەیید ئیبراهیم ئاغا بە ناوی ڕۆستەمئاواوە ئاوەدانی کردووەتەوە، لە پاشاندا عوسمانییەکان ئەو ناوەیان بۆ هەڵبژارد چونکە گوندێکی (٣ – ٤) خێزانی لە پێش ئەمدا بە ناوی (عەرەبکۆیی)یەوە هەبوو بە (٥٠٠) مەترێک لە خوارووی ڕۆستەمئاواوە بووە، لە پاش چەند ساڵێک ئەوانیش خزانە نێوی ڕۆستەمئاواوە، بەڵام ناوی (عەرەبکۆیی) بڕا بە بالآیا و ئیتر لێی نەبووەوە. ڕۆستەم ئاغا یەکێک بووە لە سەرەک هۆزە هەرە بەناوبانگەکانی ئەو ڕۆژگارەی کاکەیی، بە جوامێری و چاوتێری ناسراوە.

عەرەبکۆیی دەکەوێتە خوارووی داقووقەوە بە (١٢) کیلۆ مەترێک، بەعسییەکان بە نیازی تەعریبکردن لە ئاخرو ئۆخری هەفتاکانی سەدەی رابردوو بڕێ خێزانی عەرەبیان لێ نیشتەجێ کردووەو تا نووسینەوەی ئەم بابەتە هەر ماون، زۆریش لە جووتیارەکانی ئاواییەکە دەربەدەر کراون و تا ئەمڕۆیش نەگەڕاونەتەوە.

٧- تاڵەبانی: بنەماڵەیەکی کوردن، بە ڕەگەز دەچنەوە سەر هۆزی (زەنگنە)، باپیرە گەورەیان ناوی مەلا مەحموودی زەنگنە بووە، لە دەڤەری داقووقدا تەنیا شێخەکانیان تاڵەبانین، دانشتوانی گوندەکانیان لەم هۆزانە پێک هاتوون: (زەند، لوڕ، لەک، گۆمەیی، چۆڵمەکی).

٨- سەیید خەلیل ئاغا: کوڕی سەیید محەمەد کوڕی سەیید ئیبراهیم ئاغایە، نەوەی ناوداری پایە بەرزی کاکەیی سەیید (شا ئیبراهیم) بەغدادییە، لە ساڵی (١٨٥٦ ی ز.) لە شاری کەرکووک هاتووەتە جیهان، پیاوێکی داناو ئاقڵ و وریاو ئازاو سوار چاک بووە، خوێندەوارییەکی چاکی هەبووە، لە دەوری سوڵتان عەبدولحەمید کراوەتە ئەندامی (دادگا) لە کفری، یەکێکە لە سەرەک هۆزە بەناوبانگەکانی کاکەیی لە ئێراقدا، لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەهەم دەورێکی بالآی بینیوە لە کۆکردنەوەی کاکەیی لە دەڤەری داقووقدا، لە ساڵی ١٩١٥ ی ز. لە شەڕی شعێبە دژ بە بەریتانیای داگیرکەر بەشداری کردووە،

پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ شێخ مەحموودی نەمرا هەبووە، لە ژیانیدا پێنج ژنی خواستووە، بەرهەمی ئەم هاوسەرانەی پێنج کوڕ بووە (مستەفا، فەتاح، نەجمەدین، جەماڵ، کەریم)، لە ساڵی (١٩٣٢) گەڵای ژیانی هەڵوەری و لە گۆڕستانی ئیمام ئەحمەدی کاکەیی لە کەرکوک سپاردەی گڵ کراوە.

٩- بڕوانە دیوانی شاعیری چەوساوەکان خەلیل منەووەر – هەردەوێڵ کاکەیی – چاپخانەی ئاراس – هەولێر / ٢٠٠٦ – ل / ٣٢٤

١٠- سەیید: تیرەیەکی وەجاخزادەی کاکەیییە، لەگەڵ سەییدە بەرزنجییەکاندا لە شێخ عیسی و مووسی دا یەک دەگرنەوە.

١١- باوە: تیرەیەکی وەجاخزادەی کاکەییە، ئەوەی ئیفلیج بێ یان مارو دووپشک پێوەی بدات، یان سەگی هار بیگەزێ بە خێرایی دەیبەنە تەکیەی (باوە).

١٢- سەرچاوەی پێشوو – هەردەوێڵ کاکەیی.

١٣- سەرچاوەی پێشوو – هەردەوێڵ کاکەیی – ل / ٢٥٢

١٤- بڕوانە کۆمەڵە شیعری مەلا عەباس حیلمی – هەردەوێڵ کاکەیی – بەغدا / ١٩٨٤ – ل / ١٤٢، ١٥٣، ٢٠٥).

١٥- جینگلاوە: ناوە راستەقینەکەی (عەدنانیە)یە و ئەم ناوەی فەرامۆش کراوە، لە ساڵی (١٩٣٨ ی ز)دا سەیید فەتاح ئاغای کاکەیی بە ناوی عەدنانی کوڕیەوە دروستی کردووە، دەکەوێتە باکووری دێی عەلیسەراوە بە (٤٠٠) مەترێک، ئێستا تەنیا ئاسەوارەکەی ماوە، لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو دانشتوانی کە بریتی بوون لە (١٠ – ١٢) خێزانێک ئاوارەی گەڕەکەکانی کەرکوک بوون.

١٦- هەڵبژاردەیەک لە هۆنراوەی فۆلکلۆری ناوچەی گەرمیان بەرگی / ٢ – لەتیف گلی و هەردەوێڵ کاکەیی – بەغدا / ١٩٩٥ ل (٢٦، ٤٤).

١٧- هەڵبژاردەیەک لە هۆنراوەی فۆلکلۆری ناوچەی گەرمیان بەرگی / ٣ – ئیبراهیم باجەلان و هەردەوێڵ کاکەیی – سلێمانی چاپخانەی شڤان / ٢٠٠٤ ی ز – ل / ٧

١٨- مام: کورتکراوەی (ئیمام)ە، تیرەیەکی وەجاخزادەی گۆرانی کوردن، کاکەیییەکانی ئێران پێیان دەڵێن: (کاکی).

١٩- ئۆمی: واتە (عامی)، ئەم تیرەیە لە تۆپزاوەدا بریتین لەم بنەماڵانە (لەک،



بەرەی جەژنی، ئەحمەدە کۆر، بەرەی شەشە، قەرەسەنی، بەرەی شاواز، جاف، کەوەڵەیی).

٢٠- فەتاح ئاغا: کوڕی سەیید خەلیل کوڕی سەیید محەمەد ئاغایە، ناوە راستەقینەکەی (عبد الفتاح)ە لە ساڵی (١٩٠٢ ی ز)دا – لە ئاواییی (لاسین) هاتووەتە دنیا، لە ساڵی (١٩٣٢ ی ز) لە پاش مردنی باوکی بووەتە سەرەک هۆز، مرۆڤێکی پیاوانەو جوامێرو ئازا بووە، میوان دۆست و چاو تێر، قسەزان و وریا بووە، هەرچەندە نەخوێندەوار بووە بەڵام دەستەی رۆشنبیرو شاعیران و هونەرمەندانی خۆش ویستووە، لە ساڵی (١٩٤٤ ی ز)دا کە رەزامەندی پەروەردەی ئەو سەردەمەی وەرگرتووە بۆ دامەزراندنی قوتابخانەی سەرەتایی لە ئاواییەکەدا، وەکو دیدە ساڵەکان دەگێڕنەوە ئاغایەکی دەورو بەری خۆی پێی وتووە: (ئاغا تۆ نیازت وایە هەر هەموو منداڵانی کاکەیی فێری خوێندەواری بێن و لە پاشەڕۆژدا وەکو خۆت فەرمووت ببنە فەرمانبەری فەرمانگەکان و مامۆستاو ئەندازیارو ئەفسەر، ئەی ئەو کاتە کێ لە دیوەخانەکەتدا خزمەت دەکاو ئاو دەکا بە دەستی خۆت و میوانەکانتا)؟

ئاغا لە وەڵامیدا دەفەرمێ: بریا پێش مەرگم ئەو خەونەم دەهاتە دی و بە چاوی خۆم دەمبینی دەستەیە لە مامۆستایان و ئەندازیاران و فەرمانبەرانی کاکەیی دەهاتنە دیوەخانەکەم، شەرتە ئەو کاتە کەس نەبێ خزمەتیان بکاو ئاو بکا بە دەستیاندا خۆم بە شانازییەوە بەو ئەرکە هەستم.

فەتاح ئاغا لەگەڵ زۆربەی وەزیرو ناودارانی دەوڵەت و سەرەک هۆزەکانی دەڤەری گەرمیاندا پەیوەندی و دۆستایەتی هەبووە، زۆربەی زۆری سامانەکەی لە پێناوی چاکەو پیاوەتی و لە ڕێی خوا خەرج کردووە، گەلێ زەوی و زاری هەبووە بەڵام کاتێ کە مرد یەک تاکە دیناریان لە گیرفانیدا دۆزیوەتەوە، شایانی وتنە لە سەردەمی ئەمدا کاکەیی لە ناوچەکەدا بووژاوەتەوە، هەر بە هۆی ئەمەوە کاکەیی زیاتر ناسرا و ناوی کەوتە ناوانەوە، بە یەکێ لە ناودارانی بەناوبانگی کوردو کاکەیی لە دەڤەری گەرمیاندا دەژمێردرێت، بە مردنی نەک تەنیا کاکەیی بەڵکو سەرجەم خەڵکی ناوچەکە خەساریان کرد، چونکە بۆ هەر هەموویان چاک بوو.

لە ساڵی (١٩٣٥ ی ز) لەگەڵ حەمدیەی کچی شێخ عەلی عەبدوڵڵای قەرەداخی

زەماوەندی کردووە، لەم ژنە شەش کوڕی بووە (عەدنان، قەحتان، ئەرجومان، سەرتیپ، ئەدیب، وریا).

سەیید فەتاح لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفیدا دۆستایەتی هەبووەو یەکیان خۆش ویستووە.

لە ساڵی (١٩٤٨ ی ز)دا بەشداری کردووە لە کۆبوونەوەی سەرەک هۆزەکانی ئێراق لە شاری (حیللە).

لە (١٩٥٤/٢/٢٠ ی ز)دا – لە تەمەنی (٥٢) ساڵیدا فرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە و لە گۆڕستانی ئیمام ئەحمەد لە کەرکووک بە خاک سپێردراوە، خوا بە بەهەشتی بەرینی ببەخشێت.

٢١– حەواشەکان: بریتییە لە چەند حەوشێک و چەند گومەزێک لە سەییدەکانی (ئەبو خومرە) و گۆڕستانێک، کاکەییەکانی کەرکووک و دەورو بەری بە شێوەیەکی گشتی مردوویان لەوێ بە خاک دەسپێرن، لە خوار دێی عەلیسەراوەیە بە (٣٠٠) مەترێک، دەکەوێتە رۆژئاوای داقووقەوە بە (١٢) کیلۆ مەتر.

٢٢– ئیمام ئەحمەد – ئەم زاتە کوڕی میرەبەگ کوڕی سەیید شا ئیبراهیمی کاکەییە، لە سەدەی هەشتەمی کۆچی ژیاوە، لە شاری کەرکووک لە گەڕەکی چای کۆچی کردووەو هەر لەوێیش سپاردەی خاک کراوە، کاکەییەکانی ئێراق لە هەموو شوێنێکەوە دێنە زیارەتی ئەم زاتە مەزنە.

٢٣– گۆڕستانی شێخ ئیبراهیم، گۆڕستانێکی زۆر کۆنە، ها بەسەر گردێکەوە، دەکەوێتە خۆرنشینی داقووقەوە بە (٧) کیلۆ مەترێک، گومەزی پیاو چاکێکی لێیە بە ناوی شێخ ئیبراهیم، زووتر کاکەییەکان و خەڵکی گوندەکانی دەورو بەری ئەم گۆڕستانە، رۆژانی جەژنان و بەهاران بۆ سەیران دەهاتنە دەورو بەری گومەزی ئەم پیاو چاکە.

٢٤– شا ئیبراهیم: کوڕی سەیید محەمەد کوڕی سوڵتان ئیسحاق کوڕی شێخ عیسی بەرزنجییە، گومەزەکەی لە بەغدا لە گەڕەکی شێخ عومەردایە، لە سەدەی هەشتەمی کۆچی ژیاوە، لە سەردەمی ئەم زاتەدا کاکەیی لە ئێراقدا بووژاوەتەوەو پەرەی سەندووە، لە بەغدا دانشتووەو هەر لەوێیش کۆچی دوایی



کردووەو سپاردەی خاک کراوە، لە ساڵانی (٢٠٠٢ – ٢٠٠٣ ی ز) سەیید عەدنان کوڕی سەیید فەتاح ئاغا (١٩٣٧ ی ز – ) لەسەر ئەرکی جوانە مەرگ میدیای برازای – لەسەر وەسیەتی خۆی گومەزەکەی بە شێوەیەکی زۆر جوان و رێکوپێک نوێ کردەوە، کاکەییەکان لە هەموو شوێنێکەوە دەچنە زیارەتی ئەم زاتە مەزنە.

٢٥– عەبدوڵڵا غانم: گوندێکی کورد نشینە، سەر بە شێخەکانی تاڵەبانییە، دەکەوێتە باکووری خۆرنشینی داقووقەوە بە (٩) کیلۆ مەترێک.

٢٦– شبێچە: گوندێکی عەرەب نشینە، دەکەوێتە خوارووی شاری کەرکووکەوە.

٢٧– زەنقەر: گوندێکی کورد نشینی کاکەییە، دەکەوێتە خۆرئاوای داقووقەوە بە (١٤) کیلۆ مەترێک.

٢٨– تەپەی عوزێر: ئەم گردە دەکەوێتە خوارووی دێی زەنقەڕەوە، کوێخا عوزێر کوڕی ئەحمەد قەیتاس (١٨٥٧ – ١٩٢٦ ی ز) قەڵایەکی لەسەر ئەم گردە دروست کردووەو لێی نیشتەجێ بووە، بۆیە خەڵکی ئەو سەردەمە ئەم ناوەیان بۆ گردەکە هەڵبژاردووە.

٢٩– شاعیر و ناودارانی کاکەیی – هەردەوێڵ کاکەیی – هەولێر / ١٩٩٠

٣٠– دیوانی میرزا خەلیل منەووەری کاکەیی – هەردەوێڵ کاکەیی – هەولێر / ٢٠٠٦ – دەزگای ئاراس. ل / ٣٨٢

٣١– دیوانی میرزا خەلیل منەووەری کاکەیی – ل / ٣٥٤

٣٢– گۆڤاری رەنگین ژمارە (٨٤)ی ساڵی ١٩٩٥ – ل / ٣٣ – فەتاح مورشد کاکەیی.

٣٣– بۆ ناوەکانی تۆپزاوە بڕوانە (أصول أسماء المدن والمواقع العراقية – الجزء الاول – المحامي جمال بابان) بەغدا / ١٩٨٩ – ل (١٩٣ – ١٩٤).

٣٤– ئیمام زەینەلعابەدین: (٣٨ – ٩٥ ی ک)، نازناوی عەلی کوڕی حوسێن کوڕی ئیمامی عەلییە لە مەدینە سپاردەی گڵ کراوە، گومەزی ئەم زاتە نەزرگایەکی ئەوی لێیە، دەکەوێتە رۆژ هەڵاتی داقووقەوە بە چەند کیلۆ مەترێک، لەسەر گردێکە بەرزاییەکەی (٥٠) مەترەیە، خەڵکی لە هەموو شوێنێکەوە دەچنە زیارەتی، لە جەژنی نەورۆزدا خەڵکی بۆ سەیران لە دەورو بەری کۆ دەبنەوە و

بووەتە سەیرانگای دەڤەرەکە.

٣٥- هەڵبژاردەیەک لە هۆنراوەی فۆلکلۆری ناوچەی گەرمیان بەرگی/ ٢ - ١٩٩٥ - ل / ٩

٣٦- کۆمەڵە شیعری مەلا عەباس حیلمی - هەردەوێڵ کاکەیی - بەغدا / ١٩٨٤ - ل / ٣٧٠

- هەروەها لەم پیرەمێردانەش زانیاریمان بەدەست هێناوە.

١- سەیید عەدنان فەتاح ئاغا (١٩٣٧ - ).

٢- رەشید یادگار مستەفا (١٨٩٤ - ١٩٩٢ی ز)، بەهەڵە لە شوناسنامەکەی نووسراوە (١٩٠٠ی ز).

٣- محەمەد عەلی هاجەر (١٨٩٤ - ١٩٨٩/٨/٨ی ز.).

٤- سەیید سابیر حەموود (١٩٠٧ - ١٩٨٨ی ز).

٥- دەروێش ئەحمەد رەزا (١٩١٧ - ٢٠٠٢ی ز).

٦- رەشید خدر عەزیز فەیسەڵ ( ١٨٨٧ - ١٩٧٦ی ز).

٧- مام حەسەن مام عەلی (١٩٠٧ - ١٩٨٢ی ز).

٨- مامۆستا حاتەم سەعید ئەحمەد (١٩٣٤ی ز - ١٩٩١/٣/٢ی ز).

٩- مامۆستا خەزعەل رەشید یادگار (١٩٣٤ی ز -) هەروەها گەلێ دیدە ساڵیش تریش.



## فەرهەنگۆکی شیعر و پەند و مەتەڵەکان

ئاورایی: برسێتی

ئایل: منداڵ

ئیستینطاق: دەمەتەقێ

بژنەودێ: گوێ بگرن

بساندێ: بکڕن

تورمە: تارا

تەوق دووهاچە: تەوقی دوو فیلچقانە، لە دۆزەخدا دەکرێ بە ملی گوناهباران

چە: جە، لە، ژە

چەپاو: تاڵان

چەم: چاو

چی: لەم

خەیلێ: زۆر

دما: دوا

دەردەست: دەستبەجێ

رەشبگیر: هەموو کەس بۆ شەڕ ناردن

زایەڵە: دەنگی شین و گریان، دولگە

زەبیتە: ئەفسەر

زەن: ژن

شەبەیخوون: پەلاماری شەوان بۆ سەر دوژمن

فەرزەن: منداڵ

قەشقە: قشڵە، هۆڵی نووستنی سەربازان بە کۆمەڵ

قنیات: خواردنی کەم

گردەکان: گوێز

گۆش: گوێ

گۆگجە: ئاڵووچە زەردە، ئاڵوەز

گوڵبانگ: بانگی بڵند، دەنگی سەرباز لە کاتی جەنگ و شەڕدا

گەدا: سواڵکەر

مەواچە: مەڵێ

نامش: نێوی، ناوی

نمەگێرۆ: ناگرێ

نەزانام: نەمزانی

نەهاستن: نەهێشتن

نیل: خوم، بۆ رەنگ کردنی پۆشاک بە کاردێ، رەنگێ شینی هەیە

وەرانوەر: بەرامبەر

وەرم: خەو

ویر: هزر، بیر

وێشان: کۆی وێش: خۆی

وێم: خۆم

هامسا: دراوسێ، هاوسێ

هەر: گوێدرێژ، کەر

هەنەن: هەیە

یەغما: تالان

یەو: جۆ



## پێڕست


پێشەکی ..... 5

چۆن وە کەی تۆپزاوە بیناکراوە؟ ..... 7

ناوی تۆپزاوە لە چییەوە هاتووە؟ ..... 8

ئەو خێزانانەی کە لە دامەزراندنی ئاواییەکەدا بەشدار بوون ..... 11

بنەماڵەکانی ئاوایی ..... 11

خانووەکانیان ..... 13

فەتاح ئاغاو چالاکییەکانی لە بواری نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی و بیناسازیدا ..... 13

دیوەخان و کۆشک و تەلار ..... 13

قوتابخانە ..... 14

قوتابخانەی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری ..... 15

بنکەی تەندروستی ..... 16

بیری ئاو ..... 16

خانووی برینپێچ و مامۆستاکان ..... 17

مزگەوت ..... 17

دەزگای ئاش ..... 18

تەلەفۆن ..... 19

کارەبا ..... 19

یەخچاڵ ..... 19

ئۆتۆمبیل ..... 19

رادیۆ ..... 20

ئامێری جووتکردن ..... 20

تەلەڤزیۆن ..... 20

گۆڕستانی دانیشتوانی تۆپزاوە ..... 20

رۆشنبیرو ناوداران و پیاو ماقووڵانی تۆپزاوه ........ 21
رۆشنبیرو کەسایەتی و پیاو ماقووڵانی ئەمڕۆی تۆپزاوه ........ 28
پزیشک و برینپێچەکان ........ 34
مامۆستاکان ........ 34
حیکایەتخوان و قسە خۆشەکان ........ 35
مۆسیقا ژەن و دەنگ خۆشەکان ........ 38
ئەو ناودارانەی تەشریفیان هێناوەتە تۆپزاوه ........ 41
ئەو چۆرتم و کێشانەی کە تووشی دانیشتوانی تۆپزاوه بوون ........ 48
شەهیدەکان ........ 57
جل و بەرگ ........ 59
ئایا لە کوردستاندا ئاوایی تر بەم ناوەوە هەیە؟ ........ 62
دەروێشەکان ........ 62
جەژنی نەورۆزو خەڵکی ئاوایی تۆپزاوه ........ 63
راوچییەکان ........ 65
تەونکارەکان ........ 66
جەراحەکان ........ 67
لە بواری بیناسازیدا ........ 67
یارییە فۆلکلۆرییەکان ........ 67
سەیرانگا ........ 68





پەندی پێشینان ........ 69
مەتەڵی فۆلکلۆری ........ 71
دابونەریت ........ 72
شایی و زەماوەند ........ 74
پرسەو شیوەن ........ 77
جۆری چێشت و خواردەمەنییە فۆلکلۆرییەکانی تۆپزاوه ........ 80
گوڵە رەنگاو رەنگەکانی بەهار ........ 80
تەمەن درێژەکان ........ 81
پەراوێز و سەرچاوەکان ........ 83

# ئەلبوومی وێنەکان



لەلای ڕاستەوە: پۆرێ تەمینە لەگەڵ زەکیەی کچیدا گەنم
بەبێژنگدا دەکەن – تۆپزاوە.



چەند کەسێک لە دانیشتووانی تۆپزاوە





شەهید ئەدیب غائب غەفوور



شەهید ستار مام زۆراب



شەهید سیروان رۆکان ڕەمەزان



شەهید غالب جاسم فلامەرز



لەلای ڕاستەوە:
عەزیز محەمەد، مام هەیەر خورشید



لەلای ڕاستەوە:
هەردەوێڵ کاکەیی، مەقامبێژ شەوکەت خورشید کاکەیی





لەلای ڕاستەوە:
هەردەوێڵ کاکەیی، پورێ سەعدەی
حەمەی عەبدەڵی



لەلای ڕاستەوە:
سەیید وەتە، هەردەوێڵ کاکەیی



محەمەد عەلی سەفەر و منداڵەکانی



چەند لاوێک لە دانیشتووانی تۆپزاوە خەریکی مەڕبڕینەوەن





عەزیز تەمە بە پۆشاکی کوردییەوە



خاتوو سەعدییە فەتحی جەژنی



کاک فەخرەدین لەگەڵ پەس و ڕەشماڵەکەیدا



شادڕەوان نەجم فەرەج دەروێش - باوکی هەردەوێڵ کاکەیی







شاعیر خەلیل منەوەری کاکەیی



خەلیف مام مەدحەت ئەڵماس
کەسایەتییەکی کاکەیی



مام عوزێر ئەحمەد –
کەسایەتییەکی کاکەیی



شەهید وەلی ئیبراهیم محێدین بە
وەلی کیشخان ناسراوە






شەهید موحسن عەلی هەیاس لەگەڵ
شەهید لەیلا رەزا محەمەدی هاوسەری



دەروێش فەرەج دەروێش




برینپێچ فاتیح جاسم فلامەرز



عەدنان ئاغای کاکەیی



بەیات کەریم مەحموود –
کەسایەتییەکی کاکەیی



خۆشنووس جەهاد سەیید زەینەڵ





دیوەخانەکەی فەتاح ئاغای کاکەیی



کۆشکەکەی فەتاح ئاغا



ماڵەکەی فەتاح ئاغا





لایەنێ لە ئاوایی تۆپزاوە



خانوویەکی قورین لە تۆپزاوەدا




لایەنێ لە ئاواییی تۆپزاوە



ئاواییی تۆپزاوە





حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ڕۆشنبیری
وەزیر

وەزارەتی ڕۆشنبیری

فەلەکەدین کاکەیی
وەزیری ڕۆشنبیری

لەبەر ئەوەی مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی خەڵکی تۆپزاوەیە، بۆیە ڕەشنووسەکەم بۆ برد، بۆ ئەوەی چاوێکی پێدا بخشێنێ تا سوود لە پێشنیارەکانی ببینم، بەڕێزی لە پاش خوێندنەوەی بەم نامەیە دەستخۆشی لێ کردم و هیچ پێشنیارێکیشی نەبوو.



لەلای ڕاستەوە: مەلا محەمەد، فەتاح ئاغای کاکەیی، مەلا ئەحمەد حەکیم، دەدە هیجری شاعیر، مەلا مەجیدی قوتب، مەلا عەلی لەیلانی - لە ساڵی ١٩٤٩ی ز. بەبۆنەی کردنەوەی باخچەی قەڵای کەرکووک گیراوە





لەلای چەپەوە: عەبدولئیلا، مەلیک فەیسەڵی دووەم، شێخ مستەفای قەرەداغی، سەیید فەتاح خەلیل ئاغای کاکەیی، داود بەگی جاف، شامل یەعقووبی، ئاغایەکی نەناسراوی گەرمیانی. وێنەکە لە ساڵی ١٩٥٢ی ز. لە بەغدا گیراوە.

# ئاوایی تۆپزاوە

لە تەمەنی سەد ساڵەیدا

١٩٠٣ - ٢٠٠٣



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ئاوایی تۆپزاوه

له‌ ته‌مه‌نی سه‌د ساڵه‌یدا

١٩٠٣ – ٢٠٠٣

ئاماده‌کردنی

## هه‌رده‌وێڵ کاکه‌یی



ناوی کتێب: ئاوایی تۆپزاوه – له‌ ته‌مه‌نی سه‌د ساڵه‌یدا ١٩٠٣ – ٢٠٠٣
ئاماده‌کردنی: هه‌رده‌وێڵ کاکه‌یی
بڵاوکراوه‌ی ئاراس– ژماره: ٦٧٦
هه‌ڵه‌گری: شێرزاد فه‌قێ ئیسماعیل
ده‌رهێنانی هونه‌ریی ناوه‌وه: ئاراس ئه‌کره‌م
به‌رگ: مریه‌م موته‌قیییان
چاپی یه‌که‌م، هه‌ولێر– ٢٠٠٧
له‌ کتێبخانه‌ی گشتیی هه‌ولێر ژماره (١١٦٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوه‌تێ

# پێشەکی

ژیانی ئاوایی و لادێیی بە شێوەیەکی گشتی گەلێ خۆش و بێ قۆرت و سادەیە، دانیشتوانی گوند هەر هەموویان وەکو خوشک و برا هەڵسوکەوت دەکەن و لە خۆشی و ناخۆشی یەکتردا هاوبەشن وەکو پێشینان وتوویانە: (شین و شایی بە دەستەوایی)، ژن و پیاو بەرەبەیان لە خەو هەڵدەستن و لە پاش نوێژو بەرچایی کردن هەر یەکە بەرەو کارو پیشەی خۆی رێ دەگرێتە بەر، ژن و پیاو کوڕو کچ شان بە شانی یەک هەمیشە خەریکی کاری کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەرە ماڵییەکانن، بۆ ئەوەی بە ئەرەقی نێو توێڵی خۆیان بژێو پەیدا بکەن و ژیانێ خۆش و بەختەوەرتر بۆ خۆیان و نەوەکانیان دابین و مسۆگەر بکەن، جێی سەر بەرزییە کورد بە تایبەتی گوند نشینەکان ئەو ژیانەیان بەلاوە خۆش و پەسەندە.

ئەگەر بێت و لە وەرزی بەهاردا بەتایبەتی لە دەوروبەری نەورۆز لە شارەوە بەرەو ئاواییەکی کوردنشینی بڕۆی ئیتر ئارەزوو ناکەی بەرەو شار بگەڕێیتەوە، ئەو دەشتە لە لایە بەسەوزە گیا و بەدژ و درەخت و گوڵی ڕەنگامە، لە هەڵاڵە و میلاقە و بەیبوون و وەنەوشە و هێرۆ ڕازاوەتەوە، لە لایە قاسپە قاسپی کەو و خوڕڕەی چەم و تاڤگەیە، لە لایە گۆمە ئاوی پڕ لە قاز و مراوییە، لە لایە هەڵبەز هەڵبەزی مامزی ئێسک سووک و لە لایە قونە قونکی کەروێشکە، لە لایەکی تر دەنگی شمشاڵی شوانە وێڵەیە و لە لایە چپە چپی



ئەویندارانە، جار بەجاریش هەردوو گوێت پڕ لە ئاواز و هەوای کوردی دەبێ، لە قەتار و خاوخۆش و ئەڵڵاوەیسی، یا: لاوک و حەیران، یا: یارغەزال و سیاچەمانە و سەوزە سەوزە و هۆرە.. هەر گەیشتیتە ئاوایی لە لایە جریوە جریوەی چۆلەکە و جووکە جووکی جووجەڵەیە و لە لایە گارەگاری باڕۆکە و مریشکە، لە لایەکیش کەڵەشێر دەقوولێنێ و لە لایەکیش قیرە قیرەی قاز و مراوییە، لەو لایەشەوە پۆل پۆل ژنانی بالا بەرزی نازفرۆش بەپۆشاکی ئالاو والاوە، بەچاوی پڕ لە کل و بەگەردنی پڕ لە مێخەکبەند و ملوانکەی زیو و زێڕەوە بەلەنجەولار گۆزەیان ها بەسەر شانەوە و هێدی هێدی بەرەو کانی ژنان و جۆگە ئاوەکان بۆ ئاوهێنان دەڕۆن، لەو لایەشەوە ئاودێرە گورج و گۆڵەکان هەریەکە بێڵ یا: خاکەنازی خۆی ها بەسەر شانەوە و بەرەو کێڵگە و مەزارەکانیان دەچن، شوانەکان کۆلەباڵیان لەبەرە و مێگەلەکانیان بەرەو لەوەڕگا دەبەن، گاوانیش گاڕامی ها بەدەستەوە و وەحەوەحە لە گاگەلەکەی دەخوڕێ و بەرەو سەوزەگیا و مێرگیان دەبا، ژنانیش یەکێ شلپەی مەشکە و زرڕەی بازنگی زێڕ و زیوی مەچەکی دێ و بەدەم سۆزەی گۆرانییەوە دەیژەنێ، ژنێکیش خەریکی ڕاژەندنی بێشکەیە و بەلایە لایە جگەرگۆشەکەی دەخەوێنێ، ئافرەتێکیش قیت و قنج لێی دانیشتووە هەویر دەشێلێ، خانمێ چاپووکیش تەندوورەکەی لە ئاگردا هێڵەی دێ و بەهەزار ناز و عیشوە گونکە هەویر دەبڕێ و نان بەتەندوورەوە دەنێ هەمیشە کۆمەڵێ ساوەری لە پێشدایە و بەدەستاڕ دەیهاڕێ، خانمی وایش هەیە کۆمەڵێ خوری لە پێشدایە و تەشی دەڕێسێ، یا: تەونکارە و بەڕە و مافوور دەچنێ، ژنی وایشمان هەیە لفکە و فانیلە و پویزەوانە و کلێتە و کڵاو و گۆرەوی و شۆرتک و

بەرهەمی سوودمەندی دیکە ئامادە دەکات، هەمیشە سەرقاڵی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵە، یا سەماوەرێکی زەردی لێ دامداوە و قوتووە شەکرەکەشی ناوەتە سەر ڕان و چای بەهێلی شیرین بۆ هاوسەرەکەی و منداڵەکانی یا میوانەکانی تێدەکات.

شەوانیش بەدەم شەوچەرە خواردنەوە بەگێڕانەوەی حیکایەت و چیرۆکی بەر ئاگردان و پەند و قسەی نەستەق و مەتەڵ شەوگار دەبەنە سەر. خۆزگە ئەو گوندنشینانەی کە ڕژێمی بەعس ئاوارە و دەربەدەریان کردوون و ئاواییەکانیان کاول کردوون هەر هەموویان خۆیان و گوند و لادێکانیان سەرلەنوێ ئاوەدان دەکردەوە و بۆ هەتا هەتایی لێی نیشتەجێ دەبوون.

شایانی وتنە هەرچەندە کوردستان خۆی بە سروشت جوان و شیرینە، بە ئاوایی و گوند نشینەکانەوە زیاتر ئاوەدان و نەخشین و ڕازاوەتر دەبێت. هەر گوندێکیش لە هەرێمی کوردستاندا سەرگوزەشتەو مێژووی پرشنگداری تایبەتی خۆی هەیە، جا خۆزگە مێژووی هەر هەموویان بە وردی تۆمار دەکراو بڵاو دەکرایەوە. دەمانەوێ پێکەوە بەرەو ئەوپەڕی باشووری کوردستان شۆڕبینەوە و لە ئاوایی تۆپزاوەی کاکەیی لە دەڤەری گەرمیاندا وچانێ بدەین و بچینە خزمەتی دیدە ساڵەکان و پیاو ماقووڵانی ئەم گوندەو گوێ شل کەین بۆ ڕازو نیازیان تا بزانین دەربارەی باری گوزەرانی خۆیان و مێژووی سەد ساڵەی گوندەکەیان چیمان بۆ دەگێڕنەوە.

**هەردەوێڵ کاکەیی**

## چۆن وە کەی تۆپزاوە بینا کراوە؟

* ئاواییی تۆپزاوە لە رووی ئیدارییەوە پایتەختی کاکەییە لە سەرتاسەری وڵاتی ئێراقدا، دەکەوێتە خۆرنشینی شارۆچکەی (داقوق)ەوە[١] بە (٩) کیلۆمەترە، لەسەر سێگۆشەیەک بینا کراوە، ئەم سێگۆشەیە دەکەوێتە سەر سنووری ئەم سێ گوندە: (لاسین[٢]، مەتیق[٣]، عەلیسەرا)[٤]، لە شوێن و جێگایەکی خۆشدایە، باکووری دێی لاسین و برێ گومەزی پیاو چاکان و گۆڕستانێکی دێرینە، باشووری دێی (عەلوەتپاشا)یە[٥] خۆرهەڵاتی دێی (مەتیق)ە، خۆرنشینی دێی عەلیسەرایە، باشووری خۆرهەڵاتی دێی (عەرەبکۆیی)یە[٦].



زووتر دانیشتوانی تۆپزاوە لە ئاواییی لاسین دادەنیشتن، بە رۆژ دەهاتنە شوێن و جێگای دێیەکەو لەسەر رۆخی جۆگای (عەلیسەرا) گڵکاری و بیناسازییان دەکرد، بە شەوانیش هەر هەموویان دەگەڕانەوە لاسین و کەس لەوێ نەدەمایەوە، جا شێخەکانی تاڵەبانی و[٧] ئاغاکانی مەتیق و عەلیسەرا نارازی بوون لەسەر سنوورەکانیان ئەم گوندە (تۆپزاوە) لەدایک بێ و بچێتە ریزی گوندەکانی دەڤەری گەرمیان و تێکرای کوردستانەوە، بۆیە لەگەڵیاندا کەوتنە ململانێ و ئاژاوە گێڕان، بەڵام بۆیان نەچووە سەر، ئینجا بیریان لە رووخاندنی کردەوە، بە شەوان بە نهێنی لە ژێر پەردەی تاریکیدا چەندین جار پیاویان دەنارد دیوارەکانیان دەڕووخاندو خشتە کاڵەکانیشیان دەشکاند، سەیید خەلیل ئاغا و[٨] دانیشتوانی سوور بوون لەسەر بیناکردنی بۆیە ناچار بوون بە شەوان چەند چەکدارێک لەوێ بهێڵنەوە بۆ ئەوەی بیناکانیان لە فەوتان بپارێزن، تا لە پایزی ساڵی (١٩٠٣ی ز.)دا بە سەرۆکایەتی سەیید خەلیل ئاغا کۆتایی بە بینا کردنی (تۆپزاوە) هات و لە پاش هەڵگرتنی خەلەو خەرمان لە مانگی تشرینی یەکەمدا گوێزایانەوە نێوی.

## ناوی تۆپزاوە لە چییەوە هاتووە؟

پێکهاتەی ناوەکەی لە دوو وشە پێک هاتووە (تۆپز + ئاوا = تۆپزئاوا)، (تۆپزاوە)ش کورتکراوەی تۆپز ئاوایە، تۆپز: کوتەکی سەر بە بزمار، یا: سەر بە قیر دەگەیەنێ، واتە: بە زۆرە ملێی و بە هێزو زەبری کوتەک دامەزراوە، بۆیە ئەم ناوە کوردییە جوانەیان بۆ هەڵبژاردووە کە پڕ بە پێستییەتی، لە بەرهەمی شاعیران و هەڵبەستی فۆلکلۆریدا ناوی

به (تۆپزئاوا) و (تۆپزاوا) و (تۆپزاوه) هاتووه که هەر هەموویان هەمان مەبەست دەبەخشن.

* شێخ رەزای تاڵەبانی (١٨٣٥ – ١٩١٠ ی ز.)، له پاش ململانێی نێوان کاکەیی و تاڵەبانی کە لە ساڵی ١٩٠٢ ی ز. رووی داوه، له رێگای خەلیل منەووەری کاکەییـیەوە لە شیعرێکدا ناوی دێی (تۆپزاوه)و (لاسین)ی هێناوەو دەڵێ:

خۆ جەنگی مەیدان ئاواییی (لاسین)
لە یادمان ناچێ گشت دەست به فاسین[٩]

تا دەڵێ:

گوندی سەی خەلیل تۆپزاوەی ناوه
خشتی ناهێڵین دەیکەین کەلاوه

* خەلیل منەووەری کاکەیی (١٨٧٨ – ١٩٢٣ ی ز.) لە سەرەتای سەدەی رابردوودا نزیکەی دوو ساڵێک له دێی تۆپزاوه دانیشتووەو له بەرهەمەکانیدا به (تۆپزئاوا) ناوی هێناوەو دەڵێ:

ئێستا خەریکم چه (تۆپزئاوا)
سەرسامم چه بەین (سەیید) و[١٠] (باوا)[١١]

ئینجا دەڵێ:

چه بەین حزوور سەییدو باوا
ئیستینطاق ئەوین لە تۆپزئاوا[١٢]

له شیعرێکی تردا دەڵێ:

خەلیل نی مەنزل ئانه کۆچش کەرد
پەی (تۆپز – ئاوا) بوخچەو پێخەف بەرد[١٣]



* شاعیر مەلا عەباس حیلمی کاکەیی (١٨٨٢ – ١٩٦٦ ی ز.) که یەکێک بووه له دانیشتوانی ئەم گوندە، له بەرهەمەکانیدا زیاتر له جارێک ناوی هێناوه لەوانه:

ساکن و سکووت هام له ئی ماوا
یەعنی مەعرووفەن قەریەی (تۆپزاوا)

یان:

بەندەی بێ سەروەت نی مۆڵک (تۆپزاوه)
خەریک و خەرکاو ماوم لەم ناوه

تا دەڵێ:

قەریەی (تۆپزاوه) تەمامی یەکسەر
سەلامشان هەنەن کیبارو ئەسغەر[١٤]

* له شیعری فۆلکلۆریدا گۆینده وتوویەتی:

(جینگڵاوه)[١٥] کاول کچ بۆره بۆره
(تۆپزاوه) خۆش بێ چاو رەشی زۆره

***

یان:

رۆخانه هاتووه وه بەرزی دیوار
(تۆپزاوه) خۆش بێ جێگەی کڵاو لار

***

خۆ من نەمزانی (تۆپزاوه) شاره
قایمقام نشین جێی مشکی لاره

***

کوت کوتکم بکەن بمدەن بە ئاوا
(تۆپزاوە) خۆشە خۆم دێم بەدواوا[١٦]

***

(تۆپزاوە) خۆشە خاکی دڵگیرە
هەرکە لێی دەرچێ حەوت ساڵ یەخسیرە[١٧]

## ئەو خێزانانەی کە لە دامەزراندنی ئاوایییەکەدا بەشدار بوون:

ئەمەش ناوی چەپکێ لەو کەسانەیە کە لە دامەزراندنی (تۆپزاوە)دا بەشدار بوونە و بۆ یەکەم جار لێی نیشتەجێ بوونە:

سەیید خەلیل محەمەد ئاغا – سەرەک هۆز، شاعیر مەلا سەیید عەباس حیلمی، یادگار مستەفا نەزەر خۆی و کوڕەکانی (رەمەزان، رۆستەم، رەشید، فارس)، جەژنی حوسێن کەرەم، نۆفڵ ئیسماعیل خدر، حوسێن حەسەن عەبدەلی – بە حوسک چاوەش ناسراوە، سەیید محەمەد فەتال، سەیید عەلی سەیید رەزا، زەینەڵ مەحموود سلێمان، ئەحمەد قۆچاغلی، فەرەج دەروێش موراد، ئەڵماس مام قەیسەر، بەرغەش وەلی دەندەل، مەلا حەیدەر، سەیید محەمەد کەتە، خدرو بەخشی و رەزا عەزیز فەیسەڵ، وەلی عەلی عەبدەلی، حەیدەر چۆلی).. هتد.

## بنەماڵەکانی ئاوایی:

دانیشتوانی ئاوایی لە چوار تیرەی رەسەنی کاکەیی پێکهاتوون کە ئەمانەن: (سەیید، باوە، مام[١٨]، ئۆمی[١٩])، سەییدو باوەو مام و بەشێ لە ئۆمییەکان بە دیالیکتی ماچۆ (گۆران) ئاخافتن دەکەن،



هەڵسوکەوت و ژیانیان بەرێکوپێکی دەسووڕێ و یەکتریان خۆش دەوێ، لە خۆشی و ناخۆشی، لە شایی و پرسەی یەکتردا بە شێوەیەکی هەرەوەزی بەشداری دەکەن، هەر یەکە پیاوەتی و چاکەی خۆی بەجێ دێنێ، هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمان پەروەرییان بە هێزە، حەزیان لە چاکەو پیاوەتی و میوانداررییە، دژ بە خراپەو شەڕو ئاژاوەن.

* دانیشتوانی ئاوایی کاکەیین و (١٥٠) خێزانێ دەبن، بە کاری کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەرەوە خەریکن و گوزەران دەکەن، خاکێ بە پیت و بەرەکەتی هەیە، هەر هەمووشی بەراوە، زووتر لە رێگای (جۆگابەرز)و (سەیلاو)ەوە لە چەمی رۆخانەوە ئاویان بۆ دەهات و کێڵگەو مەزراکانیان پێ ئاو دەدان، جۆگەی (عەلیسەرا)ش بە تەنشتیا بەلای باکوورییەوە تێدەپەڕی و خەڵکی ئاوایی بۆ ئاو خواردنەوەو قاپ و قاچاخ و شمەک شۆشتن سوودیان لێ دەبینی، ئێستا ئەم سێ جۆگایە کوێر بوونەتەوە، تەنیا شوێنەوارەکانیان ماوەتەوە. لە سالآنی هەشتای سەدەی پێشوو پرۆژەی ئاویان پێ گەیاندووەو دەغڵ و دانیان پێ ئاو دەدەن، بە زستانان گەنم و جۆو نیسک و پاقلەو توورو سلق و پیازو شێلم دەچێنن، بە هاوینانیش شووتی و کاڵەک و تەماتەو بامیەو باینجان و کوولەکەو بیبەرو خەیارو ترۆزی و گەنمە شامی و کونجی دەروێنن، لەبیرم دێ زووتر تا سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو مەرەزەشیان دەکرد، بەڵام لە پاشاندا لەبەر بێ ئاوی بۆ یەکجاری دەستیان لێ کێشایەوە، وەکو ئامارەمان بۆ کرد لە تەک کشتوکاڵیدا ئاژەڵ و پەلەوەریش بەخێو دەکەن لەوانە:

ئاژەڵەکان: مەڕ، بزن، مانگا، ئەسپ، ماین، هێستر، بارگیر،

گوێدرێژ، ئێستا لەم رۆژگارەدا بەخێوکردنی ئەسپ و ماین و هێسترو بارگیر کەم بووەتەوە.

پەلەوەرەکان: قەل، قاز، سۆنە، جووجەڵەو مریشک، کۆتر..

**خانووەکانیان:**

تا ئەمرۆ بە خشتی کاڵ و قوڕ بە یەک نهۆمی ئامادە کراوە، سەربانەکانیان بە دارو قامیش و پووش و قوڕ گرتووە، بەشێکیشیان لەجیاتی قامیش حەسیریان بۆ داناوە، زووتر لەبەر مارو مۆری رووەکی (مارگیر)یان لە جیاتی قامیشەکە بەکار دەهێنا، هەندێ ماڵ لەسەر خانووەکانیان دووبانیان دروست کردووە، ئەم دووبانییە ژوورێکی بچووکە هەر هەندەی کەپرێک دەبێ، لەم ئاخرو ئۆخرەدا هەندێ کاری بلۆک و چیمەنتۆ لە بیناکانیاندا بەرچاو دەکەوێت.

**فەتاح ئاغا و[٢٠] چالاکییەکانی لە بواری نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی و بیناسازیدا:**

**دیوەخان و کۆشک و تەلار:**

لە ساڵی (١٩٤٣ ی ز.)دا فەتاح ئاغای کوڕی سەیید خەلیل ئاغای کاکەیی دیوەخانێک و کۆشکێکی جوانی بۆ خۆی و میوانەکانی بە بەردی سپی و گەچ دروست کردووە، لەگەڵ باخچەیەکی جوانکیلەدا کە هەموو چەشنە گوڵ و درەختێکی تێدا چاندرابوو، برێ ئاسک و کەڵە کێویشی تێدا بەرەڵڵا کردبوو، هەروەها حەوز و فوارەو چەند پەیکەرێ شێریشی تێدا بوو، عیسا مەهدی مەندەلاوی باخەوانی بوو، سەد حەیف و مخابن ئەو باخچە رەنگینە تەنیا ئاسەوارەکەی ماوەتەوەو ئەو کۆشک و دیوەخانەش بێ ناز بە چۆڵ و هۆڵی ماونەتەوە.



**قوتابخانە:**

لە ساڵی (١٩٤٤ ی ز.)دا – رەزامەندی وەزارەتی پەروەردەی ئەو سەردەمە وەرگیراوە بۆ بیناکردنی قوتابخانەیەکی سەرەتایی بۆ کوڕان لە گوندەکەدا بە ناوی (تۆپزاوە)وە، جا فەتاح ئاغا مەردانە دیوەخانەکەی خۆی بۆ قوتابیان تەرخان کردووە تیایدا بخوێنن تا قوتابخانەکە بینا دەکرێ، لە ساڵی (١٩٤٨ ی ز.) قوتابخانەکە بە قوڕو خشتی کاڵ لەسەر ئەرکی فەتاح ئاغا بیناکراو ئامادە بوو بۆ وەرگرتنی قوتابیان و گوێزایانەوە ناوی. یەکەم مامۆستای ئەم قوتابخانەیە (عەزیز محەمەد)ەو دووەمیشیان (عەلی خورشید)ەو سێیەمشیان (سدیق محەمەد چیتە) بووە، یەکەم فەڕاشیشی (عەلی جووجە) بووە، لە پاش ئەمیش (عەلی حەیدەر)و (عیسا مەهدی مەندەلاوی) دامەزران، لە شەستەکانی سەدەی رابردوویش (مەحموی کاکەی قۆچاغلی) بوو بە پاسەوانی و بە شەوان لەوێ دەخەوت.

لە رۆژی ١٩٩٧/٣/٢٢ ی ز. بەعسییە خەیاڵ خاوەکان ناوی ئاواییەکە و قوتابخانەکەیان گۆڕی بە (ئیمام سادق) کە ئەم زاتە (خ. ل) لە ژیانیدا بە رێبواریش رێی نەکەوتۆتە ئەم ئاواییە و تێکڕای دەڤەرەکە، ئەمە تەنیا بۆ تەعریبکردنی گوندەکە بووە، چونکە بە دەیان خێزانی عەرەبی هاوردەیان لەوێ نیشتەجێ کردبوو، شایانی باسە لە پاش ئازاد بوونی کەرکوک لە ٢٠٠٣/٤/١٠ ی ز. دا مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەکە زۆر بە شانازییەوە ناوە رەسەنەکەی خۆیان بۆ گێڕایەوە.

ئەمەش ناوی برێ لەو قوتابیانەیە کەوا لە پایزی ساڵی (١٩٤٤ی

ز.)دا بۆ یەکەم جار لەم قوتابخانەیە ناونووس کران و لە پۆلی یەکی سەرەتاییدا دەستیان بە وانە وەرگرتن و خوێندن کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ نووسین و خوێندنەوە و زانیاریدا ئاشنا بن: (کەریم سەیید خەلیل ئاغا، حەسامەدین سەیید عەلی ئاغا، سەیید عەدنان فەتاح ئاغا، خاتوو حەسیبە فەتاح ئاغا، ئیبراهیم سەیید مستەفا ئاغا، نەجات سەیید نەجمەدین ئاغا، نازم سەیید نەجمەدین ئاغا، باوە محەمەد باوە تۆفیق، کامیل حوسێن، تالیب حوسێن، باوە هادی بارانی، فەتحوڵڵا غەیبوڵڵا سەلیم، حەمەخان زەینەڵ، حاتەم سەعید، داود ئەمین نەجار، سلێمان سەمین نەجار، وادی ئەمین جۆلا، خەزعەل رەشید یادگار، مەدحەت مام عەبدوڵڵا، لەتیف مام مەدحەت و حەمیدی برای، یووسف رەشید یادگار، حەمید حەسنۆکی) و چەند قوتابییەکی تریش.

لە ساڵی (١٩٦٠ ی ز.)دا – میری قوتابخانەیەکی نوێی بە بەردو گەچ دروست کرد و ئەوی تر فەرامۆش کرا و خێزانێکی کاکەیی لێی نیشتەجێ بووە.

## قوتابخانەی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری:

فەتاح ئاغا زۆر خوازیار بوو گەورەو بچووکی کاکەیی لە دەردی نەخوێندەواری رزگاری ببێ، بۆیە هەمیشە دەیوت ئاخۆ دەبێ رۆژێ لە رۆژان پزیشک و مامۆستاو ئەفسەرو ئەندازیارو بەڕێوەبەری کاکەیی بە چاوی خۆم لە گوندەکەمدا ببینم؟

بۆیە لە ساڵی (١٩٤٥ ی ز.)دا فەرمانی دا لە هەمان قوتابخانەی تۆپزاوەدا مامۆستاکانی قوتابخانەکەی رازی کردبوو لەسەر ئەرکی



ئەو بە شەوان فێری مێرد منداڵ و لاو و پیاوە نەخوێندەوارەکان بکەن و بە دەیان کەسیان لە چنگی نەخوێندەواری رزگار کردووە.

## بنکەی تەندروستی:

لە ساڵی (١٩٤٤ ی ز.)دا فەتاح ئاغا لەسەر ئەرکی خۆی بە قوڕو خشتی کاڵ خانوویەکی خنجیلانەی بینا کرد و بۆ بنکەی تەندروستی تۆپزاوە تەرخانی کرد، برینپێچ (عەباس ئەفەنی) یەکەم برینپێچ بوو لەم بنکەیەدا دامەزرا، ئەم زاتە خۆم بینیبووم خەڵکی کەرکووک بوو، لە بواری تەندروستیدا زۆر زیرەک و وریاو شارەزا بوو، بە دڵ و بە گیان خزمەتی دەکرد، خەڵکی گوندەکەو گوندەکانی تری دەوروبەر فرە لێی رازی بوون، بە هەقیقەت کابرایەکی بە وەفاو دڵسۆز بوو، لە ساڵی (١٩٦٠ ی ز.)دا میری بە بەردو گەچ نوێی کردەوە، لە ساڵی (١٩٨٥ ی ز.) دا کە ئەو سەردەمە برینپێچەکەی کاک فاتیح جاسم کاکەیی بوو، هەر لەبەر ئەوەی دانیشتوانی ئاواییەکە و دەوروبەری کوردن بۆیە رژێمی گۆڕ بەگۆڕی گێرە شێوێن دایخست، لە پاش پرۆسەی ئازادی خۆشبەختانە هەمیسان کەوتەوە گەڕ.

## بیری ئاو:

لە ساڵی ١٩٤٨ ی ز. فەتاح ئاغا بیری ئاوی خواردنەوەی لە تۆپزاوە دروست کرد، ئامێرەکەی بە نەوتی رەش کاری دەکرد، وەستا ئەکبەر شەریف کە خەڵکی داقووق بوو سەرپەرشتی دەکردو دەیخستە گەڕ، فەتاح ئاغا ئاوی بۆ ماڵی خۆی و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و ماڵی مامۆستاکان و برینپێچەکە دابین کردبوو تا سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە کاردا بوو، لە پاشاندا بەرە بەرە

ئاوەکەی کەم بووەوە و پەکی کەوت.

لە ساڵی (١٩٨١ ی ز.)دا – میری بیرە ئاوێکی دی لە ئاواییەکەدا دامەزراندو جێگای ئەوی گرتەوە، ئافرەتان بە جەڕەو گۆزەو تەنەکە بەسەرشان ئاویان بۆ خواردنەوە لێ دەبرد. بیرە کۆنەکە تەنیا ئاسەوارەکەی ماوە. لە ١٩٨٣/٥/١٤ ی ز. بۆ یەکەم جار لە لایەن ئاوەڕۆوە بۆری ئاو بۆ هەر هەموو ماڵەکان راکێشراوە، ئافرەتانیش لە ئاوکێشان رزگاریان بوو.

## خانووی برینپێچ و مامۆستاکان:

شایانی وتنە لە ساڵی ١٩٤٤ ی ز. – دا فەتاح ئاغا (٦) خانووی یەک نهۆمی بە قوڕو خشتی کاڵ لە تۆپزاوەدا بۆ برینپێچەکە و مامۆستاکان بینا کردووە (٤) یان بۆ خێزاندارەکان، یەکێکیان بۆ سەڵتەکان (زوگرتوو)، ئەوی تریشیان بۆ خێزانی برینپێچەکە، بەشێ لەو خانووانە تا ئەمڕۆ ماون، بەڵام هی برینپێچەکە کە بەرامبەری ماڵی فەتاح ئاغا بوو تەنیا ئاسەوارەکەی ماوەتەوە.

## مزگەوت:

لە ساڵی ١٩٤٨ی ز. فەتاح ئاغا مزگەوتێکی لە گوندەکەدا لەسەر ئەرکی خۆی لە قوڕو خشتی کاڵ دروست کردووە، نێوی بەگەچ سپی کردووەوە، مەلا ئەحمەد مەلا حامید بە بانگدەر تیایدا دامەزراوە و بەرنوێژی بۆ موسڵمانان کردووە، بەڵام لە پاش خۆی بەرە بەرە وێران بوو، ئێستا تەنیا ئاسەوارەکەی ماوە.



## دەزگای ئاش:

لە ساڵی ١٩٠٣ ی ز. سەیید خەلیل ئاغای کاکەیی دەزگایەکی ئاسیاوی لە (تەپە ئاسیاو)دا دامەزراندووە، ئەم ئاسیاوە (ئاش) تا ساڵی ١٩٣٥ کاری کردووە، ئاشەوانەکەشی (حەمە مەردان) ناوێک بووە، ئەوەتا خەلیل منەووەر لە شیعرێکدا هەجووی دەکاو دەڵێ:

(سلام علیک) ئەی (حەمە مەردان)
کەیوانۆت بمرێ ببای سەرگەردان
داخل بای وە جەمع هەناسە سەردان
ئاورائیت وە نام ئایلم وەردان

ئنجا دەڵێ:

شەرت بۆ من یانەت بگێری وە نیل
داد بەرۆن وە لای (ئاغا سەی خەلیل)

تا دەڵێ:

چونکە تۆ مانع رزق (خەلیل)ی
ئاشەوان باش هەم ماڵ وەکیلی

ئێستاش ئاسەواری ئەو ئاشە لەوێدا ماوە، لە ساڵی ١٩٣٥ ی ز. فەتاح ئاغای کوڕی سەیید خەلیل لەسەر ئەرکی خۆی دەزگایەکی ئاشی زۆر رێکوپێکی لە ناو گوندەکەدا بەرامبەر بە ماڵی خۆیان ئامادە کردووە، خەڵکی گوندو کەسانی تریش بۆ بارە ئاش هاڕین سوودیان لێ بینیوە، یەکەم ئاشەوانی وەستا عەبدوڵڵای هندی بووە، لە دوای ئەم وەستا ئەکبەر شەریف جێگای گرتۆتەوە، ئەم دەزگایە تا

ســـاڵی (١٩٧٥ ی ز.)دا لـه گــەڕدا بوو، لە پاشـــاندا پـەکی کـــەوت و هەنووکە تەنیا ئاسەوارەکەی ماوەتەوە.

**تەلەفۆن:**

لە ساڵی ١٩٤٩ ی ز. فەتاح ئاغا بۆ یەکەم جار تەلەفۆنی بۆ ماڵی خۆی و دیوەخانەکەی راکێشاوە.

**کارەبا:**

* لە چلەکانی سەدەی رابردوو فەتاح ئاغا ئامێری (موەلیدە)ی کڕی و کارەبای بۆ ماڵ و دیوەخان و خێزانی مامۆستایان و برینپێچەکە دابین کردووە.
* لە ساڵی ١٩٦٧ ی ز. میری ئەو سەردەمە بۆ یەکەم جار کارەبای بۆ سەرجەم دانیشتوانی ئاواییەکە راکێشاوە.

**یەخچاڵ (سەلاجە)**

لە چلەکانی سەدەی رابردوو فـەتاح ئاغا بۆ یەکەم جار یەخـچاڵی کڕی، بە نەوتی سپی کاری دەکرد.

**ئۆتۆمبیل**:

لە سـاڵی ١٩٣٥ ی ز. بۆ یەکـەم جـار فـەتاح ئـاغا لە گوندەکەدا بوو بە خاوەنی ئۆتۆمبیل.



**رادیۆ:**

لە سـاڵی ١٩٤٠ فـەتاح ئـاغـا بۆ یەکـەم جـار ئامـێری رادیۆی هێنایە ئاوایی.

**ئامێری جووتکردن (تراکتۆر)**

لە سـاڵی ١٩٣٩ ی ز. بۆ یەکـەم جار فـەتاح ئاغـای کاکـەیی ئامـێری جووتکردنی کڕی و جووتیان پێکرد.

**تەلەڤزیۆن**

لە سـاڵی ١٩٦٧ ی ز. عەدنان ئاغـای کوڕی فـەتاح ئاغا بوو بە خـاوەنی تەلـەڤـزیۆن، لـە پاش ئەم خـــەلیف مـــام مــەدحــەت لە هەمــان ســـاڵدا تەلەڤزیۆنی کڕی.

**گۆڕستانی دانیشتوانی تۆپزاوە:**

خـەڵکی ئاوایی تۆپزاوەو سـەرجەم کاکەییەکانی شـاری کەرکـووک و قـەزای داقـووق و گوندەکـانی دەوروبەری مـردووەکانیـان لە گۆڕسـتـانی (حـەواشـەکـان[٢١]) بە خـاک دەسـپـێـرن بەڵام زۆربەی زۆری ئـاغاکـان مردووەکانیان لە گۆڕستـانی (ئیمام ئەحـمـەد[٢٢])ی باپیرە گـەورەیان ســـپـــاردەی گڵ دەکـــەن، چـەند خـــێـــزانێکیش لـە بەرەی جـــەژنی مردووەکانیان دەبەنە گۆڕستانی (شێخ ئیبراهیم[٢٣]).

## رۆشنبیرو ناوداران و پیاو ماقووڵانی کۆنی تۆپزاوە:

شایەنی وتنە هەندێ ناودار لەم گوندە هەڵکەوتووەو هەر یەکە لەوانە بە پێی توانا خزمەتی ئەدەب و کولتوورو ئاین و دانیشتوانی ئاوایی و میللەتەکەیان کردووەو چارەیان بۆ کێشەی ئەم و ئەو دۆزیوەتەوە ئەمەش بەشێکە لەوانە:

* شاعیرمان میرزا خەلیل منەووەری کاکەیی، لە ساڵی (١٨٧٨ ی ز.) لە شاری کەرکووک لە گەڕەکی چای لەدایک و باوکێکی کورد هاتۆتە جیهان. بە پێی نەریتی ئەو رۆژگارە لە شاری کەرکووک لە لای مەلا لە حوجرەدا خوێندوویەتی، پیاوێکی بە ئەمەک و هەق بێژو دۆست و یاوەری بێ نەوا و کەنارگیران، دژی زۆردار و چەوسێنەر بووە، شاعیرێکی بە تواناو زانا بووە، جگە لە شیعر ئارەزووی لە ئاواز و مۆسیقاش بووە، لە ئامێری تەمیرە ژەنیندا دەستێکی باڵای هەبووە، لە دیوەخانەکانی دەڤەری گەرمیاندا بە زۆری شیعرو شانامەی کوردی بۆ دانیشتوان خوێندۆتەوە و تەمیرەشی ژەندووە، بۆ ماوەی دوو ساڵێک لە ئاوایی تۆپزاوە دانیشتووە، خاوەنی دیوانە شیعرێکی کوردییە، بەرهەمەکانی لە ساڵی ٢٠٠٦ ی ز. لە لایەن نووسەری ئەم بابەتەوە بە قەوارەی (٥٨٣) لاپەڕەی گەورە بڵاو کراوەتەوە، بەڕێز مامۆستا فەلەکەدین کاکەییش پێشەکی بۆ نووسیوە.

شاعیرمان لە ساڵی (١٩٢٣ ی ز.) لە شارۆچکەی خانەقین لە تەمەنی (٤٥) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی پاشا کۆپری بە خاکیان سپاردووە.

* شاعیر مەلا سەیید عەباس حیلمی، ئەم زاتە جگە لەوەی شاعیر



بووە، زانایەکی ئاین پەروەری کاکەیی بووە یەکێکە لە قوتابیانی میرزا خەلیل منەووەر، مرۆڤێکی بە ئارام و لەسەرخۆ بووە، یاوەری هەژارو لێقەوماوان بووە، رابەر و مامۆستای دەیەها فەقێ و دەروێش بووە، پیاوێکی وەجاخزادەو خاوەن تەکیە بووە، سمێڵ و ریش و پرچی درێژ بووە. لە ساڵی (١٨٨٢ ی ز.) لە شارەکەی باوە گوڕگوڕ (کەرکووک) لە دایک بووە، لە پاشاندا چوونەتە تۆپزاوەو لەوێ نیشتەجێ بوونە. لە ساڵی (١٩٦٦ ی ز.) فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە و لە گۆڕستانی (حەواشەکان) بە خاک سپێردراوە، کۆمەڵێ لە بەرهەمەکانی لە ساڵی (١٩٨٤ ی ز.)دا – لە لایەن نووسەری ئەم بابەتەوە بە قەوارەی (٤٥٩) لاپەڕەی گەورە لە چاپدراوەو بڵاو کراوەتەوە.

* سەیید سابیر حموود عەلی (١٩٠٧ – ١٩٨٨ ی ز.)، ئەم زاتە پیاوێکی لە خوا ترس و راستگۆ و چاو تێر بووە، هەمیشە حەزی لە ئاشتی و دۆستایەتی و چاکە بووە، مرۆڤێکی دڵ پاک و دەروون گەورەو بە ئارام بووە، یەکێکە لە قوتابیانی شاعیر مەلا عەباس حیلمی کاکەیی، خاوەنی ریش و سمێڵ و پرچێ درێژ بووە، یەکێک بووە لە زانا ئاینییە ناسراوەکانی ئەو رۆژگارەی کاکەیی، نەتەوەو وڵاتەکەی خۆش ویستووە زۆربەی رۆژەکانی هەر چوار وەرزەکانی ساڵ بە رۆژوو بووە، کاکەییەکان بە گەورەو بچووکەوە ژن و پیاو لە سەرتاسەری ئێراقدا خۆشیان دەویست و رێزیان لێ دەگرت و گوێ بیستی ئامۆژگارییەکانی دەبوون، لە ساڵی ١٩٧١ ی ز. دیدەنی باوکی رۆحیمان بارزانی نەمری کردووە، ئەویش بەو پەڕی رێزەوە پێشوازی لێ کردووە.

سەیید سابیر ڕێزی لە شاعیران و ڕۆشنبیران دەگرت و جێی شانازی ئەو بوون، لە بیرمە لە سەرەتای هەفتاکان ڕۆژ ژمێرێکی کوردی دەرچووبوو وێنەی زۆربەی شاعیرانی تێدا بوو، زۆر جار لە ناو دانیشتواندا لە گیرفانی دەری دەهێناو پیشانی ئامادە بووانی دەدا و دەیوت بڕوانن ئێمەی کورد لە بواری ڕۆشنبیرو شاعیراندا چەند دەوڵەمەندین، ئەمە وێنەی پیرە مێرد و ئەوەش قانیع و ئەویشیان گۆران... هتد. لە ساڵی ١٩٨٨ ی ز. لە تەمەنی (٨١) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (حەواشەکان) سپاردەی گڵ کراوە. سێ کوڕی لە پاش بەجێ ماوە: (فەلەکەدین، فەرزی، جەوزی).

* سەیید حەسەن سەیید عەلی ڕەزا (١٩٨٨ – ١٩٦٨ ی ز.)، بە هەقیقەت پیاوێکی پیاوانەو قسەزان و چاو تێرو میوان دۆست بووە، بە سەیید حەسەن مەرجان ناسراوە، دەمسپی و کوێخای ئاواییی تۆپزاوە بووە، لە چارەسەر کردنی هەر کێشە و بەرەیەکی هۆزەکەی ئامادە بووە بە تایبەتی بۆ دانیشتوانی تۆپزاوە، هەمیشە ئامۆژگاری دانیشتوانی ئاوایی دەکرد بۆ ئەوەی پشتی یەک بگرن و دەستی یارمەتی و بەزەیی بۆ یەکتر درێژ بکەن و لە خراپەو ڕەوشتی نالەبار بە دوور بن و نەتەوەو نیشتیمانیان خۆش بوێت. لە ساڵی ١٩٦٨ ی ز. لە تەمەنی (٨٠) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی حەواشەکان بە خاکیان سپاردووە. لە پاش خۆی چەند کوڕێکی لە پاش بەجێ ماوە: (گەنجۆ، فەتحوڵڵا، عەلی).

* مەقامبێژ مەلا حوسێن مەلا غولام (١٨٤٥ – ١٩٢٢ ی ز.) ئەم زاتە هونەرمەندێکی بەناوبانگی سەردەمی خۆیەتی، لە ئامێری



تەمیرەشدا ژەنیارێکی بلیمەت بووە، مەقامەکانی (ئەڵڵاوەیسی، قەتار، خاوکەر، خورشیدی، ئایئایی) زۆر بە چاکی ئەدا کردووە، دەنگێ زۆر خۆش و لەباری هەبووە، لەگەڵ هونەرمەند خدر بارامی چاوەشدا (١٨٧٥ – ١٩٢٩ ی ز.) دۆستایەتی هەبووەو پێکیشەوە لە دیوەخانە کوردەوارییەکانی دەڤەری گەرمیان مەقامیان خوێندووە، دەگێڕنەوە هەر کامیان مەقامی بچڕیایە ئەوی تریان تەمیرەی بۆ دەژەنی. بەڵام مخابن ئەم دوو کەڵە هونەرمەندە تا ئەمڕۆ شتیان لەسەر نەنووسراوە و ناویشیان لە لاپەڕەی مێژووی ناودارانی نەتەوەکەماندا نادیارن. مەلا حوسێن بە زۆری لە دیوەخانە کوردەوارییەکاندا بەدەم تەمیرە ژەنینەوە مەقامی خوێندووە، بە دەنگە خۆشەکەی دڵ و دەروونی ئامادەبووانی هێناوەتە جۆش و خرۆش. لە ساڵی ١٩٢٢ ی ز. لە تەمەنی (٧٧) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی حەواشەکان بە خاکیان سپاردووە، دوو کوڕی لە پاش بەجێماوە خورشید و عەبدوڵڵا (مام عەبی)، ئەم دوو زاتەش لە باوکیانەوە لە مەقامەکان ئاشناییان پەیدا کردووە و دەنگیشیان خۆش بووە، مام شەوکەتی کوڕەزایشی (١٩٣٦ ی ز. –) دەنگی خۆشە و لە بواری مەقامدا مامۆستایە، ئێستا لە کەرکووک دادەنیشێ.

* فەقێ سەیید حەمە حەیدەر (١٨٨٦ – ١٩٦١ ی ز.) ئەم زاتە نەوەی باوە یادگاری مەزنە، یەکێکە لە قوتابییەکانی مەلا سەیید عەباس حیلمی نەمر، مرۆڤێکی ڕۆشنبیرو ئەدەب دۆست بووە، ئارەزووی لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی ئەو سەردەمە بووە، بە تایبەتی ژین و هەتاو، پیاوێکی بە ئاین و هەق وێژو نەترس بووە، لە

ماڵەوە کتێبخانەیەکی تایبەتی هەبووە، بە زۆری ئارەزووی لە خوێندنەوەی شیعرەکانی سەعدی و حافزی شیرازی و مەولەوی بووە، بە یەکێ لە زانا ئاینییەکانی ئەو رۆژگارەی کاکەیی دەژمێردرێت. بەداخەوە لە ساڵی ١٩٦٣ ی ز. سەیید ئەڵماسی کوڕی هەموو کتێبخانەکەی لە ترس بەعسییەکان لە ژێر گڵ شاردۆتەوە و بۆ یەکجاری فەوتاوە. لە ساڵی ١٩٦١ ی ز. لە تەمەنی (٧٥) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی حەواشەکان بەخاک سپێرراوە.

* مەقامبێژ مام عەبدوڵڵا (١٨٨٨ – ١٩٦٨ ی ز.) کوڕی مەلا حوسێن مەلا غولام، لە ناو خەڵکیدا بە مام عەبی ناسراوە، بە زۆری لە دیوەخانەکەی سەیید فەتاح خەلیل ئاغای کاکەیی و کۆڕی شەونشینیشدا مەقام و شانامە و داستانی کوردی خوێندووەتەوە و تەمیرەشی ژەندووە، خوالێخۆشبوو بۆ ماوەی (١٤) ساڵ دراوسێی ماڵی باپیرم بوو بە زۆری هامشۆی یەکمان دەکرد، کە دەچووینە خزمەتی بە گۆرانی و ئاوازی فۆلکلۆری کوردی مێشک و دەروونمانی مشت و ماڵ و زاخاو دەدا، بە هەقیقەت هونەرمەندێکی بە توانابوو، دەنگێ خۆش و لەباری هەبوو، مەقامەکانی دەڤەری گەرمیانی بەڕێک و پێکی دەوتەوە، لە باوکیەوە ئاشنایی لە هونەری گۆرانی و تەمیرە بە دەست هێنابوو، ئەمان بە بنەماڵە هونەرمەند بوون و شەیدای مەقام و ئاوازی کوردی بوون و لەو بوارەدا خزمەتیان کردووە، مام عەبی جگە لەوەی هونەرمەندێکی بە توانا بووە، پیاوێکی پیاوانە و سەر راست، لە خوا ترس و بە ئیمان بووە، لە شانامەکانی حەوت لەشکر و شیرین و فەرهادی بە فۆتۆکۆپی لامان پارێزراوە، یەکەمیان دەستخەتی خەلیل منەووەرە و ئەوی تریشیان دەستخەتی رەشید ئاغای هەمەوەندییە.



* عەبدوڵڵا ئیبراهیم محەمەد (١٨٨١ – ١٩٦٣ ی ز.)، بە دەروێش عەبدوڵڵا ناسراوە، هەرچەندە مرۆڤێکی نەخوێندەوار بوو بەڵام پیاوێکی زیرەک و هۆشیارو یەک روو بوو، لە تۆپزاوەدا دووکانێکی بچکۆلانەی عەتاری هەبوو، جگە لە زمانی خۆی بە تورکیش دەدوا، ئارەزووی لە مەقامە کوردییەکانی گەرمیان و قۆریاتی تورکی هەبوو، هەندێ شیعری ئاینی بە زمانی تورکی داناوە، لە سەرەتای شەستەکاندا مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی بەشێکی لێ تۆمار کردووە، تا هەشتاکانی سەدەی رابردوو ئەو دەستنووسە لە ماڵی باوکیدا پارێزرابوو.

دەروێش عەبدوڵڵا بە درێژایی تەمەنی رەبەن بوو، لەسەر راسپاردەی خۆی لەسەر گۆڕەکەی گومەزێکی بچکۆلانەیان لە قوڕ و خشتی کاڵ بۆ دروست کردووە، ئارامگاکەی لە خوارووی (تۆپزاوە) دایە بە (٥٠٠) مەترە.

* سەیید محەمەد خورشید عەلی (١٨٨٠ – ١٩٦٨ ی ز.) ئەم زاتە بە سەیید (محەمەد کەتە) ناسراوە، سوارێکی جوامێرو نەترس بووە، هەمیشە تفەنگێکی برنەو و ئەسپێکی چالاکی هەبووە، دژ بە چەتەو رێگرو پیاو کوژ بووە، یەکێکە لە ریش سپی و پیاو ماقووڵانی ئەو رۆژگارەی کاکەیی.

* فلامەرز نۆفل ئیسماعیل (١٨٩٥ – ١٩٥٧/٢/٢٧ ی ز.) پیاوێکی پیاوانەو ئازاو چاونەترس بووە، یەکێکە لەو ئەنجومەنەی کە فەتاح ئاغای کاکەیی دایمەزراندووە و راوێژی پێکردوون، لە ساڵی ١٩٣٢ ی ز. بە فەرمانی فەتاح ئاغا لە هاوشانی پێشمەرگەکانی شێخ مەحمموودی نەمر لە جەنگی ئاوباریک دژ بە رژێمی پاشایەتی

جەنگاوە، ئەویشمان لەبیر نەچێ کەریم زاڵی ئامۆزای کە
دانیشتووی شاری سلێمانی بوو پێشمەرگەیەکی هەمیشەیی شێخ
مەحموود بوو.

* حەسەن فەتحی جەژنی (١٩١٧ – ١٩٩٦/٨/٥ ی ز.)
کەسایەتییەکی ناسراوی کاکەییە، پیاوێکی چاوتێرو ئاشتی خوازو
هەق پەروەر بوو، لە چارەسەر کردنی کێشەکانی تۆپزاوەو دەوروبەر
لە هاوشانی ریش سپییەکاندا بەشداری دەکرد، لەگەڵ مام خەلیف
مام مەدحەتدا دۆستایەتییەکی بە تینی هەبوو.

* سەیید زەینەڵ نەورۆز (١٩٢١ – ١٩٨٠/٨/٢٠ ی ز.) پیاوێکی
قسەزان و کورد پەروەر بوو، لە ساڵەکانی پەنجاو شەستی سەدەی
رابردوو ئەم و کۆمەڵێ لە خەڵکی تۆپزاوە لە رێگای پارتی دیموکراتی
کوردستانەوە خەریکی کوردایەتی بوون وەکو: مامۆستا خەزعەل
رەشید، مامۆستا جوامێر فلاّمەرز، یادگار رەشید، تالیب رەشید،
سەیید فەتحوڵلا حەسەن، فاتیح جاسم فلاّمەرز، مام ئیبراهیم مام
عەلی حەسەن، مەدحەت مام عەبی، عوزێر ئەحمەدو بە دەیانی
تریش، هەروەها لەسەر کوردایەتی دووجار گیراوەو لە بەندیخانەی
کەرکووک بەند کراوە، یەکەمیان لە ساڵی (١٩٥٩ ی ز.) و
دووەمیشیان لە ساڵی (١٩٦٢ ی ز.)دا. سەیید زەینەڵ مرۆڤێکی
چاونەترس و لەناو دانیشتواندا بوێرانە بێ سڵکردنەوە دەدوا،
حەزی لە پیاوەتی و چاکە کردن بوو.

* مام خەلیف مەدحەت مام ئەڵماس (١٩٣٢ – ١٩٩٧/٩/١٣ ی ز.)
پیاوێکی پیاوانەو چاو تێرو کەڵەمێرد بووە، هەمیشە دیوەخانەکەی
لە رووی میوان والا بووە، نیشتیمان و نەتەوەکەی خۆش دەویست،



لایەنگری شۆڕشەکانی کوردو چینی چەوساوە بووە، زۆربەی کێشە
ئاڵۆزەکانی دانیشتووی ئاوایی و زۆربەی کاکەییەکان لە
دیوەخانەکەی ئەم چارەسەر دەکرا، بە یەکێ لە پیاو ماقووڵانی ئەو
سەردەمەی هۆزەکەی دەژمێردرا.

## رۆشنبیر و کەسایەتی و پیاو ماقووڵانی ئەمڕۆی تۆپزاوە:

* عەدنان سەیید فەتاح ئاغای کاکەیی، لە ساڵی ١٩٣٧ ی ز. لە
ئاوایی تۆپزاوە هاتۆتە جیهان، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی
هەمان گوند خوێندووە و ناوەندی و ئامادەییشی لە کەرکووک.
لە ساڵی ١٩٥٩ ی ز. – دا، شادڕەوان عەبدولکەریم قاسم کە سەر
کۆماری ئێراقی ئەو سەردەمە بوو، بە بڕیارێک فەرمانی دا هەموو
قوتابییەکانی سەرتاسەری ئێراق دەرچن و لە پۆلی خۆیاندا
نەمێننەوە، واتە: ئەو ساڵە وشەی (راسب)ی هەڵگرت، جا زۆر کەس
لەو بڕیارە سوود بەخش بوو، هەر لەو ساڵەدا سەیید عەدنان بوو بە
مامۆستاو لە قوتابخانەی ئاوایی تۆپزاوە دامەزرا، دوو ساڵ لەو
قوتابخانەیەدا وانەی بە خۆم وتووەتەوە، ئەوەی راستی بێ لەبەر
ئەوەی کوڕی ئاغا و بەناز گەورە کرابوو، هەندە بایەخی بە وانە
وتنەوە نەدەدا، جاری وابوو بە دوو هەفتە و سێ هەفتە قوتابخانەی
نەدەدی. لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو خانەنشین کراوە.
لە ١٩٨١/٥/٢٩ ی ز. – دا لە پاش کۆچکردنی جەماڵ ئاغای مامی
بە شێوەیەکی فەرمی بووەتە سەرەک هۆزی کاکەیی لە دەڤەری
کەرکووکدا، ئاشنایی لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری ناودارانی کوردو
عەرەب و تورکمان و مەسیحی کەرکووک و تێکڕای گەرمیاندا هەیە
و ئەوانیش رێزی لێ دەگرن، لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی

رابردووەوە ماڵی گوێزاوەتەوە شاری کەرکووک و لەوێ نیشتەجێ بووە.

مخابن زۆربەی زۆری رۆشنبیران و کەسایەتییەکانی ئەمڕۆی کاکەیی لێی نیگەران و تەریکن، ئەمەش لە زیان بەو لاوە خزمەتی هیچ لایەکمان ناکات، جا خۆزگە سەیید عەدنان ئاغا کە دەوری برا گەورەی وەرگرتووە بوێرانە خۆی لەوان نزیک دەکردەوە و ئاشت دەبووەوە، چونکە کلیلی ئاشتەوایی و چارەسەری کێشەکان ها بە لای ئەوەوە، بۆ ئەوەی هەر هەموومان بتوانین لە بەربەرەکانی بە دوور بین و دڵسۆزانە خزمەتی کاکەیی و نەتەوە ستەمدیدەکەمان بکەین. برا گەورە دەبێ هەمیشە دڵی گەورە بێت.

* مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی: پێکەوە پەروەردەی یەک زێدو ئاو و هەوا و خاکین، بەلای هەموانەوە ناسراوە، مرۆڤێکی سیاسەتمەدارو رۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی ئەمڕۆی کوردە، لە وتووێژدا لەسەرخۆیە، زیرەک و وریا، ئاشتی خوازو کورد پەروەرە، هەژارو بێ نەوایانی خۆش دەوێ، لەگەڵ دۆست و یاوەری خۆیدا بەئەمەک و یەک رووە، کاکەییەکان خۆشیان دەوێ، هەنووکە وەزیری رۆشنبیری هەرێمی کوردستانە و لە هاوینە هەواری سەلاحەدین نیشتەجێیە. شایانی وتنە بۆ یەکەم جار لە رێگای ئەمەوە ئاشناییم لە بواری ئەدەب و رۆشنبیریدا پەیدا کرد، بۆیە هەمیشە خۆم بە قەرزاری دەزانم.

* پرۆفیسۆر سەرتیپ فەتاح ئاغا (١٩٤٩ – ٢٠٠٢/٦/٢٣ ی ز.) مرۆڤێکی زاناو رۆشنبیرو کورد پەروەر بوو، ئارەزووی لە چاکەو پیاوەتی بوو، سەرەڕای ئەمانە کاکەیی خۆش دەویست و ئەوانیش



رێزیان لێ دەگرت، هەمیشە شانازی بە هۆزەکەیەوە دەکرد، سەر بە پارتی و بنەماڵەی بارزانی بوو.

* لیوا جوامێر عەتیە شاواز – نیشتیمان پەروەر و کورد دۆستە، ساڵەهای ساڵە شان بە شانی پێشمەرگەکانی کوردستان خەبات دەکات. ئێستا لە هەولێری پایتەخت نیشتەجێیە.

* فەتحوڵلا سەیید حەسەن عەلی (١٩٤٥–٢٠٠٤/٧/١٩) مرۆڤێکی نەتەوەیی و نیشتیمان پەروەر بوو، پێش پرۆسەی ئازادی بۆ ماوەی دوو ساڵێک جێگری پارێزگاری کەرکووک بووە لە هەولێری پایتەختدا. زۆر حەزی دەکرد گوێ لە دەنگی هونەرمەندان عەلی مەردان و حوسێن عەلی و سەلاح داودەو مام شەوکەتی کاکەیی بگرێت، زۆربەی ژیانی بە پێشمەرگایەتی بردە سەر، رۆژی ٢٠٠٤/٧/١٩ کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی کاکەییەکان لە عەلیسەرا سپاردەی خاک کرا.

* دکتۆر تالیب رەشید یادگار (١٩٤٧ ی ز. – )، لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی رابردوو لەسەر پارتی و کوردایەتی بەعسییەکان راویان نا، ناچار هەڵات و رووی کردە هەندەران، ئەوە چەند ساڵێکە گەڕاوەتەوە شاری هەولێری پایتەخت و لە کۆلێژی زانکۆی سەلاحەدین دامەزراوە و هەر لەوێیش نیشتەجێیە.

* عەمید یوونس رەشید یادگار – لە ساڵەکانی نەوەتی سەدەی پێشووەوە لە دەست زوڵم و ستەمی بەعس خۆی و منداڵەکانی ئاوارەی هەندەران بوون و تا ئەمڕۆ نەگەڕاونەتەوە باوەشی نیشتیمان.

* دکتۆر نازم محێدین ئەحمەد (١٩٤٨ – ١٩٨٦ ی ز.)، مرۆڤێکی

کـــورد پـەروەر بووە، لـە ســـاڵـی (١٩٨٦ ی ز.)دا لە ترسـی رژێـمی بەعسی دیکتاتۆر بۆ نێو شۆڕش هەڵات و لە ڕێگاوبان کوژراو چووە ریزی کاروانی شەهیدانەوە.

* پرۆفیسۆر – فازڵ سەیید عەباس قەڵخانلوو: ئەمیشیان رەوشتی بەعسییەکانی بەدڵ نەبوو بۆیە لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو رووی کردە وڵاتی بەریتانیا و لەوێ گیرسایەوە، لە پاش پرۆسەی ئازادی گەڕایەوە وڵات و ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە و لە زانکۆی سەلاحەدین دامەزراوە.

* مامۆستا خەزعەل رەشید یادگار (١٩٣٤ی ز.- ) مرۆڤێکی رۆشنبیری سیاسی و زیرەک و وریایە، پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆیە، وڵات و نەتەوەکەی خۆش دەوێت، لە ساڵی ١٩٦١ ی ز. لەسەر (پ. د . ک) و کوردایەتی دوو جار گیراوە و بەند کراوە:

یەکەمیان – لە ١٩٦١/٣/١١ تا ١٩٦١/٧/١٥ لە گرتووخانەی کەرکووک بەند کراوە.

دووەمیان – لە ١٩٦١/١٠/٣ تا ١٩٦٥/٩/١٢ لە بەندیخانەکانی کەرکووک و بەغدا و مسیەب بەند کراوە، کە ئازاد کرا یەکسەر لە کەرکووک دووریان خستۆتەوەو گوێزاویانەتەوە بۆ قوتابخانەی دێی (تەللعید)ی سەرەتایی کە سەر بە حەویجەیە، تا ساڵی ١٩٧٠ ی ز. لەوێ مامۆستا بووە، لە ساڵی (١٩٧٤ ی ز.) چووەتە ریزی پێشمەرگە قارەمانەکانەوە و لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا بەشدار بوو. لە ساڵی ١٩٧٥ ی ز. لە پاش نەکسە شوومەکەی جەزائیر گەڕایەوە کەرکووک، لە پاشاندا بەعسییەکان خانووەکەیان داگیر کرد و رەهەندەی شاری کەربەلایان کرد کە دەکەوێتە باشووری





ئێراقەوە، لە دوای پرۆسەی ئازادی گەڕایەوە باوەشی شارە ئازیزەکەی کەرکووک و بۆ یەکجاری لەوێ نیشتەجێ بوو.

شایانی وتنە مامۆستا خەزعەل لە ساڵی ١٩٥٩ ی ز. لە قوتابخانەی تۆپزاوە بە مامۆستا دامەزرا، هەر لەو ساڵەوە بە هاریکاری مامۆستایان عەبدولوتەکەبر مستەفا و شێخ جەبار مستەفا و کامیل حوسێن و جوامێر فەلامەرز بنەمای پارتی دیموکراتی کوردستان و هەست و بیرو باوەڕی کوردایەتی و نیشتیمان پەروەرییان لە نێو قوتابییەکان و دانیشتوانی ئاواییەکەدا چەسپاند و بووە مەشخەڵانێکی پرشنگدار بۆ جوتیارەکان و نەوەکانی تری ئەو رۆژگارە و ئەم سەردەمە.

* رۆژنامەنووس سەیید محێدین سەیید رەشاد (١٩٤٤ی ز. – ــــ) مرۆڤێکی رۆشنبیرو نیشتیمان پەروەرە، پیاوێکی پیاوانەیە، چینی چەوساوەو هەژارانی خۆش دەوێت. ماوەیەکی زۆرە لە شاری بەغدا نیشتەجێیە و بە کاری رۆژنامەگەرییەوە خەریکە.

* رۆژنامەنووس رەزا واحید عەباس، کوڕێکی ڕووخۆش و ئێسک سووکە، لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرە، لە سەردەمی رژێمدا بەعسییەکان راویاننا و چووە چیا، هەنووکە لە دەزگای شەفەق لە کەرکووک کار دەکات.

* نووسەر لوقمان لەتیف مەدحەت، مرۆڤێکی سیاسەتمەداری ڕۆشنبیرە، لە وتووێژدا هێمن و لەسەرخۆیە، لە ڕاپەڕینیە مەزنەکەی ساڵی (١٩٩١ی ز)دا پەیوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەست و لە پاشاندا چووە هەولێر. لە ساڵی (١٩٩٨ی ز)دا بوو بەجێگری سکرتێری یەکێتی لاوان، لە دوای پرۆسەی ئازادی ساڵی

(٢٠٠٢ی ز) بوو بەئەندامی لقی ٣ی (پ.د.ک)، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان – لقی کەرکووک. سەرنووسەری ڕۆژنامەی (پەیامی کەرکووک)ە، کە ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە لقی ٣ی (پ.د.ک) مانگی جارێک دەریدەکات، تا هەنووکە (٥٣) ژمارەی لێ دەرچووە.

* نووسەر سامی رفعەت یەخشی، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لەسەر کوردایەتی بەعسییەکان راویان ناو چووە چیا، بە بنەماڵە کوردپەروەرن، هەنووکە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ڕۆخانە)یە کە ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە، سەنتەری ڕۆشنبیری خەلیل منەووەری لە (داقووق) مانگی جارێ دەریدەکات، تا نووسینەوەی ئەم نامیلکەیە (٧) ژمارەی لێ دەرچووە. لە ساڵی (١٩٩١ی ز)ینیشەوە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردستانە.

* نووسەر ڕزگار مەحموود محەمەد، کوڕێکی ڕۆشنبیری ئێسک سووک و ڕووخۆشە، بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی (ڕۆخانە) و بەڕێوەبەری نووسینگەی سەتەلایتی (نەورۆز)ە لە کەرکووک، لەم ئاخروئۆخرەدا نامیلکەیەکی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی (سازان و هەنگ)، بەرهەمێکی منداڵانەیە، وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان بۆی بڵاوکردۆتەوە.

* شاعیری میللی ستار ئیسماعیل ئەحمەد، جگە لە نووسینی شیعر لە ئاخروئۆخری نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە ناوە ناوە بابەتی جۆراوجۆریش بڵاودەکاتەوە، ئەندامی یەکێتی نووسەرانە.

* شاعیری میللی نیعمەت رفعەت مەدحەت، ئەوە چەند ساڵێکە شیعر و بابەتی جۆراوجۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو دەکاتەوە،



ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (پەیامی کەرکووک)ە.

* خانمە نووسەر ئەمەل محەمەد سەفەر، ئەندامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانە، ئەوە چەند ساڵێکە دەستی داوەتە قەڵەم و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەرهەم بڵاودەکاتەوە.

* ڕۆژنامەنووس بەهجەت عەزیز عەبدوڵڵا، لە ساڵی (٢٠٠٠ی ز)یەوە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کار دەکا و بەرهەمی جۆراوجۆر بەزمانی عەرەبی بڵاودەکاتەوە، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە – لقی کەرکووک.

* خانمە نووسەر ناز فەلەکەدین کاکەیی، ئەوە چەند ساڵێکە لە بواری ڕۆشنبیریدا کار دەکا و بەرهەمی ڕەنگامە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاودەکاتەوە.

* هونەرمەند سەیید جەهاد سەیید زەینەڵ (١٩٥٩ ی ز. – ) لە بواری خۆشنووسیدا کار دەکات و لە چەندین پێشانگای ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەشداری کردووە، چەندین بڕوانامەی ڕێزلێنانی بەدەست هێناوە و ئەندامی کۆمەڵەی خۆشنووسانی ئێراق و هەرێمی کوردستانە.

* ڕەشید سەفەر جەژنی (١٩٣١ ی ز. – ) کوێخای ئاواییەکەیە، پیاوێکی پیاوانە و نیشتیمان پەروەرە، یەکێکە لە ریش سپییەکانی ئەم سەردەمەی کاکەیی.

* بەیات کەریم مەحموود (١٩٢٧ ی ز. – ) پیاوێکی پیاوانەو کورد پەروەرە، ڕاستگۆو هەق بێژو یەک ڕووە، دژ بە درۆزن و دزو تالانچی و ئاژاوە گێڕە، هەمیشە خەنجەرێکی دەبانی کوردەواری کردووە بە قەدی پشتێنەکەیدا، مخابن لە وتووێژدا لەسەر هەق زوو تووڕە

دەبێت و بە زوویش هێور دەبێتەوە.

* مام عوزێر مام ئەحمەد (١٩٣٨ی ز.–) مرۆڤێکی پیاوانەو کورد پەروەرە، لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بەشداری کردووە، بە کەسایەتییەکی ئەمڕۆی کاکەیی دەژمێردرێت، حەزی لە مەقام و ئاوازە رەسەنەکانی کوردەوارییە، بە تایبەتی مەقامەکانی دەڤەری گەرمیان.
* مام عاسی مام رەمەزان (١٩٣٢ ی ز. – ) کەسایەتییەکی ئەمڕۆی کاکەییە، پیاوێکی پیاوانە و سەرڕاست و یەک رووە، بە بنەماڵە کوردیان خۆش دەوێ، لە وتووێژدا لەنێو دانیشتواندا بوێرانە دەدوێ، زۆری حەز لە گەپ و قسەی خۆشە، بە خۆیشی نوکتەبازە.
* سەلیم ئەمین خەلیل (١٩١٧ ی ز. – ) یەکێکە لەو پیاو ماقووڵانەی کە لە ئاواییدا راوێژی پێ دەکرێ، پیاوێکی چاو تێرو میوان دۆستە، ئارەزووی لە چاکەو پیاوەتییە، کوردو کوردستانی خۆش دەوێت.
* مام ئیبراهیم عەلی حەسەن (١٩٣٧ ی ز. – ) یەکێکە لە ریش سپییەکانی ئەمڕۆی گوندەکە، لە یادمە لە شەستەکانی سەدەی رابردوو لەتەک مەدحەت مام عەبی بە شێوەیەکی چالاکانە کوردایەتییان دەکرد.
* عەباس مەهدی زەینەڵ (١٩٣٢ی ز. – )، ئەم پیاو ماقووڵە لە هۆزی بەیاتە و لە ماڵەوە بە تورکمانی دەدوێن، خۆی و باو و باپیری لەگەڵ کاکەییدا ژیاون، مرۆڤێکی روو خۆش و زیرەک و قسە زانە لە شەستەکانی سەدەی رابردوو لە تۆپزاوەدا عەرەبانەی دروست دەکرد و جووتیارەکان بۆ کا و قرچە (قرشە) کێشان لێیان دەکرێ. هەروەها دووکانێکیشی هەبوو بۆ چاککردنەوەی ئەسپەچۆینە (پایسکل).



## پزیشک و برینپێچەکان:

ئەم پزیشک و برینپێچانە دانیشتووی تۆپزاوەن:

دکتۆر تاریق عەبدولحەمید مەدحەت، برینپێچ فاتیح جاسم فلاّمەرز، عەبدولئەمیر محەمەد عەلی، حوسێن عەلی ئەحمەد، لەتیف زۆراب موترزا، سوبحی زۆراب موترزا، جەماڵ جاسم فلاّمەرز، ساڵح حەیدەر خورشید، ئیبراهیم رەشید سەفەر، کەمال حوسێن فەتحی، عەلی لەتیف مەدحەت، عزەدین عەباس مەهدی.

## مامۆستاکان:

ئەمەش ناوی ئەو مامۆستایانەیە کە خەڵکی تۆپزاوەن و لە ماوەی (١٩٠٣ – ٢٠٠٣ ی ز.) بە مامۆستا دامەزراون:

مامۆستا عەدنان فەتاح ئاغا، مامۆستا خەزعەل رەشید یادگار، مامۆستا جوامێر فلاّمەرز نۆفڵ، مامۆستا فوئاد تۆفیق سەیید فەتحوڵلا، مامۆستا غالب رەشید یادگار، مامۆستا سامی رەفعەت بەخشی، مامۆستا موشیر ئەحمەد رەمەزان، مامۆستا ئەکرەم عیسا مەهدی، مامۆستا بەهجەت عارف حمود، مامۆستا ئەلیاس رەمەزان محەمەد، مامۆستا جواد زەینەڵ نەورۆز، مامۆستا عەبدوڵلا هەیاس رەمەزان، مامۆستا ئەیاد ئەکرەم عیسا، مامۆستا یووسف غائب غەفوور، مامۆستا ئەیوب غائب غەفوور، مامۆستا ئەیسەر رەشید خورشید، مامۆستا هیام فاتیح جاسم، مامۆستا ویسام فاتیح جاسم، مامۆستا فەندی حەمە غەریب، مامۆستا فازڵ عاسی مەحموود، مامۆستا سوعاد سەیید فەتحوڵلا، مامۆستا موراد سەیید فەتحوڵلا، مامۆستا غالب عەزیز بابا، مامۆستا ئازاد زایەر عەلی، مامۆستا

رەعد زایەر عەلی، مامۆستا دیاری بەهجەت عارف، مامۆستا سورەیا ئەکرەم عیسا، مامۆستا محەمەد ئەمین، مامۆستا لەیلا واحێد عەباس، مامۆستا مستەفا محەمەد ئەمین، مامۆستا وەفا فاتیح موترزا، مامۆستا نەوزاد واحید عەباس، مامۆستا کەریم دەرویش رەمەزان، مامۆستا نەسرین سەیید قودرەت، مامۆستا عەجیب غائب غەفوور.

## حیکایەتخوان و قسە خۆشەکان:

لە تۆپزاوەدا چەند کەسێک هەبوون لە حیکایەت و سەرگوزەشتە گێڕانەوە و پەند و قسەی نەستەق و ئەستێرە ناسی و خۆش مەشرەبی و گەپدا دەستێکی باڵایان هەبوو لەوانە:

* دەروێش ئیسماعیل ئەحمەد بە (سمایلە کوێر) ناسرابوو (١٨٩٠ – ١٩٦٥ ی ز)، ئەم زاتە پیاوێکی ژیر و وریا و قسەزان بوو، گەلێ چیرۆک و حیکایەتی بەرئاگردانی کوردەواری دەزانی و بە شەوانی زستان لە گوێی ئاگردان و نێو دیوەخاندا بۆ دانیشتوانی دەگێڕایەوە، داخی گرانم لە کاتی خۆیدا بنووسێک نەبوو تا خەمی تۆمار کردنیان بخوا و ئەو گەنجینە پرشنگدارە لە مەرگ رزگار بکات.

* ئەحمەد رەزا عەزیز (١٩١٧ – ٢٠٠٢/١٢/٩ ی ز.)، بە دەروێش ئەحلان ناسرابوو، لە چیرۆک و سەرگوزەشتە گێڕانەوە دەستێکی باڵای هەبوو، مرۆڤێکی قسەزان و هێمن و لەسەرخۆ بوو لە هەر مەجلیسێکدا دانیشتایە بە پەندو حیکایەتی جۆراو جۆر ئەو دەورو بەرەی دەڕازاندەوە، لە بواری شکستەیشدا تا رادەیەک شارەزایی هەبوو، خۆی بە پیاوی خوا و دەروێش دەزانی.



* مام حەسەن مام عەلی (١٩٠٧ – ١٩٨٢ ی ز.) ئەمیان شارەزایی لە بواری ئەستێرەناسی و حیساب ژمێریدا هەبوو، پیاوێکی پیاوانەو دڵ پاک، لە وتووێژدا لەسەرخۆ بوو، حەزی لە ئاشتی و دۆستایەتی و برایەتی هەبوو، جوتیارەکانی ئاوایی لە بواری حیساب ژمێریدا پرس و ڕاوێژیان پێ دەکرد و سوودیان لێ دەبینی.

* رەشید خدر عەزیز فەیسەڵ (١٨٨٧ – ١٩٧٦ ی ز.)، ئەم زاتە لەناو کاکەییەکاندا بە (رەشەی خێیر) ناسراوە، پیاوێکی زیرەک و وریا بوو، نێوی حەوت پشتەی زۆربەی تیرەو بەرەباب و بنەماڵەکانی کاکەییەکانی گەرمیانی دەزانی، حەزی لە شیعر و ئاوازی کوردی هەبوو، گەلێ شیعر و سەرگوزەشتەی جۆراو جۆری فۆلکلۆری لەبەر بوو. هەروەها ئاشناییەکی زۆر چاکیشی لەحیساب ژمێریدا هەبوو.

* عەتیە شاواز ئەحمەد محەمەد (١٩١٧ – ١٩٨٢ ی ز.) حیکایەت خوان و قسەزان بوو، لە وتووێژدا بە زۆری پەند و قسەی نەستەقی بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی وتارەکەی لەسەر زەمینەیەکی پوخت و بەراو گرێ بدات، بە زۆری ئامۆژگاری مێرد منداڵانی ئاوایی دەکرد تا رێز لە دایک و باوک و مامۆستا و دراوسێ و گەورەی خۆیان بگرن و هەمیشە لەسەر خوێندن سوور بن و دەست لە قوتابخانە هەڵنەگرن.

* مام عەزیز رەمەزان (١٩٢٢ – ١٩٩٢ ی ز.) زۆر حەزی لە گەپ بوو، قسەکانی نوکتە بوون و بە خۆیشی نوکتەباز بوو، بە دروستی لەهەر کوێدا بهاتایە ئاخافتن سەر بە قوری دەهێنایە پێکەنین و خۆیشی بە هیچ جۆرێک تێک نەدەدا، قسە قافی بهاتایە دەیکرد و لە کەسیش شەرمی نەدەکرد.

* مام دەروێش مام رەمەزان (١٩١٧ – ١٩٩٢ ی ز.) ئەم زاتە هەمیشە

بۆ گەپ و گەمە کردن سەری دەخورا، بە شەوانی زستان حیکایەتخوان خاڵە سمایلە کوێری بۆ حیکایەت گێڕانەوە دەهێنایە ماڵی خۆیان لە تەک چەند دیدە ساڵێکی دراوسێدا، تا نیوەشەو بەدەم شەوچەرەو چا خواردنەوەوە لەبەر گوێی ئاگرداندا بە خۆشی و شەوقەوە گوێیان لە حیکایەت و سەرگوزەشتە دەگرت.

* مەحموود کاکەی قۆچاغلی(١٩١١ – ٢٠٠٣ ی ز.) زۆربەی قسەکانی لە بواری گەپدا دەخولایەوە، حەزی لە یاری دامەو سێ رسکان بوو.

* رەشید شاواز ئەحمەد (١٩١٧ – ١٩٧٢ ی ز.) ئارەزووی لە گەپ گێڕانەوە و قسەی خۆش بوو، زۆربەی گەپەکانی هی خۆی بوون، هەندێ جار ئەم لەگەڵ ئەوانی تردا یەکیان دەگرت و بە گەپ و پێکەنین چوار دەوری خۆیان دەڕازاندەوە.

* دەروێش فەرەج دەروێش (١٩١٣ – ١٩٩٢)، لە ناو خەڵکیدا بە دەروێشە رووتە ناسراوە، بە کاری ئاشەوانی گوزەرانی دەکرد، لە قسە کردندا هونەرمەندانە جموجووڵی دەکرد و نوکتە و مەتەڵی دەگێڕایەوە، لە شێلینی قۆڵنج و ناوک گرتنەوە شارەزاییییەکی زۆر چاکی هەبوو، جا نەک تەنیا لە گوندی تۆپزاوەوە بەڵکو لە ئاوایییەکانی دەورو بەریشەوە بۆ ئەم مەبەستە دەهاتنە لای و چاک دەبوونەوە، فەتاح ئاغا زۆر خۆشی دەویست.

## مۆسیقا ژەن و دەنگ خۆشەکان:

* لەم دێیەدا گەلێ هونەرمەندی ژەنیار و دەنگخۆشی میللی تێدا هەڵکەوتووە لەوانە:

* حوسێن حەسەن عەبدەلی (١٨٨٥ – ١٩٦٠ ی ز.) دەهۆڵکوتێکی



لێهاتوو بووە، مرۆڤێکی پیاوانە و روو خۆش بووە، ئارەزووی لە گەپ گێڕانەوە و بە خۆشی نوکتەباز بووە، لە ناو خەڵکیدا بە (حوسک چاوەش) ناسراوە.

* میرزا وەلی عەلی (١٩١٧ – ٢٠٠٢ ی ز.) هونەرمەندێکی میللی دەنگ خۆش بوو، گەلێ پەند و قسەی نەستەق و شیعری فۆلکلۆری و حیکایەتی بەرئاگردانی لەبەر بوو، کاتی خۆی لەم بارەیەوە سوودمان لێ بینیوە، بەڵام مخابن ئاوازەکانی تۆمار نەکراوە و لەگەڵ خۆیدا بردوویەتیە ژێر خاکەوە.

* مام شەوکەت خورشید مەلا حوسێن (١٩٣٦ – ) ئەم هونەرمەندە خاوەن دەنگێکی بە سۆز و لەبارە، مەقامەکانی دەڤەری کەرکووک زۆر بە چاکی و رەوانی دەزانێ، هەندێکیشیانی لە ئێزگەی رادیۆی کوردی بەغدا و تەلەفزیۆنی کەرکووک تۆمار کردووە، جگە لە هونەری گۆرانی ئاشنایی لە ژەنینی ئامێرەکانی شمشاڵ و دووزەلەش هەیە، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی کەرکووک و کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی لقی کەرکووکە، کۆمەڵێ شیعری کلاسیکی دە بڕگەیی بە شێوەزاری ماچۆ و کرمانجی خواروو هۆنیوەتەوە.

* زایەر عەلی خدر (١٩٣٧ ی ز. – ) دووزەلە ژەنە، لە یادمە لە شەستەکانی سەدەی رابردوو لە شایی و زەماوەندەکانی گوندەکەدا بە جۆشەوە دووزەلەی دەژەنی و شایی دەگێڕا.

* شوکر سەفەر جەژنی (١٩٤٣ ی ز. – ) لە بواری شمشاڵ ژەنیندا دەستێکی باڵای هەیە، لە بیرمە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو شوان بوو، هەمیشە شمشاڵێکی خنجیلانەی پێبوو کە

بەیانییان مێگەلەکەی بەرەو لەوەڕگا و مێرگ لە گوند دەردەهێنا، بەدەم ڕێگاوە چەند ئاوازێکی فۆلکلۆری خۆشی بە شمشاڵ پێشکەش دەکرد، خەڵکی بە تاسەوە گوێیان بۆ شل دەکرد.

* سەیید قودرەت مەلا عەباس (١٩٤٧ ی ز. – ) لە تەمیرە ژەنیندا شارەزایی هەیە و دیوانە شیعرێکیشی بە شێوەزاری گۆران ئامادەیە بۆ چاپ، بەڵام تا ئەمڕۆ هیچی لێیان بڵاو نەکردۆتەوە، هەروەها لە ئامێری ڕەبابەیشدا ژەنیارێکی شارەزایە، حەزی لە ئاواز و مەقامی کوردی هەیە.
* تەیب غەفوور جەژنی (١٩٥٢ ی ز. – ) ئەم هونەرمەندە دەنگێ خۆشی هەیە، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان – لقی کەرکووکە، لە ساڵەکانی نەوەتی سەدەی ڕابردوو لە ڕێگای بەرنامەی کەلەپووری کوردەوارییەوە لە تەلەفزیۆنی کەرکووک چەند دیمانەیەکمان لەگەڵدا سازدا.
* تاهیر نەجم حەیدەر (١٩٤٩ ی ز. – ) لە ساڵەکانی پەنجاو شەستی سەدەی ڕابردوو هەمیشە دووزەلەیەکی قامیشی لە باخەڵدا بوو، لە کۆڕی شەونشینی و سەر خەرمان هەر بۆ خۆشی و زەوق دووزەلەی دەژەنی و ئەو دەورو بەرەی بە ئاوازی کوردەواری دڵڕفێن دەرازاندەوە.
* محەمەد نەجم حەیدەر (١٩٥٠ ی ز. – ) لە ئامێری زوڕنادا ژەنیارێکی شارەزایە، لە زەماوەندەکانی ئاوایی و دەوروبەر بە زوڕناوە بەشداری دەکات، هەروەها لە ژەنینی ئامێری شمشاڵ و دووزەلەشدا شارەزایی هەیە.
* تالیب جاسم فلامەرز (١٩٥٧ ی ز. – )، ئەم هونەرمەندە لە ئامێری



زوڕنادا شارەزاییەکی زۆر چاکی هەیە، لە گەلێ شایی و ئاهەنگدا بەشداری کردووە.

* خەلیل ئیبراهیم نەجم (١٩٦٩ ی ز. – ) هونەرمەندێکی میللی دەهۆڵکوتە، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ئەمڕۆ لە زۆربەی زەماوەندەکانی ئاوایی تۆپزاوە و گوندەکانی دەوروبەر بەشداری کردووە.
* تاهیر عوزێر مام ئەحمەد (١٩٧٣ ی ز. – ) هونەرمەندێکی میللییە، لە تەمیرە ژەنیندا ئاشنایی هەیە.
* تاریق عوزێر مام ئەحمەد (١٩٧٧ ی ز. – ) لە تەمیرە ژەنیندا شارەزایی هەیە، تەنیا لە ماڵەوە بۆ خۆی و خێزانەکەی و کۆڕە تایبەتمەندەکاندا تەمیرە دەژەنێت.
* ئومێد حوسێن عەبدوڵڵا (١٩٧٦ ی ز. – ) لە بواری تەمیرەدا ژەنیارە، تەنیا لە ماڵەوە یا کۆڕە تایبەتییەکاندا تەمیرە دەژەنێت. هەروەها گەلێ تەمیرە ژەنی تریشمان هەن بەڵام لە سەر ئارەزووی خۆیان نێویانمان یاد نەکرد.

## ئەو ناودارانەی تەشریفیان هێناوەتە تۆپزاوە:

شایانی وتنە لەو ڕۆژەوەی ئەم ئاواییە ئاوەدان کراوەتەوە تا ساڵی ٢٠٠٣ ی ز. بە دەیان پیاوی گەلەمێرد و ناوداری بەناوبانگ تەشریفیان هێناوەتە تۆپزاوە لەوانە:

* مامۆستا سەعید قەزاز – ڕۆشنبیرێکی کورد بووە، لەگەڵ میری کاکەییەکاندا سەیید فەتاح سەیید خەلیل ئاغا دۆستایەتی هەبووە، لە ساڵەکانی چلی سەدەی پێشوو کە پارێزگاری کەرکووک بووە

چەندین جار تەشریفی هێناوەتە تۆپزاوە و بووەتە میوانی سەیید فەتاح ئاغا و دانیشتوانی ئاوایی.

* لە ساڵی ١٩٥٣ ی ز مامۆستا خەلیل کەننە کە وەزیری پەروەردە بووە لەگەڵ مامۆستا سەعید قەزازا هاتنە تۆپزاوە شایانی باسە فەتاح ئاغا و خەڵکی ئاوایی زۆر بە گەرمییەوە پێشوازییان لێ کردوون. لە ڕێورەسمێکی تایبەتیدا وەک ڕێزلێنانێک ئاژەڵێکی زۆریان لە پێش ئۆتۆمبیلەکەیاندا سەربڕیوە، هەروەها هەر هەموو دانیشتوانی ئاواییەکانی ئەو دەوروبەرەی کاکەیی بۆ ئەو ڕێورەسمە داوەت کرابوون.

بە هەقیقەت فەتاح ئاغا ئەم ناودارانەی بۆ ئەوە داوەت دەکرد تا خۆی و هۆزەکەی بە ناودارانی ئەو ڕۆژگارە بناسێت و بسەلمێنێ کەوا گەلی کورد بە سەدان پیاوی کەڵەمێرد و چاوتێری وای تێدا هەڵکەوتووە.

* شێخ لەتیف شێخ مەحموودی حەفید بە خۆی و چەند سوارێکەوە، لە مانگی ڕەشەمێی ١٩٥٤ ی ز. – دا بۆ سەرەخۆشی لە پرسەی فەتاح ئاغا لە تۆپزاوەدا بەشداریان کرد.

* مامۆستا یاسین هاشمی – کە لە سەردەمی پاشایەتیدا وەزیری دارایی بووە، لە ساڵی ١٩٣٣ ی ز. بە میوانی تەشریفی هێناوەتە تۆپزاوەو بووەتە میوانی فەتاح ئاغا.

* مامۆستا جەمیل مەدفەعی – زووتر کە وەزیری ناوخۆ بووە، لە سەردەمی پاشایەتیدا لە مانگی شوباتی ١٩٤٨ ی ز. تەشریفی هێناوەتە تۆپزاوەو بووەتە میوانی سەیید فەتاح ئاغاو دانیشتوانی ئاوایی.



* مامۆستا شاکر وادی – زووتر وەزیری بەرگری بووە، ئەم ناودارەیش لە ساڵی ١٩٤٩ ی ز. تەشریفی هێناوەتە گوندەکە.

* مێژوونووسی بەناوبانگی کورد شادڕەوان مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی (١٩١٣ – ٢٠٠١/٣/٢٦)، زیاتر لە جارێک هاتۆتە تۆپزاوەو بووەتە میوانی فەتاح ئاغاو مەلا عەباس حیلمی.

* مێژوونووسی بەریتانی – سی، جی، ئەدمۆندز، ئەمیان زۆر دۆستی فەتاح ئاغا بووە و بە دەیان جاریش هاتۆتە خزمەتی و شەویش لەوێ ماوەتەوە.

* مێژوونووسی ئێراقی – پارێزەر عەباس عەزاوی.

* بنووسی بەناوبانگی کورد موکەڕەم تاڵەبانی – لە نەورۆزی ١٩٥٩ ی ز. لە میهرەجانێکدا کە لە ئاواییی تۆپزاوە سازدرا بەشداری کرد و وتاریشی خوێندەوە.

* شاعیری بەناوبانگ هیجری دەدەی کاکەیی (١٨٧٧ – ١٩٥٢ ی ز.) ئەم شاعیرە بە ناودارێکی کاکەیی کەرکووک دەژمێردرێت، کوردی و تورکی و فارسی زۆر بە چاکی زانیوەو شیعریشی بەو سێ زمانە نووسیوە، وەکو زانراوە دیوانە شیعرێکی بە کوردی لە پاش بەجێ ماوەو لە لای مامۆستا فایقی کوڕی پێچراوەتەوە، ئەوە نزیکەی (٢٠) ساڵە لەگەڵیدا هەوڵ دەدەم بۆ ئەوەی بمانداتێ تا بڵاوی بکەینەوە هەر پەیمانمان دەداتێ و بەجێی ناهێنێت، بەڵام ئێمە هێشتان بەو هیوایەوەین ڕۆژێ لە ڕۆژان کاک فایق دڵی نەرم بێت و ئەو گەنجینەیەی باوکی بخاتە بەر دەستمان تا بتوانین لە پاش لێکۆڵینەوە بڵاویان بکەینەوە.

* سۆفی بەناوبانگی ئەهلی هەق حاجی نیعمەت جەیحوون ئاوایی،

ئەم زاتە گەلێ سروودی هەمەڕەنگی ئاینی بە دیالیکتی ماچۆ (گۆران) لە پاش بەجێماوە، سەرجەم بەرهەمەکانی لە لایەن بەندەوە لە ساڵەکانی شەستی سەدەی رابردوو کۆکراوەتەوە و لامان پێچراوەتەوە.

* نووسەری بەناوبانگی ئەهلی هەق حاجی نوور عەلی جەیحوون ئاوایی، ئەم زاتە رۆشنبیرێکی قەڵەم بەدەست و زانایەکی ناسراوی ئەهلی هەقە، گەلێ سروودی ئاینیشی هۆنیوەتەوە، لە ساڵەکانی بیستی سەدەی رابردوو تەشریفی هێناوەتە ئاوایی تۆپزاوە و بۆ ماوەی دوو هەفتە لە ناو کاکەییەکانی گەرمیاندا ماوەتەوە، لە کتێبەکەیدا (ئەهلی هەق) ئاماژە بۆ ئەم گەشتەی دەکات.

* سۆفی کەریم جاف، ئەم زاتە خەڵکی قەزای قەسر شرینی کرماشانە، سۆفییەکی بەناوبانگی ئەهلی هەقە، گەلێ سروودی سۆفیگەری هۆنیوەتەوە، لە ساڵەکانی سی و چلەکانی سەدەی رابردوو بە زۆری ئامۆشۆی ئاوایی تۆپزاوە و تێکڕای گوندەکانی کاکەیی دەکرد لە دەڤەری گەرمیانی کەرکووکدا، لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو چەپکێ لە سروودەکانیم کۆ کردەوە و تا هەنووکە لامان پارێزراوە، زۆر دۆستی سەیید سابوور حەموود بووە.

* داود بەگی جاف - یەکێکە لە بەگزادەکانی هۆزی جاف، ئەم زاتە دۆستی فەتاح ئاغا بووە و ناوە ناوەش ئامۆشۆی یەکیان کردووە.

* ئەمین رەشید ئاغای هەمەوەندی - یەکێکە لە سەرەک هۆزەکانی هەمەوەند لە دەڤەری چەمچەماڵدا.

* شێخ عەلی شێخ عەبدوڵڵای قەرەداغی - بەڕێوەبەری شارۆچکەی داقووق بووە، فەتاح ئاغا کچی ئەم زاتەی خواستووە.



* دارا بەگی داودە - سەرەک هۆزی داودەی خواروو بووە، بە یەکێ لە ناودارانی داودەو تێکڕای کورد دەژمێردرێت لە دەڤەری گەرمیانی کەرکووکدا، لە ئاواییی حەوتەغاری دارا نیشتەجێ بووە.

* حەمە ئاغا (١٨٧٢ - ١٩٥٩) کوڕی ئیبراهیم ئاغای خوبیلەی کاکەییە، لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی سەرشەقام دادەنیشت، لە ساڵێکدا جارێک یا دوو جار بۆ دیدەنی تەشریفی دەهێنایە تۆپزاوەو بە زۆریش دەبووە میوانی مەلا عەباس حیلمی کاکەیی، بە ناودارێکی ئەو رۆژگارەی کاکەیی حسێب دەکرێت، شاعیر عەبدوڵڵا زێوەر لە کتێبەکەیدا گەنجینەی مەردان و یاداشتی رۆژانەی دەربەدەریدا ناوی ئەم زاتەی هێناوە و سوودی لێ بینیوە.

* محەمەد جان وەیسی بەگ (١٨٨٥ - ١٩٦٠ ی ز.)، ئەم زاتە سەرەک هۆزی گل بووە لە ناوچەی گەرمیاندا، باپیرەی شەهید نیزامەدین گلییە، لە ئاواییی (کۆرمۆر) دادەنیشت، ئەم زاتە پیاوێکی سەرڕاست و چاوتێر بووە، دژ بە رژێمی عوسمانی بووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٠٧ ی ز. گرتوویانەو بۆ ماوەیەک لە بەندیخانەی کەرکووک بەندکراوە.

* سەیید محەمەد جەباری (١٨٧٨ - ١٩٣٦ ی ز.) کوڕی سەمەد کوڕی قادرە، سەرەک هۆزی جەباری بووە، خەڵکی دەڤەری گەرمیانی کەرکووکە، پیاوێکی پیاوانە و مرۆڤێکی رۆشنبیرو شاعیر بووە، بەرهەمەکانی بە چاپ گەیشتوون.

* سەیید ئەحمەد خانەقا (١٨٦٧ - ١٩٥٢ ی ز.) کوڕی شێخ حوسێن خانەقای ئال سەردارە، لە بنەماڵەی سەیدەکانی بەرزنجییە، لە شاری کەرکووک دادەنیشت، پیاوێکی وریاو ژیرو ئازاو چاوتێرو نیشتیمانپەروەر بووە، لە خواترس و بەئاین بووە، هەر لە کەرکووکدا

خانەقای هەبووە کە تا ئەمڕۆ ئەو خانەقایە هەرماوە، لەناو خەڵکیدا بە سەیید ئەحمەد خانەقا ناوبانگی دەرکردووە، لە هاوشانی شێخ مەحموودی نەمر دا لە ساڵی ١٩١٥ ی ز لە شەڕی شعێبە دژ بە ئینگلیزی داگیرکەر بەشداری کردووە.

* شێخ عەبدولکەریم شێخ حوسێن بەرزنجی – قادر کەرەمی، پیاوێکی بە ئاین و مرۆڤێکی رۆشنبیر بووە، زۆر حەزی لە ئاوازو مەقامی کوردی بووە، دەستی شیعر نووسینیشی هەبووە، کۆمەڵێ بەرهەمی جۆراو جۆری لە پاش بەجێ ماوە.

* مەلا حەکیم کەرکووکی، زانایەکی بەناوبانگی ئاین پەروەری ئەو رۆژگارەی شاری کەرکووک بووە.

* مەلا مەجید قوتب: مرۆڤێکی زاناو رۆشنبیرێکی کورد بووە، لە بواری ئەدەبدا دەستی نووسینی هەبووەو چەند کتێبێکی جۆراو جۆری داناوە، لە کەرکووک دادەنیشت، کتێبێکی بڵاونەکراوەی هەیە لەسەر گوندەکانی دەڤەری کەرکووک، ژمارەیە لەو کتێبە فۆتۆکۆپی کراوەو لای بەڕێز مامۆستا ئەحمەد تاقانە پارێزراوە.

* شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی لە ساڵی ١٩٥٤ ی ز. دا بە خۆی و تاقمێ لە دەروێشەکانی تەشریفیان هێنایە تۆپزاوە، شەو کۆڕێکی زکریان بەست، ئەم زاتە پیاوێکی سۆفی بوو خاوەنی تەکیە و هەزاران دەروێش بوو ئێستا شێخ محەمەدی کوڕی لە شوێنی نیشتەجێیە.

* دەروێش ئەمیر حەیاتی – دەروێش و تەمیرە ژەنێکی بەناوبانگی ئەهلی هەقی کوردستانی رۆژهەڵاتە، لە ساڵەکانی چل و پەنجاکانی سەدەی رابردوو زۆر ئاموشۆی ئاوایی تۆپزاوەو گوندەکانی کاکەیی





دەڤەری گەرمیانی دەکرد، وەکو بیستم لەم ساڵانەی دواییدا کۆچی دوایی کردووە.

* دەروێش حەبیبەڵڵا – سۆفییەکی ئەهلی هەقە، ئەو خواردنەی لە گیاندار بوایە وەک گۆشت، شیر، ماست، رۆن، هێلکە نەیدەخوارد، خەڵکی قەزای (کرن)ی، سەر بە شاری کرماشانی کوردنشین بوو، ماوەیەکیش لە سەهنە دانیشتووە. لە پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو لە ساڵێکدا یەک دوو جار بۆ دیدەنی و دەروێشی دەهاتە تۆپزاوە، ئاموشۆی مەلا سەیید عەباس حیلمی و سەیید سابوورو دەروێش غەیبوڵڵا سەلیم و سەیید عەباس چۆسەوزی دەکرد، مرۆڤێکی روو خۆش و وریاو ژیر بوو، لە بواری پزیشکیشدا شارەزایی هەبوو، بەندەش چەند جارێک گەیشتوومەتە خزمەتی.

لە ساڵی (١٩٦٢ ی ز.) لە بەغدا لە نێو گومەزەکەی (شا ئیبراهیم)[٢٤]ی کاکەییدا شەوی جەژنی قوربان بەدەست چەند بکوژێکی ناپاک تیرۆرکرا و بوو بە قوربانی، هەر لەوێیش سپاردەی خاک کراوە، ئەمە تەنیا لەبەر ئەوەی کوردێکی کاکەییە.

* فارس بەگ بەیاتی: لە بەگزادەکانی هۆزی بەیاتە لە دەڤەری سلێمان بەگ و خورماتوودا، سەیید خەلیل ئاغای کاکەیی کە دانیشتووی تۆپزاوە بووە کچی ئەم زاتەی خواستووە، بۆیە زۆر هامشۆی تۆپزاوەی کردووە.

* شێخ حەبیب خەیزەران – ناودارێکی پایە بەرزو سەرەک هۆزی ئەلعەزە بووە.

* شێخ عەبدولڕەزاق عەلی سلێمان و شێخ جەباری برای – گەورەی

شێخەکانی هۆزی دلێم لە دەڤەری شاری رەمادی.

* شێخ عاسی عەلی ئەلعوبێدی – سەرەک هۆزی ئەلعوبێد لە ناوچەی قەزای حەویجە، وەکو دەگێڕنەوە پیاوێکی پیاوانەو قسەزان بووە، جیاوازی لە نێوان کوردو عەرەب نەکردووەو کاکەیی خۆش ویستووە، مەزهەری کوڕیشی پیاوێکی پیاوانە و نەترس بوو، هەق بێژ و ڕاستگۆ بوو لەسەر ڕێبازی باوکی دەڕۆیی بۆیە کاکەیی و تێکڕای کوردی زۆر خۆش دەویست و کوردیش ڕێزی لێ دەگرت.. خوازیارین نەوەکانیشیان لەسەر ئەو ڕێبازە پیرۆزە دەڕۆیشتن بۆ ئەوەی بسەلمێنن کورد و عەرەبی دەڤەری کەرکووک برا بوونە و تا دنیا دنیایە بە برایەتی دەمێننەوە.
* فەیزوڵڵا بەگی تاڵەبانی و شێخ تالیبی کوڕی – سەرەک هۆزی تاڵەبانی بوون لە دەڤەری داقووقدا.
* شێخ محەمەد یوونس – ناودارێکە لە سەییدەکانی تەلەعفەر، بە رەگەز کاکەیین و نەوەی شا ئیبراهیمی بەغدادین، بەڵام لە بیستەکانی سەدەی پێشووەوە لە ڕێبازی کاکەیی لایانداوە و بە زمانی تورکیش دەدوێن، زۆربەی ئامۆزاو خزم و کەس و کاریان لە کەرکووک و شاری کرماشان نیشتەجێن و خۆیانیش بە کورد و کاکەیی رەسەن دەزانن.

## ئەو چۆرتم و کێشانەی کە تووشی دانشتوانی تۆپزاوە بوون:

– مێژوو نەخشەی شەڕو ڕووداوو سەرگوزەشتەو وتاری جۆراو جۆری کۆنمان بۆ دەگێڕێتەوە، جا ئەو ڕووداوانە خۆش بن، یان دڵتەزێن دەبێ ئەو کولتوورانەی کە فەرامۆش کراون بە هەموو لق و



پۆپەکانیەوە زندوو بکرێنەوەو لە لاپەڕە بێگەردەکانی مێژووی نەتەوەکەماندا تۆمار بکرێن، تا نەوەی ئەمڕۆ و دوارۆژمان کەڵک لە لایەنە پوختو پرشنگدارەکانی وەربگرن، ئەمەش ئەو کێشە و ڕووداوە ناخۆشانەیە کە لە ماوەی (١٠٠) ساڵدا بەرۆکی دانشتوانی دێی تۆپزاوەی گرتووە:

* لە ساڵی (١٩٠٢ ی ز.) ڕژێمی عوسمانی دانشتوانی ئاواییی (لاسین)ی لەسەر ئاو و زەوی و زار داوە بە گژ یەکا، کە بریتی بوون لە هۆزی کاکەیی و تاڵەبانی بۆ ئەوەی برا کوژی و رقەبەری و بەربەرەکانی لە نێوانی ئەوان و هۆزە کوردەکانی ئەو دەڤەرەدا بڵاو بکەنەوە، ئەمە بووەتە هۆی بەجێ هێشتنی ئاواییەکە، برا تاڵەبانییەکان بە سەرۆکایەتی شێخ عزەدین چوونەتە دێی (عەبدوڵڵا غانم)[٢٥]، کاکەییەکانیش بە سەرۆکایەتی سەیید خەلیل ئاغا لە ساڵی ١٩٠٣ ی ز دا دێی تۆپزاوەیان بینا کرد و بۆ یەکجاری لێی نیشتەجێ بوون، تاڵەبانییەکانیش لە ساڵی (١٩٠٤ ی ز.)دا ئاواییی (سنوور)یان دروست کرد و گوێزایانەوە نێوی، ئەم جەنگە ناوە لێرەو لەوێ بەردەوام بووە تا ساڵی (١٩٠٥ ی ز.) لە ئەنجامدا چەند سەرەک هۆزێکی کوردی ئەو ناوچەیە کەوتوونەتە نێوانیانەوە و ئاشتیان کردوونەتەوە.
* لە ساڵی (١٩١٣ ی ز.) لەسەر ئاو و زەوی و زار جەنگ لە نێوانی تاقمێ لە برا عەرەبەکانی ئاواییی (شبێچە)[٢٦] و کاکەیی لە خوار ئاواییی (زەنقەڕ)[٢٧] لە دەوروبەری (تەپەی عوزێر)[٢٨] بەرپا بووە، لەو جەنگەدا عەرەبە هێرشکەرەکان زیاتر لە (١٧) کەس و (٢٠) وشتریان کوژراوە، کاکەییەکان بێ زەرەرو زیان بوون، چونکە

ئەوان بە نیازی داگیرکردنی کێڵگەو زەویو زار هێرشیان کردووەو ئەمانیش لە سەنگەر و لە شوێنی خۆیاندا بوون، شایانی باسە (عوزێر ئەحمەد قەیتاسی کاکەیی و حەمید)ی کوڕی لەم جەنگەدا دەورێکی پرشنگداریان بینیوە، ئێستاش کاکەیی و عەرەبەکان باسی لێوە دەکەن، دانشتوانی (تۆپزاوە)ش بە سەرۆکایەتی سەیید خەلیل ئاغا لەو جەنگەدا بەشدارییان کردووە و ئازایەتییان نواندووە. جا عەرەبەکان کە بەسەرشۆڕی گەڕاونەتەوە بەدەم ڕێگاوە ئەم دروشمەیان وتووە: (هذا الخنزير سواها.. دم العزير دواها)، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ عوزێر قەیتاسی کاکەیی دەرسێکی باشی داونەتێ.

* لە ٢ی ئابی ساڵی (١٩١٤ ی ز.)دا ئاگری جەنگی جیهانی یەکەم گڕی سەند، لە ساڵی (١٩١٥ ی ز.)دا کۆمەڵێ لە دانشتوانی ئەم دێیە بە سەرۆکایەتی سەیید خەلیل ئاغا چوونەتە جیهادەوە و لە شەڕی شعێبەدا کە لە خوارووی شاری (بەسرە) لەگەڵ ئینگلیزدا ڕۆژی ١٥ی نیسانی ساڵی ١٩١٥ ی ز. روویداوە بەشدار بوون، جا بە هۆی ئەو جەنگەوە دانشتوانی تۆپزاوە و تێکڕای دەڤەرەکە تووشی کێشە و دەردەسەری و قاتی و نەهاتی بوونە، چونکە سەربازەکانی عوسمانی لەو جەنگەدا دۆڕان و لە کاتی کشانەوەیاندا ئازووقەیان لێ بڕاوە، ناچار وەکو گورگی هار کەوتوونەتە ناو خەڵکی، گوند و شار و شارۆچکەیان پشکنیوە و هەرچی زەخیرە و دانەوێڵەی خەڵکی هەیە پاک گزکیان لێداوە و بۆ خۆیانیان بردووە، جا ئەمە بووەتە هۆی مردنی بە دەیان کەس لە دێی تۆپزاوەدا لەوانە هەر سێ جگەر گۆشەکانی شاعیری چەوساوەکان خەلیل منەووەریشی بەرکەوتووە، هەروەها بە هەزاران



کەس لە ناوچەی گەرمیان و سەرجەم کوردستاندا لە برسانا گیانیان لە دەس داوە، دیدە ساڵەکان وا دەگێڕنەوە خەڵکەکە لە پێناوی مانەوەیان بە ناچاری گۆشتی هێستر و بارگیر و ئەسپ و گوێ درێژیان خواردووە، بۆیە ناوی ئەو ساڵەیان ناوە (ساڵی گرانی)، یان: (سەفەر بەر)، یان: (سەفەر بەلک)، یان: (سەفەر بەرلک)، وەکو شاعیر مەلا زەینەڵ حەوێش کاکەیی (١٨٦٦ – ١٩٢٢ ی ز.) دانشتووی شاری کەرکووک داستانە شیعرێکی بە ناوی (داستانی ساڵ ئاورایی)یەوە داناوەو بە جوانی نیگاری ئەو گرانی و کوێرەوەرییەی تێدا کێشاوەو دەڵێ:

یاران یاوەران، یاران یاوەران[٢٩]
گۆش دەن وەڕازم یاران یاوەران
چی شیعرو داستان بساندێ خەبەر
بژنەودێ بەحس ئاورایی و خەتەر
زەبیتەی عەسکەر پەرێ تەعەدا
ئەمر سادر کەرد تا مولک بەغدا
چە گەنم چە یەو زەخیرە یەکسەر
چە خەڵکی سەندن بە قوەی عەسکەر
چە ماش و چە نیسک چە خورماو زوڕات
پەی کەس نەهاستن چە یانە قنیات
بە قوەی سیلاح گشت فەرهوود کەردن
هەر چێش خێرش بی پەی وێشان بەردن
عالەم کەفت وە سوواڵ گەدا فراوان
موحتاج وارده بین توجاڕ تا گاوان

برین سەر قاتر هەر چەنی بارگیر
مەواردن گۆشتش خەیلێ وە دڵگیر
ئی کار گوشنده غەدر نارەوا
بە عالەم کەردن بی وە ساڵ ئاورا
چە شارو بازارِ بی وە واوەیلا
ساڵ گرانی وە نامش نریا
بە دیدەی وێم دیم زیاتر چە هەزار
چە ئاورایی مەرد بەردشان پەی مەزار
دیم لاشەی ئایل چەنی دایەکەش
کەفتەوی نە دەشت لەش چە بان لەش
پەی لوقمە نانێک بە هەفت و بە هەشت
شێتو شەیدا بی رووشان کەرد وە دەشت
بە دیدەی وێم دیم پەی یەک رێزە نان
وێشدا وە کوشت تەسلیم کەردش گیان

تا دەڵێ:

یە (زەینەڵ) واتەن ئی فەردو داستان
بمانۆ تاریخ پەی قەوم و دۆستان

***

* میرزا خەلیل منەووەری شاعیریش (١٨٧٨ – ١٩٢٣ ی ز.) لەو ساڵەدا دوو داستانە شیعری داناوە و تیایاندا بە وردی باسی ئەو چۆرتم و کێشانە دەکا کە بە هۆی جەنگی جیهانی یەکەمەوە تووشی خەڵکەکە بووە لە یەکێ لەو داستانانەدا دەفەرمێ:



هەڤدەی رەمەزان (أشرف الشهور)[٣٠]
خێزا چە (تاوغ) زەلزەلەی (في الصور)
ئیرادەی سوڵتان ساحێب سەریر
پەیدا بی گوڵبانگ سەدای رەشبگیر
ئیعدام عیراق بەرشی بەر قەرار
پەی سەوق و دەردەست پەی قەتل و کوشتار
مەئموور میللەت (عیسا ئەفەندی)
ساحێب مەفرەزەی دەوڵەت پەسەندی
وەکیل دەردەست عەشرەتان بێداد
نە موڵک کەرکووک تا قەشقەی بەغداد
هەر شەو نا غافڵ پەی بەخت نەگبەت
شەبەیخوون مەدا وە سەر یەک عەشرەت
چوار دەور قەریە مەداشان حەسار
مەکەردشان زوڵم فەقیر و هەژار

***

لە جەنگنامەی سەفەر بەریشدا دەفەرمێ:

بە ئەمر فەرمان پادشای جەببار[٣١]
جیهاد ئەکبەر چە عام بی ئیزهار
وە (سەفەر بەرلک) جیهان گرفتار
بی وە رەشبگیر سیغار و کیبار
غیرەت غایب بی چە غیرەتداران
مەرگ موفاجات خێزا چە شاران

هیمەت هەوا بەست پەی ئەوج ئەفلاک
مەردان بێ هیمەت زەنان سەر نەخاک

تا دەڵێ:

هەر کەس پەرێ وێش کەفتە چارەسەر
بێزار چە حەیات وەتەن دەربەدەر
فەقیر فیرار بی لووا پەی هەردان
شەریک شیوەن هەناسە سەردان
فەللاح فەنا بی کاروانچی بێکار
بەرپا بی نەهات فەقیر و هەژار
گوشاد بی دەرگای زوڵم و زەلالەت
نیهان بی نومرەی عەدل و عەدالەت
سەراسەر عالەم کەفت وە زاری و شین
بی وە(یوم الحشر) نە رووی سەر زەمین

تا دەڵێ:

توجاڕان تالان دوکانان دەربەس
بی وە شاگەردان کەس نەبی وە کەس
ئەسەردا چە عام جەبرو زوڵم و زوور
خانەی فەقیران تەمام بی خاپوور
فەرهود و یەغما سەراسەر مالان
بە وێنەی چەپاو بەردشان وە تالان
زایەڵەی زاری فەقیر و مسکین
یاوا بە گەردوون چەرخ هەفتەمین

***



* لە ساڵی (١٩٤٧ ی ز.)دا – دانشتوانی ئاوایی تۆپزاوە دوو ڕووداوی ناخۆشی بە نسیب بووە:

یەکەم – لە بەهاری ئەم ساڵەدا کوللەیەکی زۆر لە ناوچەکەدا پەیدا بووە، بووەتە هۆی نەهێشتنی هەموو دەغڵ و دانێک و بەرپا بوونی گرانی و کوێرەوەری، جا ئەو ساڵە بە ساڵی کوللەکە ناسراوە، شایانی باسە سەیید فەتاح ئاغا لە (شاری بەغدا و خاڵسەوە گەلێ گەنم و جۆ و خورمای بە شەمەنەفەر هێنایە ئاوایی و بەسەر خەڵکیدا دابەشی کرد)[٣٢].

دووەم – جەنگ لە نێوانی کاکەیی و چەند بنەماڵەیەکی کۆچەری لە هۆزی (تەی) لە خوارووی ئاوایی (دەللسی بچووک)[٣١] بەرپابوو، بێگومان ئەو عەرەبانە نیازیان داگیرکردنی زەوی و زاری جوتیارەکان بووە، بە پیلانی ڕژێمی ئەو ڕۆژگارە بووە، جا دانشتوانی تۆپزاوەش شان بەشانی کاکەییەکانی ئەو دەورو بەرە لەو جەنگەدا بەشدار بوون، لە ئەنجامدا ئەو خێزانە عەرەبانە بەرەو دێی (دەگمات) هەڵاتن کە ئاواییەکی عەرەب نشینە و دەکەوێتە خوارووی کەرکووکەوە بە (٢٥) کیلۆ مەتر، لەو جەنگەدا ئەم جەنگاوەرانەی کاکەیی شەهید بوون:

* سەیید فەخرەدین عەلی ئاغای کاکەیی – دێی عەرەبکۆیی (ڕۆستەمئاوا).
* مارف عەلی خەمانی کاکەیی – دێی دەللسی بچووک.
* ئیبراهیم زێدان
* حەمید ئەحمەد لتەیف
* ڕومەیز توعمە گەتڵ

ئەم سێ سوارەی دوایی بە نەتەوە عەرەبن و لە هۆزی ئەلعەزەن هەر لە مێژا سەر بە کاکەیی بوونە و ئێستاش نەوەکانیان لەگەڵماندا دەژین.

* لە ساڵی (١٩٤٨ ی ز.) لە سەردەمی پاشایەتیدا شەڕی برا کوژی لە نێوانی برایانی تاڵەبانی و کاکەییدا لەسەر ئاو و زەوی و زار دووپات کرایەوە، لەو جەنگەدا کاکەییەکان ئەم زەرەرو زیانەیان لێ کەوت: (جاسم سەیید محەمەد کەتە کوژرا و مام زۆراب ئیساف و سەیید محەمەد کەتە و مەهدی زەینەڵ مەحموودی بەیاتیش بریندار بوون، ئەسپەکەی سەیید محەمەد کەتەش گیانی لەدەس دا)، لە ئەنجامدا بۆ یەکجاری ئاشت بوونەوە و بوونە برای گیان بە گیانی.. با ئەوەشمان لەبیر نەچێ ئەم جۆرە شەڕ و رقەبەرییە لە ناو هۆز و بنەماڵەکانی کورد زمانا بە زۆری دەستی بێگانە و ناحەزانی کورد و رژێمی ئەو سەردەمەی تێدا بووە.. شوکر لە ئەمڕۆدا ئەو جۆرە ناکۆکی و بەربەرەکانییە لەناو کوردا بنبڕ کراوە و کورد هۆشیار بووەتەوە و ئیتر بە قسەو پیلانی بەدکاران فریو ناخوا.

* خەڵکی ئەم گوندەش وەکو دانشتوانی هەر گوندێکی کوردنشین لە کوردستاندا بەدەس بەعسی دیکتاتۆرەوە چەوساونەتەوە و تووشی گەلێ دەردەسەری و گاشەو کێشەو بەرەی ناخۆش و دڵتەزێن هاتوون لەوانە: دەربەدەری و ئاوارەیی و کوشتن و بەند کردنی چەندین لاوی بێ تاوان هەروەها لە ساڵی (١٩٧٠ ی ز.)یەوە رژێمی بەعسی هەڵوەشاوی گۆڕ بەگۆڕ بە نیازی تەعریبکردنی ئەو ئاوایییە کوردنشینە برێ خێزانی عەرەبی بەعسییان هێنایە دەورو بەری ئاوایی (مەتیق)، رۆژی ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٧٠ی ز.)دا لە کاتی جووت کردندا جەنگ لە نێوانی دانشتوانی تۆپزاوە و



ئەو عەرەبە داگیرکەرانە بەرپا بوو، لە ئەنجامدا بووە هۆی هەڵاتنی عەرەبەکان و شەهید بوونی دوو رۆڵەی نەبەزی کاکەیی مام هەیاس موترزاو خورشید خوسرەو، ئەمە لە لایەک لە لایەکی تریشەوە لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی رابردووەوە هەمیسان بە نیازی تەعریب کردنی ناوچەکە و ئەم ئاوایییە کورد نشینە برێ خێزانی عەرەبی بەعسییان لە تۆپزاوەدا نیشتەجێ کرد و زۆربەی زۆری زەوی و زاری جوتیارە بێ چارەو رەجاڵەکانیان بە ختوخۆڕایی بەوان بەخشی ئەمانیش لەو دوورە زرکەی چاویان دەهات و کەسیش نەدەوێرا بڵێ لەل، ئەگەر بهاتایە یەکێ فزەی بکردایە بە قەیچی زبانیان لە بندا دەبڕی، یان: وەکو ئەنفالە بەد بەختەکانمان زندە بە چاڵ دەکرا، یان: هیچ نەبێ بە ناوی تەرحیلەوە دەربەدەر و ئاوارە دەکرا بەرەو باکوور یان: بەرەو زەل و زوولاوەکانی باشووری ئێراق، شوکر بۆ یەزدان لە پاش رزگار بوونی ناوچەکە لە رۆژی ١٠ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ ی ز. دا ئەو خێزانە بەعسییە ترسنۆکانە بە بیستنی تەق و پۆقی چەکی رۆڵە نەبەردەکانی گوندەکە و هەڵهەڵە و چەپڵە رێزانی ژنە کاکەییە جگەر سووتاوەکان بە خێرایی هەندەی چاو تروووکانێک کلکیان پێچایەوە ناو گەڵ و بە روو زەردی و شەرمەزاری بەرەو شوێن و جێگای خۆیان هەڵاتن.

جا ئەم ئاوایییە چۆن لە ساڵی (١٩٠٣ ی ز.) لە ژێر ئازار و زەرب و زەنگ و ململانێ بە زۆری تۆپز بینا کرا و لەدایک بوو، لە ساڵی (٢٠٠٣ ی ز.)یشدا لە تەمەنی (١٠٠) ساڵەییدا لە ژێر زەرب و زەنگ و لە سەرە مەرگدا بە دەستی ئازادی خوازان رزگار کرا و ئاڵای کوردستان، ئاڵای ئازادی و سەربەستی لەسەر قوتابخانەکەیدا بەرپا کرا و بە ئازادی شەکایەوە.. سوپاس بۆ یەزدان.. بۆ دەستەی ئازادی

خوازان، سوپاس بۆ ئەو کەسانەی چاکە دەکەن و سەربەستی و دیموکراتییان خۆش دەوێ – نەفرەتی خوا و پێغەمبەریش لە بەعس و دیکتاتۆر و خوێن مژان و ستەمکاران.

## شەهیدەکان:

ئەمەش ناوی ئەو شەهیدە نەمرانەی تۆپزاوەیە کەوا لە ماوەی سەد ساڵدا لە پێناوی کوردو کوردستان گیانی خۆیان بەخت کرد و بوون بە قوربانی:

١– جاسم سەیید محەمەد کەتە – ١٩٤٨ی ز.
٢– مام هەیاس موترزای عەبدەلی (١٩٢٢ – ١٩٧٠/١١/١٥ ی ز.)
٣– خورشید خوسرەو لەفتە (١٩٢٩ – ١٩٧٠/١١/١٥ ی ز.)
٤– وەلی ئیبراهیم محێدین (١٩٣٦ – ١٩٧٣/٨/٢٠ ی ز.) لەسەر پارتی و کوردایەتی رژێمی بەعس لە سێدارەی دا.
٥– نازم عەتیە شاواز (١٩٦٣ – ١٩٨٤ ی ز.)، بەعسییەکان گوللەبارانیان کرد.
٦– دکتۆر – نازم محێدین ئەحمەد (١٩٤٨ – ١٩٨٦ ی ز.)
٧– رۆستەم محەمەد عەلی (١٩٣٧ – ١٩٩١ ی ز.) لەسەر کوردایەتی بەعسییەکان لە پێش دەرگای ماڵی خۆیاندا گوللە بارانیان کرد.
٨– جەبار رۆستەم محەمەد (١٩٦٣ – ١٩٨٨ ی ز.)، ئەنفال کرا.
٩– سەلام جمعە جاسم (١٩٦٣ – ١٩٨٥ ی ز.)، بە نەتەوە عەرەبە، لەبەر ئەوەی ئەندامی پارتی بوو رژێمی بەعس گوللە بارانی کرد.

* ئەمانەش لە ساڵەکانی هەشتای سەدەی رابردوو لە جەنگە درێژ خایەنە پڕ خوێناوییەکەی نێوان ئێراق و ئێران بوون بە قوربانی ئەو جەنگە.



١– جەبار رۆستەم زۆراب
٢– جەهاد واحێد عەباس
٣– جەمال عەزیز محەمەد
٤– ئەسغەر عەباس مەهدی
٥– سەمین مەهدی زەینەڵ
٦– غالب حوسێن رەمەزان
٧– قابیل رفعەت مەدحەت
٨– غازی حەسەن عەلی
٩– بیلال عەبدوڵڵا رەمەزان
١٠– سوعاد عەبدوڵڵا رەمەزان
١١– حەسەن سەیید عەلی سلێمان
١٢– ئەحمەد حەسەن سەفەر
١٣– محەمەد ئەحمەد مەحمود
١٤– شامل هەواس بابا

* لە دوای پرۆسەی ئازادیش لە ساڵی ٢٠٠٣ ی ز. بەدواوە ئەم رۆڵە کورد پەروەرانەی کاکەیی کە خەڵکی ئاواییی تۆپزاوەن تیرۆر کراون و چوونەتە ریزی سەروەرانی کوردستانەوە:

١– ملکۆ بەیات کەریم (١٩٧٧ – ٢٠٠٤/٢/٢ ی ز.)
٢– سەرکەوت تەیب غەفوور (١٩٧٥ – ١/١٦/ ٢٠٠٥ ی ز.)
٣– مازن شەوکەت خورشید (١٩٧٩ – ٢٠٠٥/٦/١٤)
٤– سیروان رۆکان رەمەزان (١٩٧٦ – ٢٠٠٥/٧/١٤ ی ز.)
٥– سەعید عەزیز رەمەزان (١٩٥٦ – ٢٠٠٦/١/٢٢ ی ز.)
٦– حایر عەزیز فەتحی (١٩٧٦ – ٢٠٠٦/٦/٢٠ ی ز.)
٧– ئەدیب غائیب غەفوور (١٩٦٨ – ٢٠٠٦/٧/٤ ی ز.)

٨- غالب جاسم فلاَمەرز (١٩٧١ - ٢٠٠٦/٧/٤ ی ز.)
٩- رەمزیە ئیبراهیم نەجم (١٩٧٢ - ٢٠٠٧/٧/٢٨ ی ز.)
١٠- موحسن عەلی هەیاس (١٩٧٦ - ٢٠٠٧/٨/١٢)، هاوسەرەکەشی لەیلا رەزا محەمەد لەدایکبووی (١٩٧٦ ی ز) لەهەمان ڕۆژدا کە گوێی لە هەواڵی کوشتنی مێردەکەی بوو بە کلاشینکۆف خۆی دەکوژێت و هەردووکیان پێکەوە سپاردەی خاک کران.
١١- ستار زۆراب مورتزا (١٩٧٢ - ٢٠٠٧/١٠/٤)

**جلوبەرگ:**

- جاران تا سەرەتای هەفتاکانی سەدەی رابردوو پیاوەکان کراس و شرواڵی درێژی سپی و چاکەتیان دەپۆشی و پشتێنی قەفەداریشیان دەبەست، کڵاو و مشکی، یان: جەمانەیان دەبەست بە سەرەوە، هەیش بوو کەواو سەڵتەو فەقیانەی دەکرد، یان: کەواو چاکەتی دەپۆشی، پێڵاوەکانیشیان بە زۆری کەڵاش بوو، خۆیان لە بەن دەیانچنی، جێی سەیرە بە هیچ جۆرێک جلکی کوردی وەکو رانک و چۆخە، ستارخانی، مرادخانییان نەدەکرد. من وەک هەموو دانیشتوانی دەڤەرەکە پێم وایە ئەمە لەبەر ئەوەی لەگەڵ عەرەبەکاندا هاوسنوورن و ئەوان لەم رووەوە کاریان تێ کردوون. زۆر بە چاکی لە یادمە لە ساڵی ١٩٦٢ لە هەڕەتی لاوێتیدا بووم، لەگەڵ دوو یاوەری هاوزامدا (فەرزی سەیید سابوور و خوالێخۆشبوو کاک سعود محێدین) کە دانشتووی تۆپزاوە بووین بڕیارمان دا هەرسێکمان بەرگی کوردی بکەین، هەر چۆنێک بوو بەندە بڕیاری خۆم هێنایە دی و بەو بەرگە پیرۆزەوە کە بۆ یەکەم جارە دەیپۆشم بەناو کۆڵانە بەرین و تەنگەبەرەکانی ئاواییەکەمدا هەندێ گەڕام، کە خەڵکی چاویان پێ کەوتم ژن و پیاو کوڕو کچ بەلایانەوە گەلێ سەیر بوو، جا بە تەوسەوە دەیانوت: ئا ئەمە کێیە..؟

ئەرێ ئەمە فیسارە کەس نییە..؟!

ئاخۆ بۆ ئەو جلکە سەیرەی پۆشیوە..؟

لەمەش سەیرتر یەکێ دەیوت: لاچن، لاچن کەوچک فرۆش هات..!!

ئەوی تر دەیوت: وەرن کۆببنەوە پەڕۆ بێنن بنێشت فرۆش هات..!!

بە هەقیقەت منی هەرزەکاری شەرمن لەو تەمەنەدا تا رادەیەکی زۆر شەرم دایگرتم.. ئارەقەی زەردو سوور زەنگۆڵ زەنگۆڵ بەسەر روومەتە زەردەکانمدا شۆڕ دەبووەوە.. قسەکانیان بەلامەوە لە جنێو تیژتر و کاریگەرتر بوو.. لە رۆیشتندا پێم رێی نەدەگرت.. هەر چۆنێک بوو خۆم گەیاندە ئەو دوو ئاوەڵەم کە بڕیارمان دابوو لە شوێنێکی دیاریکراودا لە سێبەری دیواری نەخۆشخانەی دێکەدا بەو بەرگەوە یەک بگرینەوە، روانیم ئەوانیش بە قاقای پێکەنینەوە پێشوازییان لێ کردم و بەڵێنەکەشیان فەرامۆش کردووە.. جا بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمە ئەو رۆژگارە وابوو بەڵام ئێستا دەزانم و بۆم روونە ئەو خەڵکە تا رادەیەک مافی خۆیان بوو چونکە ئەو بەرگە لەو سەردەمەدا کە بە هۆی منەوە لەپڕ بە دیار کەوت بەلای دانشتوانی گوندەکەوە نامۆ بوو، تەنیا لەبەری برا هەورامانییەکاندا دەیانبینی کە بە هاوینان بەو بەرگەوە دەهاتنە ئەو ئاواییە و دەورو بەر بۆ کڕینی پەڕۆ و پیتاڵ و فرۆشتنی بنێشت و قاپ و قاچاخی دارین و سەرەن و بێژنگ، لە پاش بەندەش لە ساڵی ١٩٦٥ ی ز. دا عوزێر مام ئەحمەد لە هەمان دێدا کە هەستی کوردایەتی ناخی هەژاندبوو دەسێ رانک و چۆخەی شەککەری جوانی کرد و لە جەژنەکان و شاییەکاندا بێ پەروا دەیپۆشی بە تایبەتی لە جەژنی نەورۆزدا، شوکر لە پاش بەیاننامەی

١١ی ئازاری ساڵی / ١٩٧٠ زۆربەی زۆری لاوە کورد پەروەر و خوێن گەرمەکانی ئاوایی بە سەربەستی پۆشاکی کوردی خۆماڵی دەپۆشن و شانازی پێوە دەکەن، بەندەش ئەوە ساڵەهای ساڵە بەبێ پەروا بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەبەرمدایە و گەرمیان و کوێستانی پێ دەکەم. بەرگی ژنانیش بریتی بوو لە کراس و کەوا و سوخمە و سەرپۆش و چارۆکە و پاپۆشی درێژ.. بەڵام لە ئەمڕۆدا ژنان چەشنی دەستە خوشکانی شارییان تەنیا کراسی شۆڕی ڕەنگاو ڕەنگ دەپۆشن، جلکی کوردی کەمتر بووەتەوە و خەریکە وا بەرە بەرە لێی دەتۆرێن، تەنیا لە جەژنی نەورۆز و ئاهەنگ و شاییەکان و سەیرانگاکاندا لەبەری دەکەن.

### ئایا لە کوردستاندا ئاوایی تر بەم ناوەوە هەیە..؟[٣٣]

– بەڵێ جگە لەم تۆپزاوەیە چەندین ئاوایی تر لە کوردستاندا بەم ناوەوە هەیە وەکو:

(١) تۆپزاوە – سەر بە شارۆچکەی بەعشیقە لە شاری مووسڵ، دانیشتوانی شەبەکن.

(٢) تۆپزاوە – سەر بە شارۆچکەی عەشایەر سەبعە لە شاری مووسڵ.

(٣) تۆپزاوە – سەر بە شارۆچکەی (سمێڵ) لە شاری دهۆک.

(٤) تۆپزاوە – سەر بە شارۆچکەی عێنکاوە – هەولێر.

(٥) تۆپزاوە – سەر بە شارۆچکەی برادۆست – هەولێر.

(٦) تۆپزاوە – سەر بە شارۆچکەی کۆیە – هەولێر.

(٧) تۆپزاوە – سەر بە شارۆچکەی سوورداش – سلێمانی.

(٨) تۆپزاوە – سەر بە شارۆچکەی ناودەشت – سلێمانی.





(٩) تۆپزاوە – لەسەر ڕێگای کەرکووک و تکریت – کەرکووک.

(١٠) تۆپزاوە – سەر بە شارۆچکەی شوان – کەرکووک.

### دەروێشەکان:

– لە ئاواییدا چەند دەروێشێک هەبوون خاوەنی سمێڵ و ڕیش و پرچی درێژ بوون، هەمیشە خەریکی خوا پەرستی و زیکرو ویرد بوون لەوانە:

(١) سەیید عەباس نەسرەدین (١٩١٠–١٧/١٢/١٩٩٤ی ز.) بە سەیید عەباس چۆسەوز ناسرابوو، دووکانێکی ئاسنگەری هەبوو، بە زۆری چەقۆ و داس و داسوولکە و شویش مەڵۆی دروست دەکرد.

(٢) دەروێش غەیبوڵڵای کوێخا سەلیم قۆچاغلی (١٨٩٥ – ١٩٧١ ی ز.) شارەزایی لە حیکایەت گێڕانەوە و مەتەڵ و پەندی پێشینان و دەرمانگەری کوردەواری و ناوک گرتنەوە هەبوو.

(٣) دەروێش نەجم حەیدەر (١٩١٠ – ١٩٨٠ ی ز.) پیاوێکی سادەی هەژار بوو.

### جەژنی نەورۆز و خەڵکی ئاوایی تۆپزاوە:

– بە کورتی و بە شێوەیەکی گشتی بەلای کاکەییەوە جەژنی نەورۆز گەلێ پیرۆز و مەزنە چونکە موبارەک شای لوڕستانی (١٠٢١ – ١٠٩١ ی ز.) کە بە شاخۆشین ناسراوە ناودارێکی پایەبەرزی کاکەییە لەم ڕۆژە پیرۆزەدا لەدایک بووە، شایانی وتنە ئەم زاتە یەکەم شۆڕە سوارە کەوا بناخەی کاکەیی بە ناوی یارسانەوە دامەزراندووە.

(زۆر بە چاکی لە یادمە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٩ ی ز. ئاگری نەورۆز بە ئازادی لەسەر کۆشکەکەی فەتاح ئاغا لە تۆپزاوەدا لەلایەن

مامۆستایان خەزعەل رەشید یادگارو عەبدولموتەکەبرو جوامێر فلاحەرز نۆفڵ و یادگار رەشیدو تالیبی برای و بەندە و بڕێ لە لاوانی ئاوایی کرایەوە و بڵێسەی چوو بە ئاسمانا، جا لەو ساڵەوە خەڵکی تۆپزاوەو سەرجەم کاکەییەکانی ئەو دەڤەرە شەوی نەورۆز لە سەربان و جێگا بەرزاییەکاندا ئاگری خۆشی، ئاگری رۆژی نوێ، ئاگری جەژنێکی کۆنی کورد دەکەنەوە کە مۆژدەی سەربەستی و ئازادی بۆ گەلی کوردی چەوساوە هێنا. خەڵکی تۆپزاوەش وەکو هەر کوردێکی بە ئەمەک و دڵسۆز بە شەوقەوە پێشوازی لە رۆژی نەورۆز دەکەن ئەو رۆژە روناکە کەوا جەرگی شەوەزەنگی دڕی و رۆشنایی بەرپاکرد، بەڵێ لەم رۆژەدا کاوەی ئاسنگەر ئەم رۆڵە نەبەردەی کورد بە تۆپزی سەر ئاسنین کەللەی زوحاکی تەقاند و هەواڵەی دۆزەخی کرد و سەرتاسەری وڵاتی کردە مەشخەڵان، بۆیە هەر هەموو دانشتوانی ئاوایی بەو جەژنە دڵخۆشن و جەژنە پیرۆزەش لەگەڵ یەکدا دەکەن و هەموو ساڵێکیش لەم رۆژەدا بۆ سەیران دەچنە دەورو بەری گومەزەکەی (ئیمام زەینەلعابەدین[٣٤]) کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی داقووقەوە بە چەند کیلۆ مەترێک، لەوێ نانی نیوەڕۆ دەخۆن و بۆ چەند جارێکیش چایی لێ دەنێن – ئەو رۆژە تا عەسرێکی درەنگ لەوێ بە خۆشی دەمێننەوە، شایانی وتنە ئەوە چەند ساڵێکە ئەو شوێنە بووەتە جێگاو مەڵبەندی سەیرانگای سەدان خێزانی کورد لە هەر ساڵێکدا، لە هەموو ئاواییەکانی دەوروبەری داقووق و خورماتوو رووی تێ دەکەن، هەروەها لە کەرکووک و دووبز و پردێ و سلێمان بەگ و بێجیشەوە بۆ سەیران دێنە ئەوێ، لە زۆر شوێندا تاقم تاقم ژن و پیاو دەس دەگرن و گۆرانی دەڵێن و شایی دەکەن و ئەو رۆژە بە خۆشی و کامەرانی دەبەنە سەر، خوا لە هەموو لایەکمانی ئاڵۆز نەکات..



ئەمەش چامە هەڵبەستێکی فۆلکلۆرییە گۆیندە تیایدا باسی جەژنی نەورۆز و ئاگر و کاوەی ئاسنگەر دەکا و دەڵێ:

شەوێ چوومە ماڵەوە[٣٥]
فانۆسم لێ کوژایەوە
ژنە عەزیزەکەی من
دارو پەڕۆی هێناوە
لەگەڵ بوتڵێکی نەوتا
ئاگری تێ بەرداوە
کاکە جەژنتان پیرۆز
خودا بە ئێمەی داوە
سالان سالانی زوو
زوحاک گەلێ بەدخوو بوو
کاکە کاوەی ئاسنگەر
بە گورز ئەوی کوشتبوو
کوردانی لەو بەدکارە
بە خۆی رزگار کردبوو
ئافەرین سەد ئافەرین
بەو دایکەی تۆی هێنابوو
عەشرەت جەژنی نەورۆزتان
لە زوو بۆ کوردان مابوو
کاکە جەژنتان پیرۆز
لە هەموو عەشرەت و هۆز

## راوچییەکان:

– ئەم راوچییانەش جێنشینیان دێی تۆپزاوەیە، هەمیشە خاوەنی تاژی و تووڵە بوون و بە پایزان و زستانان راوە کەروێشک دەکەن:

١– مام تەیب مام رەمەزان (١٩٢٨ ی ز. – )، ئەم راوچییە لە تافی لاوێتییەوە خەریکی راوکردنە و لە رادەبەدەر ئارەزووی لێیە.

٢– شوکر سەعدوڵڵا شەهاب (١٩٣٢ – ١٩٩١/٣/١٧ ی ز)، لەناو خەڵکیدا بە شوکر سۆنە ناسراوە، مەلا عەباس حیلمی لە شیعرێکدا ناوی هێناوەو دەڵێ:

سەلامم هەنەن چە شوکر سۆنە
خاوەن تانجی رەش پاسکیلە کۆنە(٣٦)

٣– ئیبراهیم دەروێش نەجم (١٩٤٧ – ١٩٩٣ ی ز).

٤– باوە حوسێن باوە هەیاس (١٩٤٧ – ٢٠٠٤ ی ز).

## تەونکارەکان:

– لە کوردەواریدا گەلێ پیشەی جۆراو جۆری فۆلکلۆری باو و باپیران، داو و داپیرانمان هەن کە مۆرکی رەسەنایەتی نەتەوەکەمانی پێوە لکاوە، یەکێ لەوانە پیشەی تەونکارییە کە تایبەتە بە ژنان و ئەم بەرهەمانە دەچنن (مافوور، بەڕە،بەرماڵ، سفرە)، ئەمەش ناوی هەندێ لەو ژنە تەونکارە دەس رەنگینانەیە کە نیشتەجێی ئەم ئاواییەن:

١– خاتوو گوڵەی مەلا عەباس حیلمی (١٩٣١ – ١٩٧١ ی ز).

٢– سەعدە خانمی حەمەی عەبدەلی (١٩٢٧ – ).

٣– خاتوو گوجەی سەیید محەمەد فەتاح (١٩٣٧ – ).

٤– خاتوو غەزالی زەینەڵ خدر (١٩٣٠ – ١٩٨٥ ی ز).



٥– خاتوو شیرین عەلی حەسەن (١٨٩٥ – ١٩٧٤ ی ز).

٦– خاتوو نەجمەی فەتحی جەژنی (١٩٣٧ – ).

٧– خاتوو خێریە خوادا خوسرەو (١٩٣٢ – ٢٠٠١ ی ز).

## جەڕاحەکان:

١– مام مەدحەت مام ئەڵماس مام قەیسەر (١٨٩٥ – ١٩٧٠/٧/١٤ ی ز)، ئەم مرۆڤە پیاوێکی پیاوانەو میوان دۆست و سەر راست بووە، لە بواری شکستەدا شارەزاییەکی چاکی هەبووە، ئەوەی لە گوندەکە و دەوروبەردا دەستی یان لاقی بشکایە بە خێرایی خۆی دەگەیاندە لای ئەم زاتە، ئەمیش بەبێ پاداشت لە پێناوی مرۆڤایەتی و خزمەتی کۆمەڵ بۆی دەگرتەوە و دەیهێنایە جێگای خۆی و بۆ ماوەی چەند رۆژێک چاک دەبووەوە. بەندە لە ساڵی ١٩٦٢ی زدا لە یاریکردندا دەستێکم شکا، بەزوویی خۆم گەیاندە لای ئەم زاتە و بۆی گرتمەوە و لە ماوەیەکی کەمیشدا چاک بوومەوە، خوا لە گوناهی خۆش بێ.

٢– دەروێش ئەحمەد رەزا (١٩١٧ – ٢٠٠٢ ی ز) ئەمیشیان لە بواری شکستەو لەجێچوون تا رادەیەک ئاشنایی هەبووە و لەم بوارەدا خزمەتی کردووە.

## لە بواری بیناسازیدا:

١– قەمەر نەفەر ئەحمەد (١٩٢٧ – ١٩٧٤ ی ز) لە بواری بیناسازیدا دەستێکی رەنگینی هەبوو، مرۆڤێکی کورتە باڵای گورج و گۆڵ و خێرابوو، رۆژانە هەر بە ئاسانی ١٠٠٠دانە خشتی کاڵی دەبڕییەوە.

٢– شەوکەت خورشید حوسێن (١٩٣٦– ) ئەمەش بیناسازێکی چاکە.

## يارييه فۆلكلۆرييەكان:

– وەكـو ديده سـاڵەكـانى تۆپزاوه دەگـێڕنـەوه زووتر خـەڵكى ئاوايى به تايبەتى لاوەكان و مێرد منالّەكان وەكو وەرزش به خۆشى و كامەرانى بەم ياريیانه و به دەيان يارى تريش هەڵدەستان و كاتى خۆيانيان پێ دەبرده سـەر: (يارى قولان، هـەلوكان، شـەقێن، مشـتوكوشت، كلاوێن، چالّەوێن، گـورز بن مـێـخكێ، چاوشـاركێ، قـەرەقـەره، كـلاو رفكێنه، قاپان، يەكباز، سێباز، تيقمانه جووت، مورجخێن، دامه، قوتەران، سێڕسكان، نۆڕسكان، گولان، بابى بابى، مزراحێن، يەكلوحەيزەران، كلاو له ژێر داوانكێ، يارى بەغاو بەسره، مەلا داد، سێوەر سێوەركێ، تەڵه و رێوى، نانه رەقه.. پشته تەقه، تەق تەق، هۆ رێوى رێوى.. رێوى بێ ئيمان، تەندووره قـۆيمه، كـاوره لەڕێ، دار كـێشكێ، هـۆ شـوان هۆو..).

## سەيرانگا:

– زووتر تا سـاڵى (١٩٦٣) رۆژانى جەژن و بەهاران به دەيان خێزان به گەورەو بچووكەوه به پۆشاكى نوێوه له ئاوايى تۆپزاوەو گوندەكانى دەورو بەرەوه له (شێخ ئيبراهيم) كۆ دەبوونەوه و دەستيان به شايى و هەڵپەڕكێ دەكرد، يەكێك گۆرانى بۆ دەوتن، يان له پڕ هونەرمەندێكى ميللى پەيدا دەبوو به ئامێرى دووزەله يان شمشاڵ سەيرانگاكەى دەرازاندەوه.. ئەمه ئەو رۆژه تا دەمەو ئێواره وابوو.. له بيرمه له ساڵەكانى پەنجاو شەستەكانى سەدەى رابردوو به بەهاران به خاو خێزانەوه ژن و پياو گەورەو بچووك روومان دەكرده ئەوێ، زۆرجار نانى نيوەڕۆمان لەناو گوڵ و مێرگدا دەخوارد و چاييشمان نۆش



دەكرد، ئنجا بەزمى گۆرانى و هەڵپەڕكێ دەستى پێ دەكرد، بەڵام له پاشاندا كه حيزبى بەعسى هەڵوەشاو به ناخێرى گيانيان له ناوچەكەدا وەكو ئەهريمەن پەيدا بوون ئەم سەيرانه خۆشەيان لێ تێكداين، دەك خوا ماڵيان كاول بكات و تۆويان لەسەر ئەرز ببڕێ.

## پەندى پێشينان:

– ئەمه چەند پەندێكى كۆنى كوردەوارييه كەوا له ديده ساڵەكانى ئاواييیەكه به دەستمان هێناون:

### أ. به شێوەزارى كرمانجى خواروو:

١– ئەگەر تۆ يەك مەنى من دوو مەنم.. جگه له كێش و تەمەنم.

– واته: ئەگەر تۆ زاناى من دانام و له تۆيش زۆرتر دەزانم و به تەمەنيش له تۆ گەورەترو دنيا ديدەترم، له ناو كۆمەڵيشدا له تۆ سەنگين و رێزدارترم.

٢– ئەوەى بەرز بفڕێ نزم ئەنيشێتەوه.

– ئەم پەنده به يەكێك دەوترێ كه زۆر لووت بەرز بێ و به خۆى بنازێ و هەميشه خۆى به زل بژمێرێت.

٣– ئاگادارى ماڵى خۆت به و دراوسێ مەكه به دز.

– ئەمه به يەكێكى بێ دەسەڵاتى دەڵێن كەوا كەم تەرخەمى كردبێ له پاراستنى ماڵ و سامانەكەى و دزرابێ، له ئاكامدا بەرۆكى دراوسێيەكانى گرتووبێ، يا يەكێك به منالّەكانى دەيلێ بۆ ئەوەى ئاگادارى ماڵى خۆيان بن و له دز و تالانچى بيپارێزن.

٤– ئەگەر هۆڕت پڕ بێ.. با پێلاوت شڕ بێ.

- واتە: ئەگەر دەستڕۆ بیت و گیرفانت پڕ بێ، با پێڵاوەکانیشت شـڕ بن، دەتوانی بەو پارەو پوولەی کـە هەیتـە هێن نوێ بکڕی، بەڵام ئەگەر گیرفانت بەتاڵ و سارد و سڕ بن ئەوە هیچ.

٥- ئەو خوانەی دوعای ئەدەی بەردی تێ مەخە.

- واتە: بە هۆی هەر کـەسـێکەوە بە روو سـووری بۆ خـۆت و منداڵەکانت نانت بە چنگ کـەوت، تیرو توانجی تێ مەگـرە و بە خراپی ناوی مەهێنە.

٦- بڕۆرە شارێ کەس نەتناسێ

خۆت هەڵکێشە پڕ بە کراسێ.

- ئەمە بە یەکێکی فیشاڵکەر و درۆزن دەوترێ، واتە: لای یەکێک درۆ بکە کە نەتناسێت.

**ب. ئەمەش چەند پەندێکە بە شێوەزاری ماچۆ (گۆران):**

٧- ئەوەڵ مەپەرسا هامسا وەژەنی

دووەم مەپەرسا دایەو فەرزەنی

- واتە: ئازاری دراوسێکانت مەدە چونکە لەو دنیا یەکەم پرسیاری دراوسێکانت لێ دەکەن، ئنجا دایک و باوک و منداڵ.

٨- ئاو چە دمای بێڵم نمەیەو..!

- ئەمە یەکێکی ژیر دەیڵێ کە مناڵەکانی، یا خەڵکی بە گوێی نەکەن.

٩- خزم وێمانەن بۆیە قورپش نییەن.

- واتە: خزمی خۆمانە بۆیە رێزی لێ ناگریت.

١٠- خنەش رەنگ نمەگێرۆ.



- واتە: قسەی رەواجی نییە.

١١- دەلیل هاوردم کاران کەرۆ جەم

نەزانام دەلیل بارم کەرد چە خەم.

- یەکێک دەیڵێ کە پەنای بۆ یەکێ بردبێ ئیشەکەی بە چاکی بۆ ئەنجام بدات کەچی خراپتری کردبێت.

١٢- سەد حۆقە رۆن سمێڵش چەور نمەکەرۆ.

- بە یەکێکی فیز زل دەوترێت.

١٣- گ گردەکانێ خڕەن، بەڵام گ خڕێ گردەکان نییەن.

- بە یەکێکی نەزانی دیمەن پەرست دەوترێت.

١٤- ئەگەر وەچەم دیت وە دەم مەواچە،

مەلۆ وە ملـت تـەوق دوهـاچە.

- واتە: ئـەگـەر نەنگی یەکـێکت بە چاو بینی هاشـاری بدەو بۆ خەڵکی مەیگێڕەوە ئەگینا تەوقی دۆزەخت لە گەردن دەکەن، ئەم پەندە بە یەکێک دەوترێ کە دەربارەی نەنگی ئەم و ئەو بدوێت.

## مەتەڵی فۆلکلۆری:

* ئەمـەش چەند مـەتەڵێکی کوردەوارییە، لە دانیشـتوانی تۆپزاوە بە دەستمان هێناون:

١- نە وەرمش هەنەن نە خۆراک

چە دۆست و دوژمن بێ باک - مەبەست لە ئاوە.

٢- نە گیاندارەن نە خویندارەن

بێ دەس و پا شەبقەدارەن – مەبەست لە قارچکە.

٣– ئەگەر ئەقڵداری ئەقڵت چەویرەن

چە نام مەلەکان کامشان وە شیرەن.

وەڵام:

ئەقڵدارەنا ئەقڵم وە فامەن

ئا مەل توو ماچی شەمشەمش نامەن – مەبەست لە شەمشەمە کوێرەیە.

٤– ئێژم، ئێژم (تەور) ئێژم

ناوی ئەوەم پێت ناوێژم – مەبەست لە تەورە.

٥– ئاخۆ ئەمانە چین؟

داری بێ گوڵ، خواردنی بێ دڵ، میوەی بێ توێکڵ – مەبەست لە هەنجیرو ماسی و گۆگجەیە.

٦– سەگی هار لە بان دار

کڵۆ کڵۆ بەفر ئەخاتە خوار – مەبەست لە تیخی سەرتاشینە.

٧– قەڵایەکم هەیە گەچگەچینە

نە پای هەیە نە پارچینە – مەبەست لە هێلکەیە.

**دابونەریت:**

– ئەمەش چەند نموونەیەکە لەو دابونەریتانەی کە لە ئاواییی تۆپزاوەدا باوی هەیە:

* خەنە: ئەگەر خەنە لە نزیکی منداڵی تازە لەدایکبوو بگیرێتەوە وا



دەزانن ئەو منداڵە تووشی رەنگ زەردی دەبێت.

* ددان: ئەگەر منداڵێکی نێرینە ددانی بکەوتایە، ژنان، یان دایکی منداڵەکە ئەو ددانەی دەخستە ناو پارچە پەڕۆیەکی بچووکەوەو بە نهێنی دەیانخستە ناو سەنوقی عەتار، یان دێوەرە، یان گەڕیدەوە، وایان دەزانی بەم کارەیان ئەو کوڕە چاو نەترس و ئازا، ژیرو وریا و قسەزان دەبێ، چونکە عەتار و دێوەرە و بەقاڵ لەبەر ئەوەی زۆر دەگەڕێن هەڵبەتە زۆریش دەزانن، بەڵام بۆ کچ ددانەکەیان فڕێ دەدایە سەربان و دەیانوت: پیسەکە بڕۆ.. پاکەکە وەرە.

* منداڵ: منداڵی ساوا لە پاش ئەوەی پێ دەگرێ بە گاگۆڵکێ بڕوات وا دەزانن میوانیان دێ.

* زمان: ئەگەر یەکێ زمانی خورا وا دەزانن بە دیداری دۆستێکی دوور وڵاتی شاد دەبێ و وتو وێژێکی خۆش ئەنجام دەدەن.

* ئاو: بە شەوان ناهێڵن کووپی ئاو یان (کوندە) بێ جام بێ وا دەزانن بە شەوان جنۆکەکان و فریشتەکان دێن ئاو دەخۆنەوە، جا ئەگەر هاتو بێ جام بێ ئەوە فریشتەکان و جنۆکەکان دوعای شەڕو نەفرەتیان دەکەن و دەبنە هۆی بێ بەرەکەتی ماڵیان و خۆیانیش تووشی زیان و نەخۆشی دەبن.

* بۆن: ئەو منداڵەی تووشی نەخۆشی بۆن بێت وا دەزانن بە هۆی بۆنێکی تیژەوە تووشی بووە، جا ئەو بۆنە خۆش بێ یان ناخۆش.. بەهەر جۆرێک بێ دەڕۆن عەتر، یا هەر بۆنێکی خۆش پەیدا دەکەن و دەیهێنن و لە شوێنێکدا دایدەنێن، ئنجا خواردنێک بە شیرەمەنی دێنن وەکو: نوقڵ، خورما، شەکرۆکە، مێوژ، یان هەر خواردنێکی دی لەو جۆرە خواردنانە لە نزیکیەوە دادەنێن، بۆ ئەوەی بۆنەکەی

وەرگرێ، لە ئەنجامدا ئەو خواردنە دەرخواردی تووشبووەکەی دەدەن، باوەڕیان وایە بەمە چاک دەبێتەوە.

* بولبول: ئەو منداڵەی کە درەنگ زمان بگرێت ئاوی بەر پەلەوەری بولبولی دەدەنێ، یان هێلکەی کۆتری بە کوڵاوی دەدەنێ گوایە بە مانە بە زوویی زمان دەگرێ.
* تیراوێ: بۆ چارەسەرکردنی ئەم دەردە پەلەوەری سەرگەڕیان دەسووتاندو بۆ چەند جارێک خۆڵەمێشەکەیان لێ دەدا.

**شایی و زەماوەند:**

* ئەم بابەتە زۆر دوورو درێژە بەڵام من لێرەدا بە کورتی باسی لێوە دەکەم.

دانیشتوانی ئاواییی (تۆپزاوە) و تێکڕای دەڤەرەکە زووتر بە زۆری لە وەرزی بەهاران و پایزاندا شاییيان دەگێڕا، چونکە لەم دوو وەرزەدا دانیشتوانی گوند کاریان نییە و دەستیان بەتاڵەو ئاو و هەوایش خۆشە، ڕۆژانی پێنج شەممە و هەینی بووک دەگوێزرایەوە، جاران دەوڵەمەندەکان بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ و حەوت شەو بە دەهۆڵ و زوڕناوە شاییيان ساز دەکرد، خزمەکانی خۆیان و خەڵکی ئاوایی و دەوروبەر بۆ زەماوەند داوەت دەکران، ئامادەبووان ژن و پیاو پۆشاکی خاوێن و نوێیان دەپۆشی، خاوەن شایی بە گەرمییەوە پێشوازییان لێ دەکردن، ڕۆژێ پێش ئەوسا شوێن و جێگای دانیشتن و هەڵپەڕکێیان ئامادە دەکرد، ڕەشماڵیشیان هەڵدەدا، بۆ نان خواردن چەند ئاژەڵێکیان سەر دەبڕی، خاوەن شایی و خزم و کەس و کاری و خەڵکی ئاوایی هەر هەموویان بازووی خۆیان لێ هەڵدەماڵی و کاریان دەکردو خزمەتی



میوانەکانیان دەکرد، لە شاییەکەدا پیاو و ژن، کچ و کوڕ دەستیان دەگرت و خۆشترین هەڵپەڕکێی ڕەشبەڵەکی کوردەوارییان ساز دەدا، جاری واش بووە بە ئامێری دووزەلە یا شمشاڵ شایی کراوە، ڕۆژێ پێش گوێزانەوەی بووک ژنێ قەیرەیان دەنارده ماڵی بووک، تا بووکەکە بە جوانترین شێوە بڕازێنێتەوە، ماڵی بووکەکەش ژنێکی باوەڕپێکراویان تەرخان کردووە تا لەگەڵ بووکەکەدا بڕواتە ماڵی زاوا، ئەم ئافرەتە پێی دەوترا (پێخەسوو)، کە لە هەندێ شوێندا (بەربووک)ی پێ دەڵێن، لەسەر ئەم بەروبووکە زۆر شیعری فۆلکلۆری وتراوە یەکێ لەوانە: (هە جوانترە، هە جوانترە، بەربووک لە بووک زۆر جوانترە) بووک بە زۆری بە ماین دەگوێزرایەوە، ماینی بووک زۆر بە جوانی دەڕازایەوە، ئەگەر ماڵی بووکەکە لە گوندێکی تر بوایە ئەوە خەڵکی بە خۆشی و زەوقەوە بە سواری وڵاخ دەچوون بۆ بووک هێنان، لە پێش ماڵی بووکدا دەبووە هەلهەلە لێدان و شایی و هەڵپەڕکێ تا بەربووک و پێخەسوو بووکیان دەردەهێناو بە چەپڵە ڕێزان و گۆرانییەوە بووکیان سواری ماین دەکرد.. لە گەڕانەوەدا چەند سوار چاکێک بە مەشق و سوار سوارانێ و ڕەمبازی و تەقەکردن بە ئاسماندا لە پێش بووک دەهاتن و دەچوون، تا دەگەیشتنە بەر ماڵی زاوا، لەوێیش دەبووە هەرا، دەنگی هەڵهەڵەو گیزەی گوللە و نەغمەی گۆرانی و شڵپەی چەپڵە تێکەڵ دەبوون و دەبووە ئاوازێکی خۆشی دڵڕفێن، شایی و لۆغان دەگێڕدرا، گۆرانی بووکانە.. بووکانە دەوترا.. هەر کەس بەسەر یاری خۆیدا هەڵیدەدا، ژنانی خانومان و کچانی نەشمیلانە و خرپن بە ئاوێنەی ئاگر بارانە و تارای ڕەنگامە و ئەسکوێوە لە پێشی بووکدا سەمایان دەکرد، بووک تارای زەردو سووریان داوە بە سەردا، زاوا لە سەربان قامیشێکی ها بەدەستەوە،

کە بووکەکەیان دەبردە ژوورەوە زاوا قامیشەکەی دەدا بەسەر بووکە نەشمیلانەکەیدا، برا زاوایش کە لەگەڵ زاوادا لە سەربان وەستاوە پڕ دەستەسڕێ پارەی وردەو نوقڵی رەنگاو رەنگ و چوکلێتی دەکرد بەسەر بووکەکەدا، منداڵان بۆ خۆیان کۆیان دەکردەوە. لە دوای گواستنەوەی بووک خەڵکی خواحافیزی و ماڵئاواییان دەکرد، هەر یەکە لە ئامادە بووان بە پێی توانا یارمەتی خاوەن شاییان دەدا وەکو: (ئاژەڵ، رۆن، برنج، شەکر).. هتد.

ماڵی زاوایش هەر یەکە دەستەسڕێکیان بەدیاری پێشکەش دەکردن لەگەڵ چنگێ نوقڵ و چوکلێتدا ئەمەش پارچە شیعرێکی فۆلکلۆرییە بە ناونیشانی بووکانە بووکانە بووکێ، لە کاتی خۆی لە خوشکە وازیح رەحیم خانە وەرگیراوە کە دانیشتووی تۆپزاوەیە:

بووکانە بووکانە بووکێ
بووک ئێمە چەند جوانە بووکێ
بووک ئێمە بووک نییە بووکێ
سەر تا پێی قوتنییە بووکێ
بووکمان هاورد لە دوورەوە
وە تورمەی زەردو سوورەوە
ماینێ بێنن ناڵکەن بووکێ
بووکێ بێنن سوارکەن بووکێ
بووکێ ئێژێ نابم سوار
هەتا زاوا نەبێ دیار
ئەو جێ بووک لێی شوشتن بووکێ
ساوین بە جێ هێشتن بووکێ



دایک بووک خۆی کوشتبوو بووکێ
هە دەر نایە هە دەر نایە
هەرچەند ئەکەین بووک دەرنایە
بە سەرو ماڵ بۆمان دەرنایە
بووکانە بووکانە بووکێ
بووک ئێمە چەند جوانە بووکێ

## پرسە و شیوەن:

* زووتر هەر کەسێک بمردایە بۆ ماوەی (٧) رۆژ پرسەیان بۆ دەگرتەوەو خەڵکی ئاوایی و گوندەکانی دەوروبەر بۆ سەرە خۆشی دەهاتنە لایان، خاوەن پرسە رەشماڵی هەڵدەدا، پیاو بۆ لای پیاو دەڕۆیی، ژنیش بۆ لای ژن، خێری شەو شام و هەفتەو چلەو سەر ساڵییان بۆ دەکرد، لەو رێورەسمانەدا چەند ئاژەڵێکیان سەر دەبڕی و خەڵکی ئاوایی لەوێ نانیان دەخوارد.. ئەو کاتەی مردووەکانیان دەربکردایە سێ جار مردووەکەیان بە دارە تەرمەکەوە دادەنا و هەر جارەی نانێکیشیان لە پێشیدا دادەنا، بۆ ئەوەی دراوسێکان گەردنی ئازاد بکەن و نانەکەش لەبەر ئەوە بوو گوایە لەو کاتەدا سێ سەگی هەوشاری لە غەیبەوە دێن و دەیانەوێ هەڵمەتی مردووەکە بدەن، جا لەبەر خاتری ئەو نانانە لێی دوور دەکەونەوە، پێش ئەوەی تەرمەکە بگاتە سەر قەبر حەلوا یا خورمای خەستەوییان دەبردە سەر قەبران و لەوێ دابەشیان دەکردە سەر ئامادە بوواندا، ئێستا ئەو نەریتە نەماوەو بە نارەوای دەزانن، ماوەی پرسەش بووەتە سێ رۆژ. زووتر تا پەنجاکانی سەدەی رابردوو بۆ هەندێ مردوو

کۆتەڵیان دەبەست و چەمەرییان بۆ دەگێڕا بە تایبەتی بۆ گەنج و زاوا و بووک و پیاوە ئازا و جوامێرەکان، کۆتەڵکۆ ئەوەیە دوو داریان دەهێنا چەپ و راست دەیانبەست و پۆشاکی مردووەکەیان دەکرد بەسەرداو بە شیوەن و گریان و دەهۆڵ و زوڕناوە بە نێو ئاواییدا دەیانسووڕاند، دەهۆڵکوت و زوڕنا ژەنەکە ئاوازێکی حەزینیان دەژەنی تایبەت بوو بۆ مردوو، پێیان دەوت: (چەمەری)، ئەگەر مردووەکە خاوەن ئەسپ بوایە، ئەو کۆتەڵەیان دەخستە سەر ئەسپەکە و تفەنگەکەشیان لە پێشیدا دادەنا، یان ئەو کۆتەڵەیان لە نێو حەوشەدا دادەناو بە دەوریدا شیوەنیان دەگێڕا، ئێستا لەم رۆژگارەدا ئەم نەریتە بۆ یەکجاری نەماوە.

ژنێک سەر شیوەن دادێنێ و هەر جارەی ناوی کەسێک لە مردووەکانی ئەو ژنانە دێنێ بۆ ئەوەی زیاتر جۆش بدات بە شیوەنەکە و ژنەکانیش بە کوڵ بگرین، ژنان وەکو کۆرس رستەی (هەیوەی شێرە) بۆی دەسێننەوە هەر ژنێکیش لەو کاتەدا بێت سەری خۆی پەتی دەکاو بە دەم ویقەو هاوار کردنەوە پرچی خۆی رادەکێشێ و جار بە جاریش بە هەردوو دەس دەدا بە تەپڵی سەری خۆیدا، چەند ئافرەتێکیش لە خزمی مردووەکە بە ویقە کردن دەچن بە پیرییەوەو پێشوازی لێ دەکەن و ناوی مردووەکانیشیان دەهێنن.

ئەمەش نموونەیەکە لە گۆرانی شیوەن کە لە ئامۆژن (سەعدییە عەلی مەلا وەهاب) وەرگیراوە:

وای لەو شێرە شێری قەوی – هەیوەی شێرە
دای لە زەوی نرکەی نەوی – هەیوەی شێرە
چەو دەشت سەحرا تۆزێ ورێزا – هەیوەی شێرە





وای لەو شێرە کەفت ورنێزا – هەیوەی شێرە
خۆتان بکوژن هەر ئیمرۆیە – هەیوەی شێرە
رۆڵە رۆیە، رۆڵە رۆیە – هەیوەی شێرە

ژنان لە دوای ئەوەی تاوێ شیوەن دەکەن و هەست بە هەندێ ماندوو بوون دەکەن، ئنجا لە شیوەن دەبنەوەو هەموویان بە شێوەیەکی بازنە بە کۆمەڵ دادەنیشن، ئافرەتێکی دەنگخۆشیش بە ئاوازێکی خۆش و حەزین دەلاوێنێتەوەو شیعریش لەبەر بۆیان دەخوێنێتەوە، ژنانی دەورو بەریشی لەگەڵیدا دەست بە نووکە نووک دەکەن و دەگرین..

ئەمەش چەند نموونەیەکە لەو شیعرانە:

ئەگەر ئەپرسی لە حاڵ دەردم
گریانت مەیەو پەی رەنگ زەردم
ئەڵێن لەو ژویرە بگیر بگیرە
چینێ کوژیایە چینێ یەخسیرە
*
برێ یەتیم دیم وێڵ و سەرگەردان
لە تاو بێ دایکی دەس لە یەک وەردان
*
برایەکم گەرەک لە دایکی خۆم بێ
شیر دایکم بخوا دا رەحمی بۆم بێ
*
یانەی براکەم وەرانوەرم بۆ
چراش بگریۆ سۆمای چەمم بۆ
*

برا بێرەوە لە کێ ترستە؟
عەشرەت وە جارێ هەواڵ پرستە
*
باریکە تەرمێ دای وەم بەردەمدا
هەر چییە خێشەن بدان وە سەردا
*
کافر مەمکوژە خۆ من کوژیامە
دوو برا وە جارێ شەهید کریامە

لە تۆپزاوەدا ئەم ژنانە لە بواری سەر شیوەن دادان و لاواندنەوەدا شارەزاو دەنگیشیان خۆشە: (مەلەک زەینەڵ خدر، شوکریە مەدحەت، پوورێ مینا وارانی، نەجمە مورتەزا عەبدەلی، رەسمیە حوسێن فەتحی).

## جۆری چێشت و خواردەمەنییە فۆلکلۆرییەکانی تۆپزاوە:

– ئەمەش برێ لە ناوی ئەو خواردنە فۆلکلۆرییە کۆنانەیە کە ژنانی گورج و گۆڵی تۆپزاوە بە جۆرێ چاک، بەتام و چێژ ئامادەی دەکەن:

«ساوەر، ترخێنە (دۆینە)، هەڕشتە، یاپراخ، گەنمەکوتاو، نیسکێنە، ماش، قەرەخەرمان، سەروپێ، قاورمە، کاروان ئاشی، ترشاو، قنگر، تۆڵەکە، پەڵپینە، پاقلە، هاز (کاردوو)، چنگاڵ، سلقەوا، قەیسی، خورما بە کونجی، دۆشاو و رۆن، خورما بە رۆن، حەلوا، مرخاو، تەماتە و بامیە» و هی تریش.



## گوڵە رەنگاو رەنگەکانی بەهار:

– ئەم گوڵە رەنگاو رەنگانە لە وەرزی بەهار لە دەوروبەری تۆپزاوەدا دەڕوێن و ئەو ناوچەیە بە بۆن و بەرامە و رەنگ دەڕازێننەوە: «گوڵە نێرگز، بەیبوون، گوڵە زەردە، گوڵە سوورەی نیسان، کەلاّو سوورە (شەواڵە سوورە)، بزن تڕێنە، لاولاو، گوڵە خاتوونە، گوڵە تەرعۆزیلە، شەوبۆ، هێرۆ، کنێرە، وێنجە، بۆتسکە، هەروەها گوڵە پایزەشمان هەیە» و بە دەیانی تریش.

## تەمەن درێژەکان:

* ئەم دوو دیدە ساڵە لە ئاواییەکەدا تەمەنی هەریەکەیان (١٣٣ – ١٤٠) ساڵ بوو.

١– دەروێش ئەحمەد قۆچاغلی (١٨٣٧ – ١٩٧٠ ی ز.) ئەم زاتە پیاوێکی زۆر لەسەرخۆ و هێمن بوو بۆیە لەناو خەڵکیدا بە ئەحەی دەنگنەکەر ناسرابوو.

٢– مەحموود عەلی (١٨٤٦ – ١٩٨٦ ی ز.)، لەبەر بچووکی و کورتە بالاّیی بە مەحمووده گەنە ناسرابوو، پیاوێکی گورج و گۆڵ و ئازا بوو، هەمیشە خەنجەرێکی دەبانی بە قەدەوە بوو.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

١- داقووق – ئەم شارۆچکەیە دەکەوێتە سەر رێگای کەرکووک و بەغدا، لە کەرکووکەوە (٤٥) کیلۆ مەتر دوورە، ناوی بە (دەقوقا)و (تاوغ) هاتووە، منارەیەکی لێیە بەرزاییيەکەی (٧) مەترە، بە بەردی سوور بۆ بانگدان دروست کراوە، هی سەردەمی عەباسییەکانە، بە فرمانی سوڵتان موزەفەرەدین بینا کراوە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە گۆڤاری کۆڕی زانیاری ئێراق دەستەی کورد بەرگی / ١٠ – ساڵی ١٩٨٣ ی ز. ل ٣٦٩ (داقوق – دقوقاء في التاريخ) لە نووسینی مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی.

٢- لاسین: شوێنەوارێکی کۆنی مەسیحییەکانە بە ناوی (لاشوم)، دەکەوێتە خۆرئاوای داقووقەوە بە (٨) کیلۆ مەترێک، لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەهەم کاکەییيەکان بە سەرۆکایەتی سەیید خەلیل ئاغا ئاوەدانیان کردووەتەوە، لە ساڵی (١٩٠٣ ی ز) بۆ جارێکی تر چۆڵ کرا، ئێستا ئەو شارە دێرینە تەنیا ئاسەوارەکەی ماوە. بۆ بەدەس هێنانی زیاتر زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە سەرچاوەی پێشوو – جەمیل رۆژبەیانی. لە شیعرێکی فۆلکلۆریشدا بەم جۆرە ناوی هاتووە: (تەپەکەی سەلیم مۆڵ ئەخواتەوە.. یارم لە لاسین پێچ ئەکاتەوە) یان: (رێگەکەی لاسین هەر وردە بەردە.. یارێکم هەیە وەک ئاسکی هەردە).

٣- مەتیق: گوندێکی کاکەیی نشینە، دەکەوێتە رۆژئاوای داقووقەوە بە (٧) کیلۆ مەترێک بەعسییە ئەفلەقییەکان لە ساڵەکانی هەشتای سەدەی رابردوو کاولیان کردو بە نیازی تەعریبکردن برێ خێزانی عەرەبیان لێ نیشتەجێ کرد، لە پاش پرۆسەی ئازادی دانشتوانی پیاوانە ئاوەدانیان کردەوە.

٤- عەلیسەرا: دێیەکی جوانکیلەی کاکەیی نشینە، دەکەوێتە خۆرنشینی داقووقەوە بە (١٢) کیلۆ مەترێک، زووتر وێستگای شەمەنەفەری لێ بوو، مخابن لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی رابردووەوە بەعسییە گێرە شێوێنەکان زۆربەی زەوی و زاری جووتیارەکانیان دا بە عەرەبەکان، بۆیە زۆربەی جووتیارەکانی ئەم ئاواییيە ئاوارە بوون و روویان کردە کەرکووک و شوێنی تر.

٥- عەلوەتپاشا: گوندێکی بچکۆلانەیە (لهێب)یشی پێ دەڵێن، دەکەوێتە خۆرئاوای داقووقەوە بە (١٤) کیلۆ مەترێک، تەنیا کوڕو برازاکانی سەیید وەڵەد عەباس



قەڵخانلوی لێی نیشتەجێن، بەعسییەکان بە نیازی تەعریبکردنی چوار دەوریان بە عەرەب تەنیوە.

٦- عەرەبکۆیی: گوندێکی خۆش و دڵگیری کاکەیی نشینە، لە ساڵی ١٨٨٥ ی ز. سەیید رۆستەم ئاغا (١٨٥٧ – ١٩١٩) کوڕی سەیید محەمەد کوڕی سەیید ئیبراهیم ئاغا بە ناوی رۆستەمئاواوە ئاوەدانی کردووەتەوە، لە پاشاندا عوسمانییەکان ئەو ناوەیان بۆ هەڵبژارد چونکە گوندێکی (٣ – ٤) خێزانی لە پێش ئەمدا بە ناوی (عەرەبکۆیی)یەوە هەبوو بە (٥٠٠) مەترێک لە خوارووی رۆستەمئاواوە بووە، لە پاش چەند ساڵێک ئەوانیش خزانە نێوی رۆستەمئاواوە، بەڵام ناوی (عەرەبکۆیی) بڕا بە باڵایا و ئیتر لێی نەبووەوە. رۆستەم ئاغا یەکێک بووە لە سەرەک هۆزە هەرە بەناوبانگەکانی ئەو رۆژگارەی کاکەیی، بە جوامێری و چاوتێری ناسراوە.

عەرەبکۆیی دەکەوێتە خوارووی داقووقەوە بە (١٢) کیلۆ مەترێک، بەعسییەکان بە نیازی تەعریبکردن لە ئاخرو ئۆخری هەفتاکانی سەدەی رابردوو برێ خێزانی عەرەبیان لێ نیشتەجێ کردووەو تا نووسینەوەی ئەم بابەتە هەر ماون، زۆریش لە جووتیارەکانی ئاواییيەکە دەربەدەر کراون و تا ئەمڕۆیش نەگەڕاونەتەوە.

٧- تاڵەبانی: بنەماڵەیەکی کوردن، بە رەگەز دەچنەوە سەر هۆزی (زەنگنە)، باپیرە گەورەیان ناوی مەلا مەحمودی زەنگنە بووە، لە دەڤەری داقووقدا تەنیا شێخەکانیان تاڵەبانین، دانشتوانی گوندەکانیان لەم هۆزانە پێک هاتوون: (زەند، لوڕ، لەک، گۆمەیی، چۆڵمەکی).

٨- سەیید خەلیل ئاغا: کوڕی سەیید محەمەد کوڕی سەیید ئیبراهیم ئاغایە، نەوەی ناوداری پایە بەرزی کاکەیی سەیید (شا ئیبراهیم) بەغدادییە، لە ساڵی (١٨٥٦ ی ز.) لە شاری کەرکووک هاتووەتە جیهان، پیاوێکی داناو ئاقڵ و وریاو ئازاو سوار چاک بووە، خوێندەوارییەکی چاکی هەبووە، لە دەوری سوڵتان عەبدولحەمید کراوەتە ئەندامی (دادگا) لە کفری، یەکێکە لە سەرەک هۆزە بەناوبانگەکانی کاکەیی لە ئێراقدا، لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەهەم دەورێکی باڵای بینیوە لە کۆکردنەوەی کاکەیی لە دەڤەری داقووقدا، لە ساڵی ١٩١٥ ی ز. لە شەڕی شعێبە دژ بە بەریتانیای داگیرکەر بەشداری کردووە،

پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ شێخ مەحموودی نەمرا هەبووە، لە ژیانیدا پێنج ژنی خواستووە، بەرهەمی ئەم هاوسەرانەی پێنج کوڕ بووە (مستەفا، فەتاح، نەجمەدین، جەمال، کەریم)، لە ساڵی (١٩٣٢) گەڵای ژیانی هەڵوەری و لە گۆڕستانی ئیمام ئەحمەدی کاکەیی لە کەرکووک سپاردەی گڵ کراوە.

٩- بڕوانە دیوانی شاعیری چەوساوەکان خەلیل منەووەر - هەردەوێڵ کاکەیی - چاپخانەی ئاراس - هەولێر / ٢٠٠٦ - ل / ٣٢٤

١٠- سەیید: تیرەیەکی وەجاخزادەی کاکەییە، لەگەڵ سەییدە بەرزنجییەکاندا لە شێخ عیسی و مووسی دا یەک دەگرنەوە.

١١- باوە: تیرەیەکی وەجاخزادەی کاکەییە، ئەوەی ئیفلیج بێ یان مارو دووپشک پێوەی بدات، یان سەگی هار بیگەزێ بە خێرایی دەیبەنە تەکیەی (باوە).

١٢- سەرچاوەی پێشوو - هەردەوێڵ کاکەیی.

١٣- سەرچاوەی پێشوو - هەردەوێڵ کاکەیی - ل / ٢٥٢

١٤- بڕوانە کۆمەڵە شیعری مەلا عەباس حیلمی - هەردەوێڵ کاکەیی - بەغدا / ١٩٨٤ - ل / ١٤٢، ١٥٣، ٢٠٥).

١٥- جینگڵاوە: ناوە راستەقینەکەی (عەدنانیە)یە و ئەم ناوەی فەرامۆش کراوە، لە ساڵی (١٩٣٨ ی ز)دا سەیید فەتاح ئاغای کاکەیی بە ناوی عەدنانی کوڕیەوە دروستی کردووە، دەکەوێتە باکووری دێی عەلیسەراوە بە (٤٠٠) مەترێک، ئێستا تەنیا ئاسەوارەکەی ماوە، لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو دانشتوانی کە بریتی بوون لە (١٠ - ١٢) خێزانێک ئاوارەی گەڕەکەکانی کەرکووک بوون.

١٦- هەڵبژاردەیەک لە هۆنراوەی فۆلکلۆری ناوچەی گەرمیان بەرگی / ٢ - لەتیف گلی و هەردەوێڵ کاکەیی - بەغدا / ١٩٩٥ ل (٢٦، ٤٤).

١٧- هەڵبژاردەیەک لە هۆنراوەی فۆلکلۆری ناوچەی گەرمیان بەرگی / ٣ - ئیبراهیم باجەڵان و هەردەوێڵ کاکەیی - سلێمانی چاپخانەی شڤان / ٢٠٠٤ ی ز - ل / ٧

١٨- مام: کورتکراوەی (ئیمام)ە، تیرەیەکی وەجاخزادەی گۆرانی کوردن، کاکەییەکانی ئێران پێیان دەڵێن: (کاکی).

١٩- ئۆمی: واتە (عامی)، ئەم تیرەیە لە تۆپزاوەدا بریتین لەم بنەماڵانە (لەک،



بەرەی جەژنی، ئەحمەدە کۆر، بەرەی شەشە، قەرەسەنی، بەرەی شاواز، جاف، کەوەڵەیی).

٢٠- فەتاح ئاغا: کوڕی سەیید خەلیل کوڕی سەیید محەمەد ئاغایە، ناوە راستەقینەکەی (عبد الفتاح)ە لە ساڵی (١٩٠٢ ی ز)دا - لە ئاواییی (لاسین) هاتووەتە دنیا، لە ساڵی (١٩٣٢ ی ز) لە پاش مردنی باوکی بووەتە سەرەک هۆز، مرۆڤێکی پیاوانەو جوامێرو ئازا بووە، میوان دۆست و چاو تێر، قسەزان و وریا بووە، هەرچەندە نەخوێندەوار بووە بەڵام دەستەی رۆشنبیرو شاعیران و هونەرمەندانی خۆش ویستووە، لە ساڵی (١٩٤٤ ی ز)دا کە رەزامەندی پەروەردەی ئەو سەردەمەی وەرگرتووە بۆ دامەزراندنی قوتابخانەی سەرەتایی لە ئاواییەکەدا، وەکو دیدە ساڵەکان دەگێڕنەوە ئاغایەکی دەورو بەری خۆی پێی وتووە: (ئاغا تۆ نیازت وایە هەر هەموو منداڵانی کاکەیی فێری خوێندەواری ببن و لە پاشەڕۆژدا وەکو خۆت فەرمووت ببنە فەرمانبەری فەرمانگەکان و مامۆستاو ئەندازیارو ئەفسەر، ئەی ئەو کاتە کێ لە دیوەخانەکەتدا خزمەت دەکاو ئاو دەکا بە دەستی خۆت و میوانەکانتا)؟

ئاغا لە وەڵامیدا دەفەرمێ: بریا پێش مەرگم ئەو خەونەم دەهاتە دی و بە چاوی خۆم دەمبینی دەستەیە لە مامۆستایان و ئەندازیاران و فەرمانبەرانی کاکەیی دەهاتنە دیوەخانەکەم، شەرتە ئەو کاتە کەس نەبێ خزمەتیان بکاو ئاو بکا بە دەستیاندا خۆم بە شانازییەوە بەو ئەرکە هەستم.

فەتاح ئاغا لەگەڵ زۆربەی وەزیرو ناودارانی دەوڵەت و سەرەک هۆزەکانی دەڤەری گەرمیاندا پەیوەندی و دۆستایەتی هەبووە، زۆربەی زۆری سامانەکەی لە پێناوی چاکەو پیاوەتی و لە رێی خوا خەرج کردووە، گەلێ زەوی و زاری هەبووە بەڵام کاتێ کە مرد یەک تاکە دیناریان لە گیرفانیدا دۆزیوەتەوە، شایانی وتنە لە سەردەمی ئەمدا کاکەیی لە ناوچەکەدا بووژاوەتەوە، هەر بە هۆی ئەمەوە کاکەیی زیاتر ناسرا و ناوی کەوتە ناوانەوە، بە یەکێ لە ناودارانی بەناوبانگی کوردو کاکەیی لە دەڤەری گەرمیاندا دەژمێردرێت، بە مردنی نەک تەنیا کاکەیی بەڵکو سەرجەم خەڵکی ناوچەکە خەساریان کرد، چونکە بۆ هەر هەموویان چاک بوو.

لە ساڵی (١٩٣٥ ی ز) لەگەڵ حەمدیەی کچی شێخ عەلی عەبدوڵڵای قەرەداخی

زەماوەندی کردووە، لەم ژنە شەش کوڕی بووە (عەدنان، قەحتان، ئەرجومان، سەرتیپ، ئەدیب، وریا).

سەیید فەتاح لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفیدا دۆستایەتی هەبووەو یەکیان خۆش ویستووە.

لە ساڵی (١٩٤٨ ی ز)دا بەشداری کردووە لە کۆبوونەوەی سەرەک هۆزەکانی ئێراق لە شاری (حیللە).

لە (١٩٥٤/٢/٢٠ ی ز)دا – لە تەمەنی (٥٢) ساڵیدا فرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە و لە گۆڕستانی ئیمام ئەحمەد لە کەرکووک بە خاک سپێردراوە، خوا بە بەهەشتی بەرینی ببەخشێت.

٢١– حەواشەکان: بریتییە لە چەند حەوشێک و چەند گومەزێک لە سەییدەکانی (ئەبو خومرە) و گۆڕستانێک، کاکەییەکانی کەرکووک و دەورو بەری بە شێوەیەکی گشتی مردوویان لەوێ بە خاک دەسپێرن، لە خوار دێی عەلیسەراوەیە بە (٣٠٠) مەترێک، دەکەوێتە ڕۆژئاوای داقووقەوە بە (١٢) کیلۆ مەتر.

٢٢– ئیمام ئەحمەد – ئەم زاتە کوڕی میرەبەگ کوڕی سەیید شا ئیبراهیمی کاکەییە، لە سەدەی هەشتەمی کۆچی ژیاوە، لە شاری کەرکووک لە گەڕەکی چای کۆچی کردووەو هەر لەوێیش سپاردەی خاک کراوە، کاکەییەکانی ئێراق لە هەموو شوێنێکەوە دێنە زیارەتی ئەم زاتە مەزنە.

٢٣– گۆڕستانی شێخ ئیبراهیم، گۆڕستانێکی زۆر کۆنە، ها بەسەر گردێکەوە، دەکەوێتە خۆرنشینی داقووقەوە بە (٧) کیلۆ مەترێک، گومەزی پیاو چاکێکی لێیە بە ناوی شێخ ئیبراهیم، زووتر کاکەییەکان و خەڵکی گوندەکانی دەورو بەری ئەم گۆڕستانە، ڕۆژانی جەژنان و بەهاران بۆ سەیران دەهاتنە دەورو بەری گومەزی ئەم پیاو چاکە.

٢٤– شا ئیبراهیم: کوڕی سەیید محەمەد کوڕی سوڵتان ئیسحاق کوڕی شێخ عیسی بەرزنجییە، گومەزەکەی لە بەغدا لە گەڕەکی شێخ عومەردایە، لە سەدەی هەشتەمی کۆچی ژیاوە، لە سەردەمی ئەم زاتەدا کاکەیی لە ئێراقدا بووژاوەتەوەو پەرەی سەندووە، لە بەغدا دانشتووەو هەر لەوێیش کۆچی دوایی



کردووەو سپاردەی خاک کراوە، لە ساڵانی (٢٠٠٢ – ٢٠٠٣ ی ز) سەیید عەدنان کوڕی سەیید فەتاح ئاغا (١٩٣٧ ی ز – ) لەسەر ئەرکی جوانە مەرگ میدیای برازای – لەسەر وەسیەتی خۆی گومەزەکەی بە شێوەیەکی زۆر جوان و ڕێکوپێک نوێ کردەوە، کاکەییەکان لە هەموو شوێنێکەوە دەچنە زیارەتی ئەم زاتە مەزنە.

٢٥– عەبدوڵڵا غانم: گوندێکی کورد نشینە، سەر بە شێخەکانی تاڵەبانییە، دەکەوێتە باکووری خۆرنشینی داقووقەوە بە (٩) کیلۆ مەترێک.

٢٦– شبێچە: گوندێکی عەرەب نشینە، دەکەوێتە خوارووی شاری کەرکووکەوە.

٢٧– زەنقەر: گوندێکی کورد نشینی کاکەییە، دەکەوێتە خۆرئاوای داقووقەوە بە (١٤) کیلۆ مەترێک.

٢٨– تەپەی عوزێر: ئەم گردە دەکەوێتە خوارووی دێی زەنقەرەوە، کوێخا عوزێر کوڕی ئەحمەد قەیتاس (١٨٥٧ – ١٩٢٦ ی ز) قەڵایەکی لەسەر ئەم گردە دروست کردووەو لێی نیشتەجێ بووە، بۆیە خەڵکی ئەو سەردەمە ئەم ناوەیان بۆ گردەکە هەڵبژاردووە.

٢٩– شاعیر و ناودارانی کاکەیی – هەردەوێڵ کاکەیی – هەولێر / ١٩٩٠

٣٠– دیوانی میرزا خەلیل منەووەری کاکەیی – هەردەوێڵ کاکەیی – هەولێر / ٢٠٠٦ – دەزگای ئاراس. ل / ٣٨٢

٣١– دیوانی میرزا خەلیل منەووەری کاکەیی – ل / ٣٥٤

٣٢– گۆڤاری ڕەنگین ژمارە (٨٤)ی ساڵی ١٩٩٥ – ل / ٣٣ – فەتاح مورشد کاکەیی.

٣٣– بۆ ناوەکانی تۆپزاوە بڕوانە (أصول أسماء المدن والمواقع العراقية – الجزء الاول – المحامي جمال بابان) بەغدا / ١٩٨٩ – ل (١٩٣ – ١٩٤).

٣٤– ئیمام زەینەلعابەدین: (٣٨ – ٩٥ ی ک)، نازناوی عەلی کوڕی حوسێن کوڕی ئیمامی عەلییە لە مەدینە سپاردەی گڵ کراوە، گومەزی ئەم زاتە نەزرگایەکی ئەوی لێیە، دەکەوێتە ڕۆژ هەڵاتی داقووقەوە بە چەند کیلۆ مەترێک، لەسەر گردێکە بەرزاییەکەی (٥٠) مەترەیە، خەڵکی لە هەموو شوێنێکەوە دەچنە زیارەتی، لە جەژنی نەورۆزدا خەڵکی بۆ سەیران لە دەورو بەری کۆ دەبنەوە و

بووەتە سەیرانگای دەڤەرەکە.

٣٥- هەڵبژاردەیەک لە هۆنراوەی فۆلکلۆری ناوچەی گەرمیان بەرگی/ ٢ - ١٩٩٥ - ل / ٩

٣٦- کۆمەڵە شیعری مەلا عەباس حیلمی - هەردەوێڵ کاکەیی - بەغدا / ١٩٨٤ - ل / ٣٧٠

- هەروەها لەم پیرەمێردانەش زانیاریمان بەدەست هێناوە.

١- سەیید عەدنان فەتاح ئاغا (١٩٣٧ - ).

٢- رەشید یادگار مستەفا (١٨٩٤ - ١٩٩٢ی ز)، بەهەڵە لە شوناسنامەکەی نووسراوە (١٩٠٠ی ز).

٣- محەمەد عەلی هاجەر (١٨٩٤ - ١٩٨٩/٨/٨ی ز.).

٤- سەیید سابیر حەموود (١٩٠٧ - ١٩٨٨ی ز).

٥- دەروێش ئەحمەد رەزا (١٩١٧ - ٢٠٠٢ی ز).

٦- رەشید خدر عەزیز فەیسەڵ ( ١٨٨٧ - ١٩٧٦ی ز).

٧- مام حەسەن مام عەلی (١٩٠٧ - ١٩٨٢ی ز).

٨- مامۆستا حاتەم سەعید ئەحمەد (١٩٣٤ی ز - ١٩٩١/٣/٢ی ز).

٩- مامۆستا خەزعەل رەشید یادگار (١٩٣٤ی ز -) هەروەها گەلێ دیدە ساڵیش تریش.



## فەرهەنگۆکی شیعر و پەند و مەتەڵەکان

ئاورایی: برسێتی

ئایل: منداڵ

ئیستینطاق: دەمەتەقێ

بژنەودێ: گوێ بگرن

بساندێ: بکڕن

تورمە: تارا

تەوق دووهاچە: تەوقی دوو فیلچقانە، لە دۆزەخدا دەکرێ بە ملی گوناهباران

چە: جە، لە، ژە

چەپاو: تاڵان

چەم: چاو

چی: لەم

خەیلێ: زۆر

دما: دوا

دەردەست: دەستبەجێ

رەشبگیر: هەموو کەس بۆ شەڕ ناردن

زایەڵە: دەنگی شین و گریان، دولگە

زەبیتە: ئەفسەر

زەن: ژن

شەبەیخوون: پەلاماری شەوان بۆ سەر دوژمن

فەرزەن: منداڵ

قەشقە: قشڵە، هۆڵی نووستنی سەربازان بە کۆمەڵ

قنیات: خواردنی کەم

گردەکان: گوێز

گۆش: گوێ

گۆگجە: ئاڵووچە زەردە، ئاڵوەز

گوڵبانگ: بانگی بڵند، دەنگی سەرباز لە کاتی جەنگ و شەڕدا

گەدا: سواڵکەر

مەواچە: مەڵێ

نامش: نێوی، ناوی

نمەگێرۆ: ناگرێ

نەزانام: نەمزانی

نەهاستن: نەهێشتن

نیل: خوم، بۆ رەنگ کردنی پۆشاک بە کاردێ، رەنگێ شینی هەیە

وەرانوەر: بەرامبەر

وەرم: خەو

ویر: هزر، بیر

وێشان: کۆی وێش: خۆی

وێم: خۆم

هامسا: دراوسێ، هاوسێ

هەر: گوێدرێژ، کەر

هەنەن: هەیە

یەغما: تالان

یەو: جۆ



## پێڕست


پێشەکی ........ 5

چۆن وە کەی تۆپزاوە بیناکراوە؟ ........ 7

ناوی تۆپزاوە لە چییەوە هاتووە؟ ........ 8

ئەو خێزانانەی کە لە دامەزراندنی ئاواییەکەدا بەشدار بوون ........ 11

بنەماڵەکانی ئاوایی ........ 11

خانووەکانیان ........ 13

فەتاح ئاغاو چالاکییەکانی لە بواری نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی و بیناسازیدا ........ 13

دیوەخان و کۆشک و تەلار ........ 13

قوتابخانە ........ 14

قوتابخانەی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری ........ 15

بنکەی تەندروستی ........ 16

بیری ئاو ........ 16

خانووی برینپێچ و مامۆستاکان ........ 17

مزگەوت ........ 17

دەزگای ئاش ........ 18

تەلەفۆن ........ 19

کارەبا ........ 19

یەخچاڵ ........ 19

ئۆتۆمبیل ........ 19

رادیۆ ........ 20

ئامێری جووتکردن ........ 20

تەلەڤزیۆن ........ 20

گۆڕستانی دانیشتوانی تۆپزاوە ........ 20

رۆشنبیرو ناوداران و پیاو ماقووڵانی تۆپزاوه ..... 21
رۆشنبیرو کەسایەتی و پیاو ماقووڵانی ئەمڕۆی تۆپزاوه ..... 28
پزیشک و برینپێچەکان ..... 34
مامۆستاکان ..... 34
حیکایەتخوان و قسە خۆشەکان ..... 35
مۆسیقا ژەن و دەنگ خۆشەکان ..... 38
ئەو ناودارانەی تەشریفیان هێناوەتە تۆپزاوه ..... 41
ئەو چۆرتم و کێشانەی کە تووشی دانیشتوانی تۆپزاوه بوون ..... 48
شەهیدەکان ..... 57
جل و بەرگ ..... 59
ئایا لە کوردستاندا ئاوایی تر بەم ناوەوە هەیە؟ ..... 62
دەروێشەکان ..... 62
جەژنی نەورۆزو خەڵکی ئاواییی تۆپزاوه ..... 63
راوچییەکان ..... 65
تەونکارەکان ..... 66
جەڕاحەکان ..... 67
لە بواری بیناسازیدا ..... 67
یارییە فۆلکلۆرییەکان ..... 67
سەیرانگا ..... 68





پەندی پێشینان ..... 69
مەتەڵی فۆلکلۆری ..... 71
دابونەریت ..... 72
شایی و زەماوەند ..... 74
پرسەو شیوەن ..... 77
جۆری چێشت و خواردەمەنییە فۆلکلۆرییەکانی تۆپزاوه ..... 80
گوڵە رەنگاو رەنگەکانی بەهار ..... 80
تەمەن درێژەکان ..... 81
پەراوێز و سەرچاوەکان ..... 83

# ئەلبوومی وێنەکان